# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان




**بە بۆنەی شەوی یەڵدا و ساڵرۆژی لە دایک بوونی د.قاسملو لە لایەک و هەروەها ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان لە لایەکی دیکە، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکێشی خوێەرانی «کوردستان» و هەموو هۆگرانی بیر و باوەڕو ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنەی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان دەکەین.**

**بەڕێوەبەران و کارگێڕانی «کوردستان»**




دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | چوارشەممە ٢ی بەفرانباری ١٣٩٤ ـ ٢٣ی دیسامبری ٢٠١٥ | ژمارە: ٦٧٠ | www.kurdistanukurd.com


# ڕۆژهەڵاتییەکان لە ٨٥ ساڵەی لە دایکبوونت دا، وەفای خۆیان سەلماندەوە




شەوی یەلدا، یەکەم شەوی وەرزی زستان کە ئێرانییەکان بە گەرمی و بە ڕێورەسمی تایبەتەوە پێشوازیی لێ دەکەن، لە نێو کوردان بە تایبەتی کوردانی ڕۆژهەڵات، ڕێز و خۆشەویستییەکی زیاتری هەیە.

شەوزستانی ١٣٠٩ی هەتاوی(٢٢ی دیسامبری ١٩٣٠) لە گوندی قاسملووی ناوچەی ورمێ، کۆرپەیەک لە دایک بوو کە دواتر لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بووە خاوەنی جێگە و پێگەیەکی بێ وێنە. د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە شەوزستانی ئەمساڵ، ٨٥ ساڵەی لە دایکبوونی بوو، لە نێو نەتەوەکەی بە گشتی و بە تایبەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هۆگرانی بێ ئەژماری حیزبی دیموکرات دا، ڕێز و خۆشەویستییەکی بێ سنووری هەیە.

ئەو توانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕووی بەرنامە و قەوارەی ڕێکخراوەیی و تێکۆشانی سیاسییەوە، وەها نۆژەن بکاتەوە کە توانای ڕێبەریکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی تێدا پێک بێ. ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە ناساندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکەی و پرسی ڕەوای کورد بە کۆڕ و کۆمەڵی جیهانی. ڕێگا و ڕێبازێکی پێشکەوتوانە، ئەمرۆیی و دیموکراتیکی خستە پێش حیزبەکەی و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات. زۆر پرەنسیپی مودێڕنی هێنایە نێو خەباتی ئازادیخوازی و سیاسەتی کوردی. هەر بۆیە بوو بە یەکێک لە خۆسەویستترین سەرکردە و ڕێبەرانی کورد.

ئەمساڵ، ڕێوڕەسمی شەوی یەلدا لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵات و لە نێو ڕۆژهەڵاتییەکانی دەرەوەی وڵات، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەر وەها لە نێو ماڵ وبنکە و بارەگاکانی دیموکراتەکان و تەنانەت لە نێو سەنگەرە چیاییەکانی هێزی پێشمەرگەی دیموکرات، بە شێوەیەکی بەرچاوتر بەڕێوە چوو. هۆگران و ئەویندارانی ئەو ڕێبەرە لێهاتووە، لەم بۆنەیە دا بە ڕێزەوە یادی هزر و ئەندێشە و تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو ڕێبەرەیان کردەوە و وەفاداریی خۆیان بە ڕێگا و ئامانجەکانی دووپات کردەوە.

## هەڵوێستمان بەرامبەر ڕووداوە خوێناوییەکانی ئەم دواییانەی باکووری کوردستان

بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ دەچێ زنجیرەیەک ڕاپەڕینی خەڵکو بەرەنگاربوونەوەی هێزە چەکدارەکانی تورکیە، چەند شارێکی باکووری کوردستانیان گرتووەتەوە.

ڕووداوە خویناوییەکانی ئەم دواییەی باکووری کوردستان، دوای ئەو ڕەوشە نوێیە ڕوو دەدەن کە لە نێوەڕاستەکانی هاوینی رابردووەوە، بە سەر پێوەندیی نێوان دەوڵەتی تورکیەو کوردەکان لەو وڵاتەدا، زاڵ بۆتەوە. وەک دەزانین لە هاوینی ڕابردووەوە، ڕەوتی ئاشتیو دیالۆگ کە ماوەی دوو ساڵو نیو بوو لە نێوان نوێنەرانی پرسی کوردو دەوڵەتی تورک دەستی پی کردبوو، جێگای خۆی دایەوە بە شەڕو تێکهەڵچوون.

لە ڕەوتی نوێی شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی نێوان هێزە حکوومەتییەکانو گریلاکانو لایەنگرانی "پ ک ک" دا، ئەوە هەر هێزی چەکدارو بنکەو بارەگای نیزامیو سەربازی نین کە دەبن بە ئامانجی ئاگرو ئاسن؛ خەڵکی زۆر لە شارەکانی باکووری کوردستان، لە گەڵ لەشکرکێشیی سوپای تورکو گەمارۆدران بە هۆی تانکەکانی ئەرتەشی ئەو وڵاتە بەرەوڕوو بوون. بە ناوی پەلاماربردن بۆ سەر کۆسپو سەنگەرەکانی بەرگریی بەرهەڵستکاران لە نێو شارەکانی کوردستان، خەلکی سڤیل، دەستیان لێ نەپارێزراوە. دەگوترێ لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ و تێکهەڵچوون، زیاتر لە ٥٥٠ کەس گیانیان لە دەست داوە کە پتر لە ١٥٠ کەس لەوان خەڵکی ئاسایی و سڤیلن.

گەمارۆدانی شارەکانی باکووری کوردستان بە تانکو تۆپو، زاڵکردنی بارودۆخی شەڕو حکوومەتی نیزامی بە سەریاندا، بە کارهێنانی ئەوپەڕی توندو تیژی لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەلستکارانو خەڵکی تووڕەو ناڕازیو، پەکخستنی ژیانی ئاسایی خەڵک، هەر ئەو سیاسەتەیە کە ساڵانی پێشتریش تاقی کراوەتەوەو نەیتوانیوە ڕێگر بێ لە گەشەکردنو بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە تورکیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەنگی ناڕەزایەتیی خۆی تیکەڵ بەهەموو ئەو دەنگانە دەکا کە دژی سەپاندنی ئەم دۆخە نوێیە بەرز بوونەوە و لەم بارودۆخە دڵتەزینە دا هاوخەمی و هاوپیوەندیی خۆی لە گەڵ خەڵکی باکووری کوردستان ڕادەگەیەنێ. هەر لەو کاتە دا بە دەرفەتی دەزانین جارێکی دیکە دووپاتی بکەینەوە کە ڕێگای دروستی کۆتاییهێنان بەم بارودۆخەو پێشگیری لە ئەزموونی تێکشکاوی پەنابردن بۆ شەڕ لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پرسی کورد، گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستانو چارەسەری ئاشتیخوازانەیە.

ئارەزووی ئێمە ئەوەیە زیان و خەسارەکانی خولی نوێی شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی چەند مانگی رابردوو، ببیتە زەنگێکی وریاکەروە بۆ هەر دوو نەتەوەی کوردو تورک، بە تایبەتی دەوڵەتی تورکیە و نوێنەرانی پرسی کورد لەو وڵاتەو، سەر لە نوێ ئیرادەی گەڕانەوە بۆ دیالۆگ و چارەسەری سیاسی، زاڵ ببێتەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٣ی دیسامبری ٢٠١٥**
**٢ی بەرفرانباری ١٣٩٤**



بەردەوامیی شەڕ لە باکووری کوردستان و دەرەنجامەکانی! ٥




سپای پاسداران چۆن مافیائاسا دەسەڵاتی بازاڕی ڕەشی ئێرانی گرتۆتە دەست! ٦




ئەمنیەتی نەتەوەیی لە بەرامبەر ئەمنیەتی مرۆییدا ٨




ململانێی پوتین ـ مەدیەدۆڤ، ئەردۆغان ـ داودئۆغڵوو لە زەلکاوی سووریەدا ٨




هەڵبژاردنەکانی ئێران و ستراتیژی بزاڤی ڕۆژهەڵات ١٠


## ڕێکخراوی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان: ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مافی مرۆڤ دەبێ ئازاد بکرێن

ڕێکخراوی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان لە بەیاننامەیەکدا وێڕای دەربڕینی بەداخبوون لە بەردەوامیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانو بەندکرانی ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنی، داوای ئازادکرانی خێرای هەموو ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مافەکانی مرۆڤی کرد.

لەم بەیاننامەیەدا وێڕای ئاماژە بە بەردەوامیی پێشێلکردنی ئازادی‌یەکان لە ئێران، دەسبەسەرکرانو بەندکردنی چالاکانی مەدەنیو مافەکانی مرۆڤو ڕۆژنامەنووسان گوتراوە کە بۆ نموونە ڕۆژنامەنووس عەدنان حەسەنپوور کە ١٠ ساڵ لەوە پێشو، محەممەد سەدیق کەبوودوەند ٩ ساڵ لەوەپێشو خوسرەو و مەسعوود کوردپوور نزیک بە ٣ ساڵ لەوە پێش زیندانی کراون، تا ئێستاش هەموو مافەکانیان لێ زەوت کراوە.

ڕیکخراوی بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤی کوردستان وێڕای بەداخبوون لە بەردەوامیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانو بەندکرانی ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنی، داوای ئازادکرانی خێرای هەموو ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مافەکانی مرۆڤی کردوە.

## پەسندکرانی بڕیارنامەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی ئێران

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەیەکدا کە ٨١ وڵاتی جیهان دەنگی بەڵێیان بۆ دا، نیگەرانیی خۆی لە بابەت خراپبوونی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دەربڕیوە.

لە ڕەشنووسی ئەم بڕیارنامەیەدا کە کانادا ئامادەی کردبوو، باس لە بەداخبوونی خۆیان لە بەرز بوونەوەی ڕێژەی ئێعدامەکان لە ئێران کراوە. وڵاتی کانادا هەروەها ڕەخنەی لە سەرکوتو فشارهێنان بۆ سەر جیابیرانو ڕۆژنامەنووسان گرتووە.

ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە لە کۆبوونەوەی ٢٦ی سەرماوەزی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا، ٨١ وڵات دەنگی بەڵێیان بەم بڕیارنامەیە داوە، ٣٧ وڵات بەدژی بوونو ٦٧ وڵاتی دیکەش بێ لایەن بوونی خۆیان ڕاگەیاندووە.

هەواڵدەریی فەرانسەش ڕایگەیاندووە کە ژمارەی ئەم کەسانەی کە لە ماوەی ئەمساڵی زایینی‌دا لە ئێران ئێعدام کراون، پتر لە ٨٠٠ کەس بوون.

چالاکانی مافی مرۆڤ دەڵێن کە ئەم ڕەخنە توندانەی ئێستا لە بابەت ڕێژەی ئێعدامەکان لە ئێران دەگیردرێ، دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکوو ئەم وڵاتە دەمێکە پاش چین لەم بوارەوە لە پلەی دووهەم‌دا جێی گرتووەو ناڕەزایەتیی دەربڕینی بەردەوامی کۆمەڵگای جیهانی لە بابەت پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر شێوەی کارکردی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی دانەناوە؛ چونکی هەر بەپێی ڕاپۆرتە ڕەسمی‌یەکان ڕۆژانە لە ئێران ٣ کەس ئێعدام دەکرێن.

لە نێو ئەم وڵاتانەدا کە دژایەتییان لەگەڵ بڕیارنامەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، لە سەرووی هەمووان وڵاتانی ڕووسیە، چینو سووریە و لە هەمان کاتیش‌دا وڵاتانێکی وەک عێراق، هیند، ئەندۆنێزی و لوبنانیش بەدی دەکرێن.

# بەرزڕاگرتنی یادی ٢٦ ی سەرماوەز لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شکۆوە یادی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانو ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانی کردەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٦ ی سەرماوەز لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بۆ ڕێزلێنان لە یادو بیرەوەریی حەماسەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو هەروەها هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگە، ئەندامانو بنەماڵەی پێشمەرگەکان نیشتەجێ لە بنکەکانی دەوروبەری دفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکردو کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتاری حیزبی بەو بۆنەیەوە پێشکێش کرد.

کاک کەماڵ کەریمی لە سەرەتای قسەکانی‌دا بە ئاماژە بە مێژووی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد گوتی: «ئەگەر ٧٠ ساڵ لەوە پێش هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ٢٦ ی سەرماوەز نیشانەی دەرخستنی هۆوییەتی نەتەوەییو هەوڵدانێک بۆ ئەوە بوو لەو سەردەمەدا ڕابگەیەندرێ کە کوردستانو نیشتمانێک هەیەو ئەوە ئاڵاکەیەتی؛ بەڵام دەیان ساڵ خەباتی مێژووی کورد بوو. ئەمڕۆ دەبینین لە هەولێر، لە ئامەد، لە قامیشلۆو تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرمی شەهیدانی ئەو نەتەوەیە لە ئاڵای کوردستانەوە دەپێچرێو بە ڕێزەوە بە خاکی پیرۆزی کوردستان دەسپێردرێ. ئەوە دەری‌خست ئەو پەیامەی کە ٧٠ ساڵ لەوە پێش ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە نەتەوەی کوردی داو ئەو ڕێبازەی خستە بەردەم نەتەوەی کورد؛ ئێستا دوای ٧٠ ساڵ هەموو نەتەوەی کورد شانازیی پێوە دەکەنو ئەو شانازی‌یە، بەشێکی بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو بەتایبەتی پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو حیزبە دەبرێ.»

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا بە ئاماژە بە ناونانی ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٣ ی هەتاوی‌دا، گوتی: «ئەگەر حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ ئاڵای کوردستانی وەکوو هێماو ڕەمزی نەتەوەیی هەڵکرد، لە ساڵی ١٣٦٣دا وەکوو ڕێزلێنان لە ئازایەتیو فیداکاریی هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناساندو لەو ڕۆژەوە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات، حیزبی دێموکڕاتو خەڵکی کوردستان بوونە خاوەنی دوو ڕۆژی مێژوویی، ڕۆژێک کە



ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوە دەری خست کە ئەوە هەر کاردانەوە نەبووە بە ڕووداوێکی سیاسی، بەڵکوو ئەمە سەرەتایەک بۆ چەسپاندنی هێمای نەتەوەیی بۆ هەموو ڕێز لە ئاڵای کوردستانو ئاڵاهەڵگرانی خەباتی نەتەوەیی، واتە پێشمەرگەکانی کوردستان دەنرێ.»

کاک کەماڵ کەریمی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا پەرژایە سەر چالاکیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەم چەند ساڵەی دوایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ناوچە سنووری‌یەکانو بە بەرزنرخاندنی هەڵسووڕانی پێشمەرگە لە نیشتمانو زێدی خۆیان گوتی: « ئەم جموجۆڵانە دەریان خست کە هیچ خەندەقێکو هیچ تەلبەندێک ناتوانێ کەلێنو کەلەبەر بخاتە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستانو کۆمەڵانی خەڵکەوە. پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو چەند ساڵەی ڕابردوو بەتایبەت لەمساڵدا بە دوژمنیان نیشان دا کە هەتا دڵی خەڵکی کوردستان بە گەرمی بۆ ئەوان لێ‌بدا، هەنگاوەکانی پێشمەرگە قایمترن بۆ ئەوەی بگەنە لایان. وەک دیتمان پێشوازیی خەڵکی کوردستان لە گوندەکان، لە شارەکان، لە مەزراو مووچەو لە خێوەتەکان بە دروشمی بژی هێزی پێشمەرگە، بژی حیزبی دێموکڕاتو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە؛ دەری خست کە ئیمکانی نیە هیچ سنوورێک لە نێوان خەڵکو هێزی پێشمەرگەدا دابنرێ.»

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا بە تیشک خستنەسەر ئەوەی کە ناوی پێشمەرگە لەمڕۆدا سنووری کوردستانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەزاندووە؛ لە کۆمەڵگای جیهانیو ناوەندەکانی بڕیاردا دێتە سەر زار، باسی لە وەرگیرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک ئەندامی هەمیشەیی لە ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیستی کردو گوتی: بە کەمی مەبینن ئەگەر لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناو و دەنگو ڕەنگتان هەیە، ئەگەر دوای سێ دەیە پێوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست ئەمساڵ حیزبەکەمان وەک ئەندامی ئەسڵی لەو ڕێکخراوەیەدا وەردەگیرێ، بێ گومان کاریگەریی تێکۆشانی ڕاستەوخۆی ئێوەی لەسەرە، ئێمە دەسخۆشی لە دیپلۆماتەکانی حیزبی دێموکڕاتو بە تایبەتی لە نوێنەری حیزب لە ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست دەکەین، بەڵام بێ‌گومان بەبێ پشتیوانیی ئێوەو بەبێ لەبەرچاوگرتنی تێکۆشانی ئێوە حیزبی دێموکڕات وا بەئاسانی نەدەگەیشتە ئەو ئاستە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا تاکە حیزب بێ کە لە ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی وەک ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست‌دا بە ئەندام وەربگیرێ.»

دوای قسەکانی کاک کەماڵ کەریمیو پێشکێش‌کردنی سروودێک لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەری، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێشکێش‌کرا.



پێشەوا عەلیپوور لەگەڵ باس لە فەلسەفەی هەڵکردنی ئاڵاو خەباتی کورد لە ژێر ئەو ئاڵایەدا ئاوڕی لە تێکۆشانی ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوو دایەوە و گوتی: ئەمساڵ وەک لوتکەی حزووری چەکدارانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لاوانی دێموکرات پشکی شێریان بەرکەوتووەو پێشمەرگەی بە ئەمەگی ڕێبازی حیزبی دێموکرات بوونو بەڵێنی نەسرەوتن تا سەرکەوتنیان لەگەڵ خەڵکو خاکی کوردستان دووپات کردەوەو هاوکات خەڵکی کوردستانیش بە پێشوازی گەرمیان لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەلماندیان کە چارەنووسی بزووتنەوەی ڕزگایخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست حیزبی دێموکرات دیاری دەکرێ.

لەو پەیامەدا ڕوو بە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتبوو کە ئێوەش لەنێوخۆی کوردستان دەتوانن لەسەر بنەمای ئەو میراتە گرینگەی کە جیهان پێی دەنازێ، لەسەر پێ بنو پێشمەرگەئاسا لەدژی سیستەمو سیاسەتی کوردقڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوەستنەوە. ژینگەپارێزیتان، ئەدەبیاتی کوردی خۆشەویستیتان، زمان پارێزیتان لەناو ئەو سیستەمە زاڵمەدا پێشمەرگایەتییە. ئێوە کە ناتانەوێ تەنانەت لەپێناو بژێوی ژیانیش‌دا پشت لەپێشمەرگەو حیزبی دێموکرات بکەن هەر پێشمەرگەن، ئێوە کە لەزانکۆکان‌دا نوێنەری بیری یەکیەتیی لاوانن، لە کۆڵانەکان‌دا دەنگی لاوانی دێموکراتن هەر پێشمەرگەن. ئێوە کە بەبیرو هزر دژی توندرەویی مەزهەبین، لەناختان‌دا نەتەوەپەرەستو دێموکراتن هەر پێشمەرگەن. هەر بۆیە شانازی بەخۆتانەوە بکەنو بەردەوام بن.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە ڕێز لەو پێشمەرگانەی نێو ڕیزەکانی حیزب گیرا کە سەروو ٢٠ ساڵ، سەروو ٢٥ ساڵ، سەروو ٣٠ ساڵو سەروو ٣٥ ساڵ بێ دابڕان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا چەکی پێشمەرگایەتی‌یان لە شان بووەو لە سەنگەری تێکۆشانو خۆڕاگری‌دا بوون. ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیە خەڵاتی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان لە دەستی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە وەرگرت. هەر لەو بەشەدا وەک ڕێزلێنانو سەمبولیک بەرگی پێشمەرگایەتیو ئاڵای کوردستان پێشکێش بە کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا کە بەڕێزیان ئەو خەڵاتەی لە دەستی دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکڕاتو هاوسەری شەهیدێکی دیکەی حیزبەوە وەرگرتو نایە سەرسەری. هەروەها لەلایەن کۆمەڵێک دۆستو هاوڕێی نیزیکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە چەپکەگوڵی ڕێزلێنان لە پێشمەرگە پێشکێش بە کاک جەلیل گادانی، وەک بەڕابردووترین پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرا.

شێعری لە سوورهەڵاتەوە لەلایەن شاعیری پێشمەرگە عەلیرەزا ڕەحیمی؛ سروودی هۆ کاکی پێشمەرگە بە دەنگی خاتوو شیرین شەریفی؛ گۆرانیی ئامۆزا گیان بە دەنگی سەردار ئیلامی، گۆرانیی عاشق بەتۆم بە دەنگی محەممەدئەمین کەریمیو مەقامی « ئەی نیشتمان» بە دەنگی ئاوات بۆکانی چەند بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمە بوون. کۆتایی ڕێوڕەسمەکەش پیرۆزبایی خەڵک لە یەکترو کۆڕی شاییو شادیو گۆرانی بوو.

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی ئاڵا لە دەرەوەی وڵات

**بە بۆنەی ٢٦ سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی ئاڵای کوردستان، لە لایەن کۆمیتەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕات و میوانانی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان و خاریجی ڕێورەسمی پڕشکۆ بەڕێوەچوون.**

**نۆرویژ:** کۆمیتەی ناوچەی ئۆسلۆ، ئاکەشهووسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نۆڕویژ ڕۆژی هەینی، ٢٠ی سەرماوەز (١١ی دیسامبری ٢٠١٥ی زایینی) بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانو ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێورەسمێکی بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان، لایەنگرانو کوردانی دانیشتووی وڵاتی نۆرویژ پێک‌هێنا.

پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ و پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتە و پێشکێش کردنی شێعر و پەخشان و چەند بەرنامەی هونەری بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێورەسمە بوون.

هەروەها پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی گۆڕان، ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە، پارتی دێموکراتی کوردستانی سوریە، ناوەندی دیالۆگو ئاشتیو، کۆمەڵە کولتووری کوردی لە ناوچەی ئۆستفۆڵد بە پێشکێش کردنی بروسکەی پیرۆزباییو چەپکە گوڵ بەشدارییان لە جێژنی ٢٦ی سەرماوەزدا کرد.

هەروەها ڕۆژی شەممە، ٢٨ ی سەرماوەز ( ١٩ی دیسامبری ٢٠١٥) کۆمیتە ناوچەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵای کوردستانو حەماسەی پێشمەرگە، بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕێورەسمێکی بەشکۆ دا یادی ئەو ڕۆژەی کردەوە.

ئەو ڕێورەسمە بە خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیبو چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کردو پەیامی کۆمیتەی نۆرویژی حیزب لەلایەن خدر میراوەیی، کادری دێرینی حیزبەوە پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا مەحمود بڕۆ، بەرپرسی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سوریە، وتارێکی لەسەر ڕۆژی پێشمەرگەو هەڵکرانی ئاڵای کوردستان پێشکەش کرد.

بەرێزیان لە بەشێکی قسەکانی‌دا وێرای پیرۆزبایی خۆی، ئاماژەی بە ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر دانانی بنەما نەتەوەیی‌کانی کورد وەک ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵا و ناوی بەرزی پێشمەرگە و ٢ی ڕێبەندان کرد.

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆمەڵەی کولتوری دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی ئۆستفۆڵد و پێشکێش کردنی چەند پارچە شێعر و پێدانی شاخە گوڵ بە کۆمەڵێک پێشمەرگەی پێشووی نێو حیزبو ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ ڕێز گرتن لە خەباتو تێکۆشانیان چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمە بوو.

لەکەمپەکانی ڕۆیکێن و شیناربووی نۆڕویژو لەلایەن ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو کۆچبەرانی کوردەوەش ڕێز لە یاد و بیرەوەریی پێشمەرگەی کوردستان نرا.

شەوی ٢٦ ی سەرماوەز دەیان کەس لەئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو کوردەکانی نیشتەجێ لە کەمپەکانی ڕۆیکێن و شیناربووی نۆڕویژ دوو ڕێوڕەسم بەبۆنەی ٢٦ ی سەرماوەز، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانو پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەم ڕێورەسمانە کە بە بەشداری کوردە کۆچبەرەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان نیشتەجێ لەم کەمپەدا بەڕێوەچوو، بە خوێندەوەی شێعرو شاییو شادیی ئامادەبووان درێژەی پێدرا.

لە ڕێورەسمێک‌دا لە شاری ستاوانگێر لە وڵاتی نۆرویژ، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانو هەروەها شەوی یەڵدا، شەوی لە دایک بوونی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا.

کومیتە ناوچەی "ڕۆگالاند"ی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٢٨ ی سەرماوەز (١٩ی دیسامبری ٢٠١٥ ی زایینی) بۆ بەرزڕاگرتنی ڕۆژی پێشمەرگەو ئاڵاو شەوی یەڵدا، ڕێورەسمێکی بە بەشداریی ئەندامانی حیزب، یەکیەتی‌یەکانی لاوانو ژنانو بەشێکی بەرچاو لە کوردانی نیشتەجێی ئەو ناوچەیە پێک‌هێنا.

ئەو ڕێورەسمە بە پێشکێش کردنی وتار سەبارەت بە ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و شەوزستانی یەڵدا و دانی لەوحی ڕێزلێنان و شاخە گول بە پێشمەرگە دێرینەکان و چەند پارچە شێعر و سرود و گورانی درێژەی کێشا.

**دانمارک** : ڕۆژی شەممە، ٢١ ی سەرماوەز ( ١٢ی دسامبری ٢٠١٥ی زایینی) کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ریزگرتن لە ڕۆژی٢٦ ی سەرماوەز، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵاو ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ڕێورەسمێکی بەبەشداریی بە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزب لە دانمارکو هەروەها نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەو وڵاتە بەرێوەبرد.

ئەو ڕێورەسمە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی حیزبو گەل بە دوای ئەودا پەیامی کۆمیتە حیزب لە دانمارک بەو بۆنەیە دە ستی پێکرد.

لە پەیامی کۆمیتەدا وێڕای پیرۆزبایی ئەو دوو بۆنە گرینگە لە پێشمەرگەو ئامادەبووانو گەلی کورد، ئاوڕ لە دوایین گۆڕانکارییە سیاسی‌یەکان لە کوردستانو ناوچە درابۆوە.

لەو ریورەسمەدا پاش پەیامی کۆمیتە حیزب لە دانمارک بەو بۆنەیە، کۆمەڵێک کەس پەیامیان پێشکێش کرد کە بریتی بوون لە:

– موسا ڕەشید، بەرپرسی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک

– میرزا ئاکار، لێپرسراوی پارتی ئازادی کوردستان (باکوور) لە دانمارک

– عەدنان ئاغا جان، بەرپرسی ئینسیاتیڤی کورد لە دانمارک

– هەروەها خوێندنەوەی برووسکەی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، کۆمیتەی دانمارکی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانو یەکیەتی ئافرەتانی دێموکراتی کوردستان.

لە بەشێکی دیکە ئەو ڕێوڕەسمەدا لە لایەن کۆمیتەی حیزبەوە لەوحی ڕێز لێنان پێشکەش بە کۆمەڵێک پێشمەرگەی دێرین کرا.

**ئەمریکا:** لە واشنگتۆن، پایتەختی ئەمریکاش، ڕێز لە ڕۆژی ئاڵاو پێشمەرگەی کوردستان نرا.

شەوی شەممە، ٢٨ ی سەرماوەز ( ١٩ی دێسامبری ٢٠١٥) لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی شەنتیلی ڤیرجینیا، بە بەشداریی ئەندامو دۆستانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو نوێنەری بەشێک لە حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانو کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی نێشتەجێی ئەو ناوچەیە، ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە وئاڵای کوردستان بەرز ڕاگیرا.

ئەو ڕێوڕەسمە بە پێشکێش کردنی پەیام و وتار و شێعر درێژەی کێشا.

**فینلاند:** لە شاری تۆرکۆی فینلاند بۆ ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هاوکاریی کۆمیتەی گشتیی حیزب لە وڵاتی فینلاند، ڕۆژی هەینی، ٢٧ ی سەرماوەز، ڕێورەسمێکی بە شکۆیان لە شاری تورکۆ پێک هێنا.

لەو ڕێورەسمەدا پەیامی هاوبەشی کۆمێتەی گشتی حیزب و یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە فینلاند خوێندرایەوە. بە دوای ئەودا پەیامی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردی‌یەکانی فینلاند و بیرەوەریی‌یەک لە سەر خەباتی پێشمەرگانە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی شەوی یەڵدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی شەوی یەڵدا، شەوزستانو شەوی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو، ڕێبەری گەورەی کوردو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە لەلایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی ژنانەوە ڕێکخرابوو، شەوی یەڵدا وەک بۆنەیەکی مێژوویی‌و فەرهەنگی‌و شەوی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا.

لە سەرەتای ئەو شەویادەدا پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن مستەفا مەعرووفی، ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوەکانی حیزب پێشکێش‌کرا.

مستەفا مەعرووفی لە سەرەتای قسەکانی‌دا باسی لە مێژووی شەوی یەڵداو جێگەی ئەو بۆنەیە لە فەرهەنگی نەتەوەکانی ئێران‌دا کردو تیشکی خستە سەر ئەوەی کە شەوی یەڵدا بو کورد جیا لەوە واتایەکی دیکەشی هەیەو ئەویش شەوی لە دایکبوونی شەهید دوکتور قاسملووی نەمر، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە.

مستەفا مەعرووفی لە درێژەی باسەکەی‌دا پەڕژایە سەر ئەندێشەو بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژنان‌و لاوان‌دا.

ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکانی حیزبی دێموکڕات لەو پێوەندی‌یەدا باسی ئەوەی کرد کە لە ئەندێشەکانی قاسملوودا ژن خاوەنی پێگەیەکی بەرزەو قاسملوو هەوڵی ئەوە بوو کە ژن لە کۆمەڵگای کوردی‌دا کەسایەتیی شیاوی خۆی هەبێ‌و شوێن‌پەنجەی بەسەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان لە کۆمەڵگادا دیارو بەرچاو بێ.

مستەفا مەعرووفی لە درێـژەی باسـەکـەی‌دا لە دەلاقـەی ڕوانگەو بۆچوونەکانی دوکتور قاسملووڕا باسی پێگەی لاوان‌و نەخشی ئەوان لە بزووتنەوەی سیاسی‌و نەتەوەیی کوردی کرد. بەڕێزیان گوتی دوکتور قاسملوو ئیمان‌و بروایەکی زۆری بە پەروەردەی لاوان‌و قورسایی ئەوان لە پڕۆسەی وشیاریی نەتەوەیی‌و بەڕێوەبردنی خەبات بۆ ماف‌و ئازادی‌یەکانی نەتەوەی کوردی کرد.



لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوان‌و ژنانی دێموکڕات لەلایەن ئـارەزوو عەزیزی، جێگری سکرتێری لاوانەوە پێشکێش‌کرا.

لەو پەیامەدا بە ئاماژە بە هیوای دوکتور قاسملوو بە لاوان‌و ژنان هاتبوو کە جێی خۆیەتی ئێمەی ژنان‌و لاوانی دێموکراتیش شێلگیرانەتر لە جاران ڕێبواری ڕێگای ئەم ڕێبەرە نەمرە بین‌و شەوی یەڵدا کە هاوکاتە لەگەڵ شەوی لەدایکبوونی دکتوور قاسملوو، پەیمان لەگەڵ بیرو ڕێبازو ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە نوێ بکەینەوە.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەخشانە شێعرێک لەلایەن سۆیلا قادری، غەزەلێک لەلایەن ئەحمەد قادری پێشکێش بە بەشداربووان کران‌و شەویادەکە بە چەند بڕگەیەکی هونەری درێژەی پێدرا.

لە بەشی هونەریی شەویادەکەدا هونەرمەندان ساوێن و سابات لەگەڵ تاهیر خەلیلی چەند گۆرانی‌یەکیان پێشکێش کرد کە لەلایەن بەشدارانی شەویادەکەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ‌کرا.

## سەردانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆنسولگەریی ئاڵمان لە هەولێر

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی کۆنسولگەریی ئاڵمان لە هەرێمی کوردستانی لە شاری هەولێر کردو لەلایەن بەرپرسانی کۆنسولگەرییەوە پێشوازیی لێ‌کرا.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێری کوردستان‌و کورد ڕۆژی پێنج‌شەممە، ١٩ی سەرماوەزی ٩٤ شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب‌و بە هاوڕێیەتی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێر سەردانی کۆنسۆلگەریی گشتیی کۆماری ئاڵمانی فێدراڵ‌یان لە هەولێر کردو لە لایەن «مارک ئایشهۆڕن «، سەرکۆنسۆلی گشتیی تازەی ئەو وڵاتەوە پێشوازییان لێ کرا.



لەو دیدارەدا ئاڵوگۆڕو ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و ناوچەکەو بەتایبەت شەڕی داعش‌و ڕۆڵی وڵاتانی زلهێزی جیهانی‌و لە نێو ئەوانیش‌دا هەڵوێست‌و ڕۆڵی وڵاتی ئاڵمان بە نیسبەت ڕووداوەکان هاتنە بەرباس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کراو هەروەها لەلایەن هەیئەتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانەوە بە ڕێزەوە باس لە هەڵوێستی ئازایانەو جوامێرانەی ئالمان بەرانبەر بە کەیسی کورد کرا.

لە تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکەدا ، پێوەندی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌و لە لایەکی دیکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئاڵمان قسەی لەو پێوەندییەدا کاک خالید عەزیزی هەڵوێستی مێژوویی‌و بوێرانەی دادگای میکونوسی لە لایەن حیزبی دێمۆکرات‌و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەڵوێستێکی پڕبایەخ ناوبرد.

لە کۆتایی ئەو دیدارەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسێکی لەسەر ڕەوتی کۆچی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و بە تایبەت ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ ئاڵمان لەگەڵ سەرکۆنسولگەریی ئەو وڵاتە لە هەرێمی کوردستانە هێنایە گۆڕێ.

## دیداری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و پارتی سۆسیال دیموکراتی سۆئێد

هەیئەتێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سۆئێد لە پارلمانی ئەو وڵاتە لەگەڵ هەیئەتێکی حیزبی سۆسیال دێموکڕات دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٩ی سەرماوەز بەشی پێوەندییە سۆئێدییەکانی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو وڵاتە پێکهاتوو لە عەزیز سەیدنژادیان، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کومیتەو موژدە عەزیزی‌و چنوور ئەکبەرپوور، ئەندامانی کۆمیتە لەگەڵ "یای ئاننا لینا سۆرنسسۆن، بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانی‌یەکانی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سوئێدو مۆرتۆن لۆفبەری لە بەشی پەیوەندیە نێونەتەوەیی‌یەکانی ئەو حیزبە، لە پاڕلمانی سوئێد کۆبوونەوە.

لە سەرەتای ئەو دیدارەدا باسێک لە پەیوەندیی لەمێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و سۆسیال دێمۆکراتەکان‌و زەروورەتی پتەوتر کردنی ئەو پەیوەندیانە کرا. لە تەوهرو باسەکانی دیکەی ئەو دیدارەدا لێکدانەوەیەکی بارودۆخی نێوخۆی ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دۆخی حیزبە کوردی‌یەکان‌و بە تایبەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و چالاکی‌یەکانی لە نێوخۆی کوردستان کرا. هەروەها بەربەستەکانی سەر ڕێگای چالاکیی زیاتری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ناوچە هاتنە بەرباس.

تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە دۆخی پەناخوازانی سەر بە حیزبە کوردی‌یەکانی ڕۆژهەڵات لە سوئێد بوو کە لەو بەشەدا هەیئەتی حیزب لە سەر پێویستیی ئاسانکاریی دەوڵەتی سۆئێد بۆ وەرگیرانیان لەو وڵاتە پێداگریی کرد.

هەیئەتی حیزب هەروەها باسی لە گرینگی پێدان بە بەربڵاوترکردنی پێوەندی‌یەکان بۆ کەڵک وەرگرتنی باشتر لە ئیمکانات‌و تواناییەکانی هەر دووک لا و، هەروەها بەڕێوەبردنی پڕۆژەی هاوبەش کرد کە نوێنەرانی حیزبی سۆسیال دێمۆکڕاتی سوێد پێشوازی‌یان لەو باس‌و پێشنیارانە کرد

## بەشداریی حدک لە سمیناری «ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرس، ڕاڤە، ڕێگا» لە زانکۆی گۆتەی فرانکفۆرت

کۆمەڵێک چالاکی سیاسی بۆ تاوتوێ کردنی خەبات‌و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سمینارێکیان لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان پێک‌هێنا.

ئەو سمینارە لە دوو پانێل پێک‌هاتبوو، پانێلی یەکەم بۆ باس‌و وتاری نوێنەرانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و پانێلی دووهەم بۆ چالاکانی سیاسی تەرخان کرابوو.

لە پانێلی یەکەم‌دا نوێنەری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕوانگەی حیزبەکەی خۆیانەوە باسیان لە چۆنیەتیی خەبات‌و ئەرک‌و پێداویستی‌یەکانی قۆناغی ئێستاکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

لە پانێلی دووهەمیش‌دا چالاکانی سیاسی، لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە پڕژانە سەر شێوەکانی خەبات، ئاستەنگ‌و کەم‌و کوڕییەکانی شێوەی خەبات لە رابردوودا، چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داهاتوو، هەروەها پرسی ڕێبەری‌و کێشەی ڕێبەریی سیاسی، ڕێکارەکان‌و چەند بابەت‌و تەوەری دیکە کەوتنە بەرباس‌و لێدوان. لەو سمینارەداو لە پانێلی یەکەم‌دا شوکری تەریق، لەلایەن کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان قسەی کردو سیاسەت‌و خوێنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بۆ خەباتی سیاسی‌و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی شی کردەوە.



لە پانێلی دووهـەم‌دا کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەرەتا باسی لە گرینگی پێداچوونەوە بە رابردووی شۆڕشی ڕۆژهەڵات کردو سرنجی تایبەتی هێزە سیاسییەکان بۆ سەر گۆڕانی پێکهاتوو لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی جۆراوجۆردا بە زەروورەت زانی.

ناوبراو گوتی کە گۆڕانکارییەکانی ناوچەو نێوخۆی ئێران‌و کوردستان پێمان دەڵێ دەبێ بە خوێندنەوەیەکی دیکە ڕووبەرووی داهاتوو بینەوە.

ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە درێژەدا باسی لە نەبوونی گووتاری واحید بۆ پێکهێنانی یەکیەتی لە ئاستی جەماوەرو هێزی شۆڕش‌دا کرد گوتی کە بۆ پێکهاتنی سێ گۆشەی تەندرووستیی سیاسی دەبێ لە نێوان خەڵک، حیزبەکان‌و بژاردەکان‌دا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوام هەبێ‌و لە ڕێگای دیالۆگەوەیە کە دەتوانین بە گوتاری هاوبەش بگەین.

## سەردانی هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حدک لە هەولێر لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سوریە

لە کۆبوونەوەو دیدارێکی نێوان هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێرو ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سوریە گرینگترین بابەتەکانی ڕۆژی پێوەندیدار بە کوردستان تاوتوێ‌کران.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی سەرماوەز شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی‌و حسن کاکیلی سەردانی نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستانی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریەیان لە شاری هەولێر کردو لەلایەن شاندێکی میوان بە سەرۆکایەتیی» بێهجت بەشیر» ەوە پێشوازییان لێ‌کرا.

لەو دیدارەدا کۆمەڵێک پرس‌و بابەتی پێوەندیدار بە گۆڕانکاری‌و ڕووداوەکان لە کوردستان‌و ناوچە، شەڕی داعش‌و ڕیزبەندیی زلهێزە جیهانی‌یەکان بەرانبەر بە روداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە حیزبە سیاسی‌یەکانی هەر چوار بەشی کوردستانیشی گرتۆتەوە، هاتنە بەر باس‌و تاوتوێ کران.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو دیدارەدا بە شێوەی گشتیی پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی هەستیاری بارودۆخەکە باسیان لێ‌کراو و دوو لایەن هەماهەنگی، هاوکاریی حیزب‌و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستانیان بە لەبەر چاوگرتنی دۆخ و تایبەتمەندیی هەر کام لە پارچەکان بە بێ دەستێوەردان لە کاروباری یەکتر لە پێناو چوونە پێشێی پرسی کورد بە پێویست زانی.



لە کۆتایی دیدارەکـەش‌دا دوو لایەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌و ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سوریە بەردەوامیی ئەو جۆرە دیدارو پێوەندییانەیان بە پێویست زانی‌و پێداگریش لە سەر بەهێزترکردنی پێوەندیی دوو لایەن کرایەوە.

## سەردانی شاندێکی هادەپ لە نوێنەرایەتیی حدک لە هەولێر

هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی پارتی دێموکڕاتی گەلان بۆ باس لەسەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئـەم دوایـیـانـەی کـوردسـتـان سـەردانـی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە هەولێر کرد.

ڕۆژی سێ‌شەممە، ٢٤ی سەرماوەز شاندێکی نوێنەرایەتیی پارتی دێمۆکراتی گەلان «هادەپ» لە هەرێمی کوردستان، پێکهاتوو لە شیلان محەمەدئەمین ئوغلو و عابید ئیکە سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کردو لەلایەن هەیئەتنوێنەرایەتی حیزب لە هەولێر، ئیبراهیم زێوەیی‌و حسن کاکیلی‌یەوە پێشوازییان لێ‌کرا.

لەو دانیشتنەدا بابەتە گرینگ‌و ڕۆژەڤەکانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌و ئاڵوگۆڕو ڕووداوەکانی ناوچەو شەڕی داعش‌و ڕۆڵی وڵاتانی زلهێزی جیهانی‌و ناوچەیی لەو روداوانە دا هاتنە بەرباس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لە تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکەدا ، بارودۆخ‌و ڕووداوەکانی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان‌و چۆنیەتیی هەڵوێست‌و تەعامولی وڵاتانی زاڵ بە سەرئەم بەشانەی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورددا تاوتوێ کران‌و هەر لەو پێوەندی‌یەدا پێداگری لەسەر ئەوە کرایەوە کە هێزە کوردستانی‌یەکانی چوار پارچە لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخ‌و تایبەتمەندی‌یەکانی یەکتر، پێویستە هەمیشە ڕەچاوی بەرژەوەندییە گشتی‌و ستراتیژی‌یەکانی نەتەوەیی بکەن‌و وا بێ کە بوونی پێوەندی دەگەڵ وڵاتانی دیکەو بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا هەڵ کەوتوە، لە سەر حیسابی هێزە سیاسییەکانی دیکە تەواو نەبێ.

لە کۆتایی ئەو دانیشتنەش‌دا بوونی پێوەندیی نێوان حیزبەکان‌و پارچەکانی دیکەی کوردستان‌و چۆنیەتیی بەهێزترکردنی ئەم پێوەندی‌یانە قسەیان لەسەر کرا.

سیاسی

# نیگەرانی لەبارەی داهاتووی سیاسیی کورد لە سووریە



**مستەفا مەعروفی**

شۆڕشێک کە ساڵی ٢٠١١ لە سووریە دەستی پێکرد، بەشێک لەو شۆڕشانە بوو کە لە وڵاتانی عەرەبیدا وەڕێ خران و بە «بەهاری عەرەبی» ناویان دەرکرد. ئەم شۆڕشانە جگە لە وڵاتی توونس، وەک شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران، لە جیاتی جێگیربوونی دیموکراسی - لانیکەم تا ئێستا - دوو ئاکامی سەرەکییان لێ کەوتۆتەوە: شەڕی نێوخۆیی و سەرهەڵدان و گەشەکردنی رادیکالیزمی ئیسلامی. شۆڕشی سووریە چ لەبەر ئەوەی سەرنەکەوتوە، چ لە رووی درێژەکێشان و رادەی زۆری قوربانییان و زەرەرو زیانەکانیەوە شۆڕشێکی تایبەت بە خۆیەتی. نائەمنییەکانی سووریە پەلوپۆیان بۆ سەرتاسەری جیهان، بە تایبەتی ئورووپا هاویشتوە. ئەگەر بارودۆخی سووریە نەبووایە، لەوانە بوو «داعش» دروست نەبووایە و لانیکەم نەیتوانیبا لایەکی عێراق و سووریە داگیر بکا و ئاسایشی وڵاتانی جیهان بشێوێنێ.

لەبەر ئەمە ئێستا لە ئاکامەکانی شۆڕش لە سووریە دوور لە پێشبینین. ئێستا وا دیارە سەرەکیترین و خێراترین رێگاچارە ئەوەیە کە جاڕێ ئاگری ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە دامرکێ. تەنانەت ئەو وڵاتانەی بە لێبڕاوییەوە پێیان لەسەر لاچوونی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات دادەگرت، وردەوردە رێگای پاشەکشە لەو سیاسەتە دەگرنە پێش.

جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەک پێداگرترین نەیاری بەشار ئەسەد پاش سەفەری بۆ رووسیا، لەکاتی سەردانی بۆ وڵاتی یۆنان لە ١٧ی دیسامبردا رای گەیاند: «کات و چۆنیەتیی لاچوونی بەشار ئەسەد روون نیە«!، لۆران فابیووس وەزیری دەرەوەی فەرانسەش لە وتووێژێک لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی فەرانسەییدا دەڵێ: «لەسەرکارلاچوونی بەشار ئەسەد بەر لە گواستنەوەی دەسەڵات پێویست نیە».

کەوابوو هەرنەبێ لەم قۆناغەدا کە بە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵات لە سوویە ناو دەبرێ و ئۆپۆزیسیۆنی سووریە و وڵاتانی بڕیاردەر (ئەمریکا و رۆژئاوا بە تورکیە و عەرەبستانەوە لە لایەک، رووسیە و ئێران لە لایەکی دیکەوە) خەریکن کاری بۆ دەکەن، وا دیارە لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد بۆ ئەم قۆناغە رێککەوتوون. هەرچەند ئۆپۆزیسیۆنی سووریە هەر وا لەسەر لاچوونی ئەو پێداگرە، بەڵام رەنگە هێزی ئەوەی نەبێ قسەی خۆی بەرێتە پێش.

لە رۆژانی ٨ تا ١٠ی دیسامبر(١٧ تا ١٩ی سەرماوەز)ی ئەمساڵدا کۆنفرانسی دژبەرانی بەشار ئەسەد لە ریاز پێتەختی عەرەبستانی سەعوودی بەڕێوە چوو. ئەم کۆنفرانسە بە روونی ریزبەندییە سیاسییە جیهانی و ناوچەییەکانی پێوە دیار بوو. هەر وەک شۆڕشەکە بە هۆی دەستتێوەردانی ئێران، تورکیە و عەرەبستان و پاشان هاتنەوە ناوەوەی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان بە لاڕێدا چوو و گەیشتە ئەم رۆژە، لە ئاکامەکانی ئەم کۆنفرانسەوە دیارە رێگاچارەکەشی نەک بە ئیرادەی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی سووریە، بەڵکوو بە ئیرادەی بەلاڕێدابەران و دەستتێوەردەرانی پلانی بۆ دادەنرێ.

ئەوەندەی ئێران و رووسیە لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد و رێژیمەکەی سوورو یەکدەستن، ئەمریکا و رۆژئاوا بە تورکیە و عەربستانەوە ئەوەندە لەسەر ئاڵتەرناتیف و داهاتووی سووریە یەکدەست نین. عەرەبستا و تورکیە لە جیاتی پشتیوانی و یارمەتیدانی هێزە دیموکرات و نیشتیمانییەکان، بە ئاشکرا یارمەتی بە هێزە توندڕەوە سوننییەکان دەکەن. عەرەبستان بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ شیعە بە رێبەرایەتیی ئێران لە ناوچەدا و تورکیەش وێڕای ئەمە بۆ دژایەتی لەگەڵ کورد لە سووریە ئەم سیاسەتەیان گرتۆتە پێش. ئەم سیاسەتە لە کۆنفرانسی ریازدا بە تەواوی پێڕەو کراوە.

پێکهاتەی کۆنفرانسی ریاز بریتی بوو لە ئێئتیلافێکی سیاسی لە کەسایەتییە سیاسی، مەزهەبی و نەتەوەییەکانی سووریە بە رێبەرایەتیی خالید خۆجە و ٣ هێزی نیزامیی دژبەری رێژیم، بریتی لە « سوپای ئازادی سووریە«، «جیش الاسلام»و «احرار الشام». ئەم دووانەی دوایی پێکهاتەیەک لە گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانن. پارتی یەکیەتیی دیموکراتیک (PYD) وەک هێزێکی سیاسیی کورد و یەکینەکانی پاراستنی گەل(YPG) وەک باڵی نیزامیی ئەو هێزە لە سووریە بۆ کۆنفرانسەکە بانگ نەکرابوون. ئەوە لە کاتێکدایە کە کورد و هێزە سیاسی و نیزامییەکانی کاریگەرترین و لێبڕاوترین هێزی دژی داعشن و قوربانییانی سەرەکیی داعش و هێزە تێرۆریستییەکانی وەک «جبهە النصرە«ن.

بڕیارە گرنگەکانی کۆنفرانسی ریاز بریتین لە: هەڵبژاردنی هەیئەتی وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد، راگەیاندنی ئاگربەس لە نێوان حکوومەتی بەشار ئەسەد و دژبەرانیدا و رێگا خۆشکردن بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کاتی بەبێ بەشداریی بەشار ئەسەد. وڵاتانی رۆژئاوا بە هێندێک تێبینییەوە پێشوازییان لە کۆنفرانسی ریاز کردوە، چونکە «بەرەی دیموکراتیک»یش کە لە لایەن ئەمریکاوە پشتیوانیی لێدەکرێ بۆ ئەم کۆنفرانسە بانگ نەکراوە. بەڵام کۆنفرانسەکە لەلایەن رووسیەوە کەوتە بەر رەخنە و ئێرانیش ئەم کۆنفرانسەی بە « کۆبوونەوەی تێرۆریستانی سووریە« ناو برد.

رۆژی ١٩ی دیسامبریش ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی پەسند کرد کە ئەم رێکخراوەیە ئەرکدار دەکا لە ماوەی ٦ مانگی داهاتوودا زەمینەی وتووێژی ئێئتیلافی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ حکوومەتی سووریە پێک بێنێ و ئاگربەسێک لە نێوان هەردوو لادا بەرقەرار بکا کە داعش و جەبهەی ئەلنوسرە نەگرێتەوە. بەڵام لە بڕیارنامەی کۆنفرانسەکەدا باس لە داهاتووی بەشار ئەسەد نەکراوە، ئەوەش بەو مانایەیە کە پێداگری لەسەر لاچوونی بەشار ئەسەد نەماوە.

بەڵام جێی پرسیارە کە بۆچی کورد دەگەڵ ئەو سەنگ و رۆڵەی بەتایبەتی لەشەڕ دژی داعشدا هەیەتی لەو کۆنفرانسەدا پشتگوێ خرا؟ بێگومان سیاسەتی موحافەزەکارانەی عەرەبستان رێگە نادا هێزێکی سکۆلاری سیاسی - نەتەوەیی لە کۆنفرانسێکدا بەشدار بێ کە بە پێشنیاری ئەو و لە وڵاتی ئەودا دەگیرێ. هەروەها تورکیە بە هۆی پێڕەویی پەیدە و یەپەگە لە سیاسەتەکانی پ.ک.ک نفووزی خۆی بۆ پێشگیری لە بەشداریی ئەو دوو هێزە بەکار هێنا. بەڵام سیاسەتەکانی ئەم هێزە کوردییەش بە هەردوو باڵی سیاسی و نیزامییەکەیەوە بێ کەموکووڕی نیە: گیروگرفتی سەرەکیی کورد لە سووریە ئەوەیە کە بە داخەوە هێزە سەرەکییەکانی کورد لەم وڵاتەدا لە جیاتی ئەوەی بە پێناسەی خۆیانەوە بێنە نێو هاوکێشە سیاسییەکان و بەرنامە و تێکۆشانیان لەسەر «مەسەلەی کورد لە سووریە« چڕ بکەنەوە، خۆیان بە کێشەی هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە خەریک کردوە. لە کاتێکدا هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە مەبەستی کەلکوەرگرتن لە ناتەبایی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا لە دژی رێژیمی وڵاتی خۆیان پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ دادەمەزرێنن، کورد لە سووریە رێگای دوژمنایەتیی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی بەشارئەسەدی هەڵبژارد. لە کاتێکدا کورد لە سووریە لەگەڵ رێژیمی سووریە کێشەی هەیە نەک لەگەڵ تورکیە. لە هەموو وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا هەر بەم جۆرەیە کە کورد لەگەڵ دەوڵەتی وڵاتی خۆی کێشەی هەیە و هەر دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی وڵاتی خۆشیدا چارەسەری بکا. کێشەی کورد لە سووریە نەک لە ئانکارا، کێشەی کورد لە عێراق نەک لە ئانکارا و تاران، کێشەی کورد لە تورکیە نەک لە بەغدا و تاران...بەڵکوو هەر کامەیان لە وڵاتی خۆیان چارەسەر دەبێ. لە لایەکی دیکەش سووریە ئەگەر بیەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکا لەگەڵ کوردی وڵاتی خۆی چارەسەری دەکا بۆ لەگەڵ پ.ک.ک یان هێزێکی دیکەی کورد لە وڵاتێکی دیکە دەیکا؟!. کێشەی کورد لە تورکیە ئەوکاتە چارەسەر دەبێ کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تورکیە و نوێنەرانی کورد لە تورکیە بە ئاکامێک بگا. بۆ نموونە لە ئێران ئەگەر رۆژێک، رێژیمی ئێستاش نەبێ، هەر رێژیمێکی دیکە بێتە سەرکار، مەسەلەی کورد لە ئێران لەگەڵ ئەو چارەسەر دەکرێ، بۆ دەکرێ لەگەڵ هێزێکی دیکەی کورد لە تورکیە یان عێراق چارەسەری بکا؟! هێزە سیاسییەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەبێ دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژیی یەکتر بن نەک جێگرەوە و ئاڵتەناتیڤی یەکتر. بە داخەوە ئەم سیاسەتەی بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی کورد لە سووریە وای کردوە کە لە جیاتی ئەوەی هێزە کوردییەکان وەک نوێنەری «مەسەلەی کورد لە سووریە» سەیر بکرێن وەک رەوتێک لە ریزبەندییە سیاسییەکانی ناوچە سەیر دەکرێن کە لە ریزبەندیی ئەواندا جێی نابێتەوە.

بەڕێوە چوونی کۆنفرانسی ریاز رەنگە هەنگاوێکی موسبەت و کاریگەر بێ بۆ هێوربوونەوەی شەڕی نێوخۆیی سووریە و بێگومان سەرەتای رێگایەکی دوور و درێژە تا گەیشتن بە ئارامی و سیباتی سیاسی لەم وڵاتەدا، بەڵام پشتگوێخستنی کورد هەر لەیەکەم هەنگاوی چارەسەری شەڕی نێوخۆیی سووریەدا سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی دیکە لە کێشەی کورد لەم وڵاتەدا دەبێ. پێکهاتەی ئەم کۆنفرانسە هەرچەند ئاڵتەرناتیڤی حکوومەتی بەشار ئەسەد نیە، چونکە هەیئەتی وتووێژەکانی لەگەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد دیاری کردوە نەک پێکهاتەی حکوومەتی دوای بەشار ئەسەد، بەڵام ئەم پێکهاتەیە لە داهاتووی سووریەدا دەور و رۆڵی بنەڕەتیی دەبێ و هەر لە ئێستاوە ئاشکرایە کە دەور و رۆڵێک بۆ کورد لە لایەن ئەو ئێئتیلافەوە لەبەرچاو ناگیرێ. ماوەتەوە ئەوە کە داخوا رووسیەو ئێران لەسەر دەور و رۆڵی کورد لە داهاتووی سووریەدا کێشە دەکەن و سوورن لەسەر بەشداریی کورد لە داهاتووی سیاسیی سووریەدا؟ یان وەک وڵاتانی رۆژئاوا لە دانانی دەوڵەتی سووریە لە ریزی «مێحوەری شەڕ»را بگرە تا « پشتیوانی لە رووخانی رێژیمی ئەسەد» و دروشمی وەک « بەشار ئەسەد لە داهاتووی سووریەدا نابێ جێگای هەبێ»، هاتوونەتە سەر ئەو رایە کە «لاچوونی بەشار ئەسەد جارێ پێویست نیە«! ئایا رووسیە و ئێرانیش لە رێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا پشت لە دۆستەکانیان ناکەن؟ رێژیمی سووریە کە رابردوویەکی دوورو درێژی لە حاشاو ئینکاری کورد لەم وڵاتەدا هەیە و بە هەر نرخێک بێ دەیەوێ جێگەیەک لە داهاتووی سووریەدا بۆخۆی بپارێزێ ئامادە دەبێ لەبەرامبەر تەوژمی نەیارانی کورددا دیفاع لە کورد بکا؟ با ئەوەش بمێنێتەوە کە داخوا بەرەی رووسیە و ئێران بە رێژیمی بەشار ئەسەدیشەوە چەندەیان باوەڕ بە مافی رەوای کورد هەیە؟

سیاسی

# تەقینەوەی سێکسی لە کۆمەڵگای ئێرانو سیاسەتی ناکارامەی حاشاو حەشاردان



**عەلی بداغی**

توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان بە پشتبەستن بە توێژینەوە مەیدانییەکان دەڵێن ڕەفتاری جینسیی مەترسیدارو لەشفرۆشی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئێراندا بەردەوام لە پەرەسەندندان. بابەتی نارەزایەتیی سێکسی هۆکاری نیزیک بە نیوەی تەڵاقو خەیانەتی ژنو مێردایەتین، بەڵام ئەو بابەتانە تا ئێستاش بقە بوونو کەمتر ڕێگە دراوە بە میدیایی بکرێنو ئامارو زانیارییەکان بدرێنە دەرێ.

هەر لەو ماوەیەدا ئەنجومەنی کۆمەڵناسانی ئێران ئاکامی توێژینەوەیەکی خۆیانی بڵاو کردەوە کە لە چەند شارێکی گەورەی ئێراندا کردوویانەو، دەڵێ سەدی ٢٨ ی لاوانی خوار ١٨ ساڵ لە ئێران ئەزموونی سێکسیان هەیە. هەروەها سەدی ٧٣ ی ئەو تازەلاوانەش کە پێوەندیی سێکسیان بووە، گوتوویانە کە زیاتر لەگەڵ یەک کەس ئەزموونی سێکسیان بووە.

ئەو توێژینەوەیە هەروەها دەریخستوە کە زیاتر لە نیوەی جیابوونەوەکان لە تاران هۆکاری سێکسیان هەیەو نارەزایەتیی ژنو مێرد لە یەکتریان لە پشتەو زۆربەی کچانی خوێندکاری زانکۆ کە لە خەوتنگەکان دەمێننەوە، لەگەڵ کوڕان پێوەندییان هەبووەو سەدی ١٠ی ئەوان پێش شووکردن ئەزموونی سێکسیان هەبووە.

هەر ئەو توێژینەوەیە دەریخستوە کە سەدی ٢٠ی سەربازەکان لە تاران پێشینەی پێوەندیی سێکسی لەگەڵ کەسانی جیا لە ژنەکانیان هەبووەو سەدی ٢٣ی کوڕانی قۆناغی خوێندنی دەبیرستان نەیانویستوە تا کاتی زەماوەندکردنیان خۆ لە سێکسکردن ببوێرنو چاوەڕوان بمێننەوە.

یەکێک لەو کۆمەڵناسانە دەڵێ لێکۆڵینەوەیەکی لە تاران دەریخستوە کە سەدی ٥٢، واتە زیاتر لە نیوەی کچانی خوێندکاری زانکۆ کە لە خەوتنگەکان دەمێننەوە دۆستی کوڕیان هەیە.

بەهاری ساڵی ڕابردووش مەحموود گولزاری، جێگری وەزارەتی وەرزشو لاوان گوتبووی کە پێوەندیی نێوان کچانو کوڕان لە ئێران لە پێش چوونەزانکۆ لە چاو سەردەمی پێش ئینقلاب سێ هێندەی ئەو کات زیادی کردوە.

گوڵزاری گوتبووی کە جیا لەوە پێوەندیی هاوکات لەگەڵ چەند کەسی کچان یان کوڕان لە چاو پێشوو زیادی کردوە.

ئەوانە هەمووی دەرەنجامی قەدەغەکردنی پێوەندییە سروشتییەکانی دوو مرۆڤە. بەرهەمی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژییە بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە مرۆییەکانی مرۆڤەکان؛ سەرکوتکردنو قەدەغەکردنی غەریزەکان لە غەریزەی ئازادییەوە بگرە تا زۆر غەریزەی مرۆیی دیکەو، پاڵپێوەنانی لە دەرەوەڕا بۆ ژوورەوە، تا ئەو جێیەی « ئازادیهای پواشکی»و تەقینەوەی جینسیی لێدەکەوێتەوە.

بەناوی ئیسلامو شەریعەت هەوڵیان دا پیاوانو ژنان لێک جیا بکەنەوە تا نەکا تووشی گوناح بن، حیجابو خۆداپۆشینی زۆرەملییان داسەپاند کە نەکا لاقو لەتەری ڕووتی ژنێکو تاڵەموویەکی دیارکەوتووی کچێک هەوەساری هەوەس لە دەستی پیاوێک بڕفێنێو فەسادو تاوان بەسەر وڵاتدا نازڵ ببێ؛ پێوەندیو تێکەڵاویی دوو ئینسانی پێگەیشوو و باڵغیان قەدەغە کرد تا پێش بە وێککەوتنیان بگرن، بەڵام ئێستا بە پێچەوانە، ئەوە ڕووی دا کە دەیبینین: پەرەسەندنی پێوەندییە جینسییەکانی نێوان کوڕو کچو پیاو و ژن لە ئاستی تەقینەوەدا، پەرەسەندنی هاورەگەزبازیو هەروەها پەتای خۆڕەحەتکردن.

کاتێک کە ئەوانەو کۆمەڵێک کێشەو قەیرانی دیکەی وەک بێکاریو گرانیو ئێعتیادیش بەرۆکی کۆمەڵگا دەگرێ، دەبینین کە لەشفرۆشی لە گەڕەکو کۆڵانەکانی شارڕا دێتە سەرشەقامو تەمەنی لەشفرۆشییش لە ٣٠ ساڵی پێش ئینقلابەوە بۆ خوار ١٥ ساڵ دادەبەزێ. تاڵو ڕاتڵەکێنەر ئەوەیە کە بەپێی توێژینەوەیەکی مەجلیس سەدی ١١ ی لەشفرۆشەکانی تاران گوتوویانە کە مێردەکانیان بەو کارەیان دەزاننو چونکی ناچارن دەنگی لێدەرناهێنن.

وردبوونەوە لەسەر چەند بەشێکی ئەو توێژینەوەیەی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیس ڕوونتر ئەو ڕاستییە تاڵەمان بۆ دەردەخا. کاکڵی لێکۆڵینەوەی ئەو گرووپە کارناسییە ئەوەیە کە لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ دا تەمەنی لەشفرۆشی لە سەرووی ٣٠ ساڵ بوو، بەڵام ئێستا تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٥ ساڵ دابەزیوە، هەروەها پێشتر سەڵتەکان زیاتر ڕوویان لە لەشفرۆشی دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو دیاردەیە پتر لە نێو خێزاندارەکاندا پەرەی سەندوە.

کارناسە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک هۆکار بۆ پەرەسەندنی لەشفرۆشی لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا و تێکەوتنی سۆزانییەکان بۆ ئەو لادانە ریز دەکەن کە گرنگترینیان بریتین لە: هەژاریو دەسکورتی، بێکاری، تەڵاق، بێ هاناو پشتیوان مانەوەی ژنانی سەرپەرستی خێزان، چوونە سەری تەمەنی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، چوونەسەری ڕێژەی ژنانی گیرۆدە بە مادە هۆشبەرەکان، خواستی زۆری پیاوانی تامەزرۆی پێوەندیگرتن لە گەڵ سۆزانییەکانو داهاتی زۆرو بوونە پیشەیەکی پڕخێروبێر بۆ سۆزانییەکان و هتد. بەڵام گرینگ لێرەدا خەمساردیی بەرپرسانو بەرێوەبەرانی وڵاتە کە وا سووک و ساناو بێ هیچ پلان و پرۆژەیەک بۆ چارەسەری قەیرانو خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، لە تەنیشت ئەو خەسارانە کە رۆژ بە رۆژ لە کۆمەڵگەی ئێراندا پەرە دەستێنن، تێدەپەڕن.

پەرەسەندنی دیاردەی لەشفرۆشی لە ئێران کاریگەریی بەرچاوو نیگەتیڤی لە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک چوونە سەری ڕێژەی ئێعتیاد، پەتای ئایدز، تاوانکاری، کاڵبوونەوەی بایەخە مرۆییەکان و سست و لەرزۆکبوون و لێک ترازانی شیرازەی خێزان هەیەو ئەوەش دەخوازێ کە ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگەی بەهاخوازو نۆرمویستی ئێراندا وەک مەترسییەک بە هێند وەربگیرێ و مشووری ئەوەی لێ بخورێ کە ئاسەوارە زیانبارەکانی بە لانیکەمی خۆیان بگەیەندرێن.

سیاسی

# بەردەوامیی شەڕ لە باکووری کوردستان و دەرەنجامەکانی!



ڕەزا محەممەدئەمینی

ماوەی زیاتر لە ٢٠ ڕۆژە هێزەکانی تورکیە لە باکووری کوردستان دەستیان داوەتە هێرشێکی کەموێنە بۆسەر هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پێکاکا) و شەڕێکی خوێناوی‌یان وەڕێخستوە کە کوژراو و بریندارێکی زۆر لەهەر دوو لایەنی شەڕەکەی لێ‌کەوتۆتەوە. ئەو شەڕو تێکهەڵچوونانە بەتایبەت لە نێو شارەکانی جزیرەی بۆتان و سیلۆپی و ناوچەی سووری باژێری ئامەد (دیاربەکر) زۆر بەخەستی بەردەوامن و هێزە دەوڵەتی‌یەکان کە وەک بۆخۆیان دەڵێن لە زیاتر لە دەهەزار سەرباز بە تانک و زرێپۆش و باڵەفڕەوە پێک‌هاتوون، ئەو ناوچانەیان بەتەواوی گەمارۆ داوە. بە وتەی هەواڵدەری‌یەکان هێزەکانی pkk لەو شار و ناوچانەدا کە گەمارۆ دراون، لەشکری تورک ئیزنی هاتوچۆ بەکەس نادا. بەهۆی هەڵگیرسانی دووبارەی شەڕو پێکدادان، هەتا ئێستا زیاتر لە دووسەد هەزار کەس لە زێد و ناوچەکانیان ئاوارە بوون و ڕوویان لە شوێنەکانی دیکە کردوە. خەڵکی ئەو شارو ناوچانە کە شەڕیان تێدا بەردەوامە، جگەلەوەی لەگەڵ مەترسی‌یەکانی شەڕ و بۆمباران و کوژران بەرەوڕوون، سەرما و سۆڵەی زستان و بڕانی تەزووی کارەبا و نەبوونی خواردەمەنی، بەتەواوەتی شپرزەی کردوون و لەباروذۆخێکی زۆر نالەباردا دەژین.

ئەوە کە سەرەڕای پێناخۆشبوونی نەتەوەی کورد بەگشتی و بەتایبەتی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکان و ڕێکخراوە ئاشتی‌خوازەکانی نێوخۆ و دەرەوەی تورکیە، بۆچی دیسان دەورێکی نوێ لە شەڕو پێکدادان لە نێوان دەوڵەتی تورکیە و هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان‌دا دەستی پێ‌کردۆتەوە، پرسیارێکە کە وەڵامەکەی بۆ زۆر هۆکاری نێوخۆیی و ناوچەیی دەگەڕێتەوە. ڕەوتی ڕووداوە سیاسی‌یەکانی نێوخۆی تورکیە کە دیارە بێ‌گومان کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی بەتەواوی پێوە دیارە، لەماوەی یەک دووساڵی ڕابردوودا، زۆر خێرا بووە و زۆر جاران بە قازانج، یان بە زیانی کوردەکان لەنێوخۆی تورکیەدا شکاوەتەوە.

شک لەوەدا نیە کە ئاڵوگۆڕەکانی دوای هەرەس‌هێنانی یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران و کۆتایی‌هاتنی شەڕی سارد، کە کاردانەوەی لەسەر جێگەو پێگەی وڵاتی تورکیە لە ئاستی جیهانی و ناوچەکە دانا لە لایەک و سەرهەڵدانی خەباتی چەکدارانە لە لایەن «پێ کاکا»وە کە ڕۆڵی سەرەکیی لە شکست پێهێنانی سیاسەتی تواندنەوە و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەی کورد هەبوو لەلایەکی دیکە، دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیەی ناچار بە پاشەکشە لەبەرانبەر کێشەی کورد لەو وڵاتەدا کرد. هەروەها حیزبە کوردی‌یەکانیش توانیان لە بەستێنی تا ڕادەیەک لەباری پێکهاتوو لە فەزای سیاسیی ئەو وڵاتەدا، بەتایبەت لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، کەڵک وەربگرن و کێشەی نەتەوەی کورد لە قەوارەی دڵخوازی تورکیە ، واتە کێشەی بەناو تێرۆڕیزم بێننە دەرێ و بیکەن بە کێشەیەکی سیاسی کە دەبێ ڕێگەچارەی سیاسیی بۆ وەبینرێ.

لەوپێوەندی‌یەدا و بە تایبەت لە پاش هاتنەسەرکاری حیزبی داد و گەشەپێدان، لەگەڵ ئەوەی شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان هێزەکانی پێ کاکا و دەوڵەتی تورکیەدا ماوە ماوە و بەشێوەی پچر پچر، بەردەوام بوو، هەنگاوگەلێکی هەرچەند سەرەتایی بۆ چارەسەری کێشەی کورد و کۆتایی‌هێنان بە شەڕ و بارگرژی‌یەکان هەڵێنرانەوە. بەڵام بەداخەوە ئەو هەنگاوانە، نە لەئاست گەورەیی کێشەی لەمێژینەی نەتەوەی کورد و باکووری کوردستان‌دا بوون و نە هەڵوێستێکی واقعیانە و جیددی و نیازپاکیی دەسەڵاتدارانی بۆ چارەسەری کێشەکە پێوە دیار بوو. بەوحاڵەش نەفسی دوورکەوتنەوە لە کەمالیزم و باوەڕهێنان بەوە کە ناکرێ وەک سەدەی ڕابردوو حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد بکرێ دەسکەوتێک بوو، کە بووە هۆی ئەوەی لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیەدا، حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردیش وەک یاریکەرێکی کاریگەر لە یاری‌یە سیاسی‌یەکان‌دا بەشدار بن. ئەمە خۆی سەرکەوتنێکی زۆر مێژوویی بۆ گەلی کورد لەو بەشە لە کوردستان‌دا دەهاتە ئەژمار.

دوای ئاگربەسی پێ کاکا و دەوڵەتی تورکیە لە ساڵی ٢٠١٣دا و هەنگاوە سیاسی‌یەکان بۆ چارەسەری قۆناغ بە قۆناغی مەسەلەکە، هەروەک دیتمان هیوا و گەشبینی‌یەکی نەزۆر کەم لە باکووری کوردستان و بە گشتی لە ناوچەدا پەیدا بوو. بەتایبەت پاش سەرکەوتنە نەدیتراوەکەی پارتی دێمۆکراتی گەلان (هەدەپە) لە هەڵبژاردنەکانی دەوری یەکەمی پارڵەمانی ئەو وڵاتە لە بەهاری ڕابردوودا و تێپەڕاندنی بەربەستی لەسەدا دەی کۆی دەنگەکان(١٣٪) و حوزووری بەهێزی (٨٠کورسیی پارلمان) ئەو پارتە لەپارڵەمان‌دا، چاوەڕوان دەکرا، دەوڵەتی تورکیە و هەروەها کوردەکان ئەوهەلە بقۆزنەوە و لاپەڕەیەکی نوێ لە خەباتی سیاسی ـ پارلەمانی لەو وڵاتەدا هەڵدەنەوە. ڕەوتێک کە دەی‌توانی کۆتایی بە شەڕی سی ساڵەی تورک و کورد بێنێ و دۆزی کورد بەرەو ڕێرەوێکی دیکە بەرێ کە ڕەنگ بوو داهاتوویەکی زۆر جێی هومێدتر لەوەی کە بیری لێ دەکرایەوە بە دوای خۆی بێنێ.

دوای هەڵبژاردنەکان دەرکەوت کە پارتی دەسەڵاتدار ناتوانێ وەک دوو دەورەی ڕابردوو بەتەنیا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، هەربۆیەش داوای هاوبەندیی لە لایەنەکانی دیکە، یەک لەوان پارتی دێمۆکراتیکی گەلان، هەدەپە کرد کە بەیەکەوە کابینە پێکبێنن. زۆر لە خاوەنڕایان لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە کاتێک‌دا هەدەپە دەی‌توانی بەهاوبەندی لەگەڵ ‹›پارتی داد و گەشەپێدان» بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆی و نەتەوەی کورد و ئەو وڵاتەدا، لە پێکهێنانی دەوڵەت و کابینەی هاوبەش‌دا بەشدار بێ، خۆی لەو دەرفەتە دزی‌یەوە و بەمچەشنە هەلێکی باش لە کیس باکووری کوردستان چوو. ئەوەی لەو بەینەدا و لەپاش بەشداری‌نەکردنی هەدەپە لە هاوبەندی لەگەڵ پارتەکەی ئەردۆغان‌دا براوەی یاری‌یەکە بوو، هەر پارتەکەی ئەردۆغان بوو.

لە ماوەی کورتی کەمتر لە دوو مانگی نێوان هەڵبژاردنی دەوری یەکەم و دەوری دووهەمی پارڵەمان‌دا، ڕووداوگەلێک ڕوویان دا کە بەتەواوی لەگەڵ چاوەڕوانی‌یەکان نەگونجاو بوون. لە تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە شاری کوردنشینی سووروچ لە ٢٠ی ژووئیەی ڕابردوو (٢٩ی پووشپەر)دا ٣٢ کەس کوژران و زیاتر لە سەد کەس بریندار بوون. دوا بەدوای ئەو ڕووداوە هێزەکانی پێ کاکا، دوو پۆلیسیان بە تاوانی دەستهەبوون لەو کردەوەیەدا کوشت و ئەنجامدانی ئەو کردەوەیەیان وەئەستۆ گرت. بەمجۆرە ئاگربەسی نێوان دەوڵەتی تورکیە و هێزەکانی پێ‌کاکا کوتایی پێهات و دەورێکی دیکەی شەڕ لە نێوان هەر دوو لادا دەستی پێ‌کردەوە. شەڕەکانی شاری جەزیرەی بۆتان لە سێپتامبری ڕابردوودا کە لە ئاکامی‌دا نیزیکەی ٤٠ کەس کوژراون و دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون ، هومێدەکانی بۆ ڕاگرتنی شەڕ و دەست‌پێکردنەوەی دانوستاندنەکان بەتەواوی لاواز کرد.

هێرشی بەربڵاوی هێزە ئەمنیی‌یەکانی تورکیە بۆسەر ئەندامان و لایەنگرانی پێ‌کاکا و هەدەپە لە سەرانسەری تورکیە لە ئووتی ڕابردوو (گەلاوێژ)ەوە کە بە وتەی ئەحمەد داود ئۆغلو ٥٩٠ کەس گیراون، تەقینەوەی خۆکوژی لە ڕێ‌پێوانی هەدەپە لە شاری ئانکارا لە ١٠ی ئۆکتۆبر (١٨ی ڕەزبەر)دا کە نیزیکەی ١٠٠ کوژراو ٢٠٠ بریندای لێ‌کەوتەوە و هەدەپە ئەو ڕووداوەی خستە پاڵ هێزە دەوڵەتی‌یەکان و هێرشی بێ‌وێنەی کردە سەر پارتی داد و گەشەپێدان و ڕێبەرەکەی واتە ئەردۆغان و زۆر ڕووداوی دیکە بەر لە هەڵبژاردنی دەوری دووهەمی پارلەمان لە یەکی نۆڤامبر (١١ی خەزەڵوەر)دا بالانسی هێزیان بەتایبەت لە شار و گوندەکانی باکووری کوردستان و سەرانسەری تورکیە بە قازانجی ئەدۆغان و حیزبەکەی گۆڕی. ئەو حیزبە لەو هەڵبژاردنەدا توانی بە کۆکردنەوەی دەنگێکی ڕەها بەتەنیا و بە بێ حەوجێ‌بوون بە حیزب و لایەنی دیکە زۆرینەی پێویستی دەنگەکان بۆ پێکهێنانی کابینە دەستەبەر بکا. هەروەها توانی جێگە و پێگەی پێشووی خۆی لە نێو باکووری کوردستان‌دا کە پێش هەڵبژاردنەکانی دەوری یەکەم هەستی خەڵکەکەی لە پێوەندی لەگەڵ شەڕەکانی کۆبانی لە ڕۆژئاوا و سەرکوتی خۆپێشاندانەکانی ئامەد بریندار کردبوو، تا ڕادەیەکی زۆر تەرمیم بکاتەوە. لەبەرانبەریش‌دا هەدەپە کە هەروەک باس کرا ٨٠ کورسیی پارڵەمانی و ١٣٪ ی دەنگەکانی لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردنەکان‌دا وەدەست هێنابوو، ئەمجارەیان هەرچەند توانی بەربەستی ١٠٪ ببڕێ، بەڵام بەداخەوە کورسی‌یەکانی بۆ ٥٩ کورسی دابەزین.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی دەوری یەکەمی پارڵەمان‌دا هەتا ئێستا، ئەگەر بگوترێ کە کوردەکانی ئەم بەشەی کوردستان دەیان‌توانی باشتر عەمەل بکەن و بیانوو نەدەن بە ئەردۆغان و پارتەکەی و بە گشتی ئەو کەس و لایەنانەی دژی چارەسەری ئاشتی‌یانەی مەسەلەی کوردن و زۆرتر لایەنگری شەڕ و ئاژاوەن، شتێکی حاشاهەڵنەگرە. دیارە ئەو کار و کردەوە سەرەتایی و ڕووکەشی‌یانە کە پارتی داد و گەشەپێدان لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی زمان و گۆڤار و کردنەوەی کاناڵی تەلەویزیۆنی بەزمانی کوردی‌دا کردوونی، لەلایەک بەرهەمی خوێن و خەبات و بەرخۆدانی چەندین ساڵەی کوردەکان و پێ‌کاکان کە جێی ڕێزە، لەلایەکی دیکەش مەسرەفی دەرەکیی هەبووە و زۆرتر بۆ چەواشەکردن و هەڵخەڵەتاندنی وڵاتانی ئورووپایی و زەقکردنەوە و بەچاودادانەوەی ئەو بەناو دێمۆکڕاسی‌یەیە کە بۆ خۆیان باوەڕیان پێی هەیە و لەڕاستی‌دا هەر ڕواڵەتەکەی وەک دێمۆکڕاسی دەچێ.

ئەوەش کە کوردەکان بە تایبەتی پارتەکەیان (هەدەپە) دەیان‌توانی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەردۆغان و پارتەکەی دەوڵەت و کابینە پێکبێنن، بەمانای چارەسەری کێشە و گرفتەکان لە کورت‌خایەن‌دا نەبووە و نیە، ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە، خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی‌یەکانی نەتەوەی کورد لە قۆناغی شاخڕا دەهاتەوە بۆ قۆناغی پارڵەمانی و دەوڵەت. بەدڵنیایی‌یەوە ئەو چەشنە لە خەبات هەم زیانی گیانی و ماڵوێرانی و خاپووربوونی لەوە زیاتری باکووری کوردستانی لێ‌نەدەکەوتەوە، کە خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی بەژان و دڵتەزێنە، هەم ڕق و کین و تووڕەیی نێوان پێکهاتەکانی تورکیەی بەرەو هێوەر بوونەوە دەبرد و ڕێخۆشکەر دەبوو بۆ زۆر دەسکەوتی بەنرخ کە ڕەنگە لە مەیدانی توندوتیژی‌دا دەست نەکەون، یان بۆ دەستکەوتنیان دەبوو لایەنەکان و یەک لەوان نەتەوەی کورد کوێرەوەریی لەوە زۆرتر بکێشن.

بەو حاڵەش ئەوەی لەو چەند مانگەدا دەرکەوتوە و ئێستا بە توندترین شێوە بەردەوامە، ئەوەیە کە تورکیە لەلایەک بەتەمایە بە ناو ئەو شەڕەی کە لەگەڵ داعش دەیکا! و لەلایەکی دیکەش ئەو هێرشانەی دەیان‌کاتە سەر هێزەکانی پێ‌کاکا و ئەو کوشتارەی لە خەڵکی بێ‌تاوانی شارو گوندەکانی باکووری کوردستان‌دا دەکرێ، لە چوارچێوەی بەناو شەڕ لەگەڵ تێرۆڕیزم‌دا وەسەریەک بخاتەوە. ئامانجی تورکیە کەڵکوەرگرتن لە دیاردەی داعش و سەرقاڵبوونی کۆمەڵگەی جیهانی بەو سەرەتانەوەیەو دەیەوێ لەو بەینەدا ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی جووڵانەوەی کوردەکان‌دا بۆی نەکراوە، ئێستا جێ‌بەجێی بکا. جگەلەوەش، تورکیە باش دەزانێ کۆمەڵگەی جیهانی و بەتایبەت وڵاتانی ئورووپایی بەدەست قەیرانی ئاوارەکان و کۆچی بەکۆمەڵی ئەوان بەرە ئەو وڵاتانە بەرەوڕوویە. هەروەها ئەوەش دەزانێ کە دەتوانێ چ ڕۆڵێکی هەبێ و چۆن کەڵک لەو قەیرانە وەرگرێ و گوشار بخاتە سەر وڵاتانی ئورووپایی و چ ئیمتیازگەلێکی ئابووری و سیاسی لەو بەینەدا مسۆگەر بکا.

دیارە خەون و ئیستراتێژی و ئامانجەکانی تورکیە و حیزبی داد و گەشەپێدانی ئەردۆغان، لە نێوخۆی تورکیە و لە ناوچەدا بێگومان گەڕانەوە بۆ هێز و دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی‌یەکانە و ئەو حیزبەو ڕێبەرەکەی نەیان‌شاردۆتەوە کە دەیانەوێ ئەگەر هەر نەبێ لە چوارچێوەی تورکیەی ئێستادا ئەو شێوەیە لە دەسەڵاتداری دابمەزرێننەوە.

ئەوە کە ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی بتوانن بە هێرشی لەشکری و تانک و تۆپ و تەیارە، جووڵانەوەی کورد لەوبەشە لە کوردستان دابمرکێنن و سەرکوتی بکەن، بیرۆکەیەکی نەزۆکە کە هەر ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان خەونی پێوە دەبینن. تورکیە ئەوکات کە زۆر کەمتر لە ئێستا کێشەی نێوخۆیی و دەرەکیی پڕژانەسەری هەبوو، توانای سەرکوت و دامرکاندنی ئەو جووڵانەوەیەی نەبوو، ئێستا کە لەگەڵ زۆر کێشەی نێوخۆیی و دەرەکی بەرەوڕوویە، چۆن دەتوانێ بە شەڕ و هێرش و سەرکوت و زیندان ، بەر بە حەرەکەتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لەو بەشە لە کوردستان‌دا بگرێ.

پارتی داد و گەشەپێدان، لەکورت‌خایەن‌دا ڕەنگە بتوانێ لە ناکۆکی‌یەکانی نێوان هێزە ناوچەیی و دەرەکی‌یەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورد بە گشتی کەڵک وەرگرێ، بەڵام هەم کورد و هێزەکانی لە تورکیە، چ لە گۆڕەپانی شاخ و چیاکان‌دا و چ لە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆیی و پارلمانیی ئەو وڵاتەدا ئەوەندە بەهێزن کە ئەو پارتە و دەوڵەت و لەشکرەکەی باشاری ناکەن، هەم کورد وەک نەتەوەیەک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا و لە کایەی سیاسی و نیزامیی بە کردەوەدا ئەوەندە ڕۆڵی ئەکتیڤ و حاشاهەڵنەگری هەیە کە تورکیە ناچار دەبێ، حیسابی بۆ بکات و لە کۆتایی‌دا ملی بۆ ڕاکێشێ.

هەروەک مێژووی هاوچەرخ دەری‌خستوە ڕێگە چارەی چارەسەری کێشە و گیروگرفتە ناوچەیی‌یەکان، وەک کێشەی ڕەوای نەتەوەکەمان، شەڕ و لەشکرکێشی و نکوولی لە بوونی نەتەوەکەمان نیە؛ تورکیە هەتا کەی دەتوانێ خەباتی نەتەوەی کورد بە تێرۆر لەقەڵەم بدا؟ بە دڵنیایی نە کورد لە باکووری کوردستان واز لە ماف و ئازادی‌یەکانی دێنێ، نە تورکیە دەتوانێ کورد بە چۆکدا بێنێ و، نە کۆمەڵگای جیهانی لەوە زیاتر باوەر بە چەواشەکاری‌یەکانی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان دەکا. کەوابوو ژیرانەترین ڕێگا، ڕێگای ئاشتی و پێکەوەژیان و خۆبواردن لە شەڕ و توند و تیژی و دەمارگرژیی ڕەگەزپەرستانەیە.



**ئەوەش کە کوردەکان بە تایبەتی پارتەکەیان (هەدەپە) دەیان‌توانی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەردۆغان و پارتەکەی دەوڵەت و کابینە پێکبێنن، بەمانای چارەسەری کێشە و گرفتەکان لە کورت‌خایەن‌دا نەبووە و نیە، ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە، خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی‌یەکانی نەتەوەی کورد لە قۆناغی شاخڕا دەهاتەوە بۆ قۆناغی پارڵەمانی و دەوڵەت**

# سپای پاسداران چۆن مافیائاسا دەسەڵاتی بازاڕی ڕەشی ئێرانی گرتۆتە دەست!

ئابووری

سەعید قاسمی‌نژاد (*)
وەرگێڕان بۆ کوردی: عەلی بداغی

پاسدارەکان، یان هەمان ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی ئەو گرووپە شارلاتان‌و شەڕانخێوە بوون کە لە سەردەمی حکومەتیی پاشایەتی‌دا خرابوونە پەراوێزەوە. ئەوان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بناغەکانی سپای پاسدارانیان دامەزراندو بوون بە گرینگترین ئامرازی سەرکوت کە بە دەستی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بوو.

سپای پاسداران لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا زۆر گۆڕانکاری‌یان ئەزموون کردوەو ڕایەڵەیەکی چەکداری ـ ئابووریی ئاڵۆزو تەنراویان پێکهێناوە. ئەوان هەر بە ئابووریی ئاسایی‌یەوە نەنووسان، بەڵکوو جڵەوی ئابووریی ژێرخانەکانی ئێران‌یان گرتە دەست‌و دەسەڵاتی خۆیان لەو بەشانەش‌دا پەرە پێ‌داو لەو پرۆسەیەدا بوون بە کارتێلێکی مافیایی. هەر بۆیەش سەیر نیە کە سپای قودس( باسکی عەمەلیاتە نێودەوڵەتی‌یەکانی سپای پاسداران) لە تەرحی تێرۆری باڵوێزی عەرەبستان لە واشنگتۆن لە ساڵی ٢٠١١دا، هەوڵی‌دا بە هاوکاریی مافیاکانی ماددەی هۆشبەری مەکزیک ئەو کارە بکا.

بە کەمێک وردبوونەوە لە ڕۆڵی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئابووریی سێبەر (ژێرزەمینی)ی ئێران‌دا بۆمان دەردەکەوێ کە سپای پاسداران زۆر بەباشی لەو بوارەی ئابووریی ئێران دەزانێ‌و بەڕێوەی دەبا.

ئابووریی سێبەر لە ئاستی جیهانی‌دا بەشێکی گرینگ لە چالاکی‌یە ئابووری‌یەکانی دنیا دەگرێتەوە. بەمجۆرەی کە سندووقی نێودەوڵەتیی دراو باسی دەکا، لاوازی دەسەڵاتی قانوون لە هەر وڵاتێکدا پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە قەبارەی ئابووریی سێبەر لەو وڵاتەدا هەیە.

لە ئێراندا دەسەڵاتی قانوون یەکجار لاوازەو هەر بەو هۆیەشە کە ئابووری سێبەر ڕمێنی هەیە. سپای پاسدارانیش کاراکتێری سەرەکیی ئەو ئابووری‌یە سێبەرەیە. ئابووریی سێبەر بۆ سپای پاسداران سەرچاوەی داهاتێکە کە کەس ناتوانێ لێی بپرسێتەوەو ئەوە بۆ تێگەیشتن لە تواناو جموجۆڵەکانی سپا گرینگیی زۆری هەیە.

ئابووریی سێبەر بەمجۆرەی کە بەڕێوەبەرایەتیی ماڵیاتی ئەمریکا پێناسەی دەکا؛ دەرخەری داهاتی ناقانوونی‌و بەدوور لە چاوەدێریی ڕەسمیی حکومەتە. ئابووری سێبەر دەتوانێ داهاتی قانوونی بۆ خۆدزینەوە لە ماڵیات‌و سپی‌کردنەوەی پووڵ (پولشوویی) بێ تا بازرگانیی کۆمەڵێک کاڵاو کەرەستەی تەواو ناقانوونی وەک چەک‌وچۆڵ‌و ماددە هۆشبەرەکان.

ئاستەمە بڕو بایەخی ئابووریی سێبەر بە وردی بزاندرێ‌و خەمڵاندنەکەشی دژوارترە لە زۆر پێوەری ئابووری وەک ئاستی بەرهەمهێنانی ناخالیسی میللی.

توێژینەوەکانی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو دەریان‌خستوە کە بایەخی ئابووری‌یەکی سێبەر لە وڵاتێکی لە حاڵی گەشەدا نیزیک سەدا ٣٥ تا سەدا ٤٤ ی هەموو بەرهەمهێنانی ناخالیسی میلليی ئەو وڵاتەیە. شێوازی جۆراوجۆریش بۆ دەرخستنی قەبارەی ئابووریی سێبەری ئێران گیراوەتە بەرو هیندێک لە بەراوردەکان دەڵێن قەبارەکەی کەمتر نییە لە سەدی ٣٦ ی بەرهەمهێنانی ناخالیسی میلليی ئەو وڵاتە.

هێنانەبەرچاوی ئەوەش کە ئەو بڕە داهاتە لە سەردەمی سەرکۆماریی مەحمود ئەحمەدی نژاددا دەبێ زیاتریش بووبێ، بە تەواوی لەجێی خۆی دایە. سەردەمێک کە لەودا گەمارۆ نێودەوڵەتی‌یەکان پشتی ئابووریی ئێرانی شکاندو دەورلێدانەوەی گەمارۆکان بۆ هەناردەو هاوردەی ئێران بوو بە ئەمرێکی واقع‌و ژیانەکی. ئەو پەروەندەو باسانەی ئەو ماوەیە لە دادگاکانی ئێران‌دا بۆ بەدواداچوون بۆ گەندەڵی‌و مامەڵە ناقانوونی‌یەکان لە سەردەمی سەرکۆماریی مەحموود ئەحمەدی نژاددا کراونەتەوە، بەڕوونی گرینگیی ئابووریی سێبەر لەو قۆناغەدا دەردەخەن.

وەزارەتی ئابووریی ئێران لەم دواییانەدا لێکی داوەتەوە کە ئەو شیرکەتانەی لە نێوان سەدا ٢٠ تا سەدا ٢٥ ی بەرهەمهێنانی ناخالیسی میللی پێکدێنن، ماڵیات نادەن. ئەگەر ئابووریی سێبەر لە ئێران بە سەدی ٢٥ دابنێین، بایەخی ئابووریی لە سێبەری ئێران بەپێی بەرهەمهێنانی ناخالیسی میلليی ئێستای ئێران، خۆ لە ١٠٠ میلیارد دۆلار دەدا. بەڵام خۆ ئەگەر بە لێکدانەوەی سەدی ٣٥ ە پێشنیارکراوەکەی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو بێ، ئەو کات بایەخی ئابووریی سێبەر لە ئێران زیاتر لە١٤٠ میلیارد دۆلار دەکا. دیارە ڕوون نیە لەو ١٠٠ تا ١٤٠ میلیارد دۆلارە چەندی بە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دەبڕێ، بەڵام بە وردبوونەوەی زیاتر لە سەر چالاکییە بەربڵاوەکانی سپای پاسداران لە هەموو ڕەهەندکان بۆمان دەردەکەوێ پشکی شێریان

رێ‌یەکانی ترانزیتی ماددەی هۆشبەر لە جیهانە.

وەزیری نێوخۆی ئێران لەم دواییانەدا ڕایگەیاند کە بایەخی ماڵیی ماددەی هۆشبەری فرۆشتراو لە ئێران لە ساڵدا خۆ لە ٣ میلیارد دۆلار دەدا، کە ئەوە جیا لە تێچووی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر لە ئەفغانستان‌ڕا بۆ هێندیک ناوچەی ترانزیت وەک باڵکانە. هەر لەو پێوەندییەدا وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا ئیسماعیل باغانی، جێگری فەرماندەی گشتیی سپای پاسدارانی بەهۆی دەست تێداهەبوون لە قاچاغی ماددەی هۆشبەر خستۆتە لیستەی ڕەشی گەمارۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. سپای پاسداران هەروەها لە ڕێگەی




بەردەکەوێ‌و بەشی هەرە زۆری ئەو داهاتە ناقانوونی‌یە دەچێتە گیرفانی سپای پاسدارانەوە.

سپای پاسدارانی ئێران گەورەترین کارتێلی قاچاغ لەو وڵاتەیە. مێهدی کەڕووبی لە سەرەتاکانی دەیەی ٢٠٠٠ داو ئەو کات کە سەرۆکی مەجلیسی ئێران بوو بە توندی چالاکیی بەندەرە ناقانوونی‌یەکانی ژێر دەسەڵاتی سپای پاسدارانی دابووە بەر ڕەخنە. ئەحمەدی‌نژادیش کە گەورەترین دوژمنی سیاسیی کەڕوبی‌یە، ئەویش سپای پاسدارانی بە « برا قاچاغچی‌یەکانی خۆمان» ناوبرد.

سپای پاسداران کۆنترۆڵکردنی هەموو سنووورە ئاوی، ئاسمانی‌و ویشکایيەکانی ئێرانی بەدەستە. بەندەرەکان، فڕۆکەخانەو ڕێگاوبانەکانیش هەموو لە پاوانی سپا دان‌و هیچ کۆسپ‌و ڕێگرییەکیش لە بەردەم سپای پاسداران نیە بۆ بەکارهێنانی ئەو سنوورو ئیمکاناتە بۆ کاری قاچاغ و ئاخنینی گیرفانیان.

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەی جۆراوجۆرو یەک لەوان بەڕێوەبەرایەتیی گومرک‌و مەجلیسی ئێران بایەخی ئەو کاڵاو کەلوپەلانەی بە قاچاغ دێنە ئێران لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ میلیارد دۆلارە. ئێران کە یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهان، بە دەست هەناردەی ناقانوونیی نەوتیشەوە دەناڵێنێ. هۆکارەکەشی ئەوەیە نرخی سووتەمەنی لە ئێران کەمترە لە وڵاتانی دراوسێی. کاربەدەستانی ئێران دەڵێن لە ساڵدا هەرنەبێ ٢٠ میلیۆن لیتر سووتەمەنی لە ئێران بە قاچاغ دەبردرێتە دەرێ‌و بەراوردی ئەوە کراوە کە لە چەند ساڵی ڕابردووداو لە ساڵدا بایی زیاتر لە ٧ میلیارد دۆلار نەوت‌و سوتەمەنی لە ئێران‌ڕا بە قاچاغ بردراوەتە دەرێ.

سپای پاسداران جیا لەوەی خۆی بەرهەمهێنەری سەرەکیی چەکوچۆڵ لە ئێرانە، بەڵام لە هەمان کات‌دا گەورەترین قاچاغچیی چەک لەو وڵاتەشەو، چەک‌و چۆڵ‌و تەقەمەنی‌یە دروستکراوەکانی خۆی دەگەیەنێتە دەستی میلیشیا گوێڕایەڵەکانی، وەک حیزبوڵڵای لوبنان‌و گرووپە تێرۆریستی‌یەکانی دیکە لە ناوچە.

قاچاغی ماددە هۆشبەرەکانیش یەکێکی دیکە لە بوارە سەرەکی‌یەکانی ئابووری ژێرزەمینیی ئێرانە کە لەژێر کۆنترۆڵی سپای پاسداران دایە. سنووری دوورو درێژی ئێران لەگەڵ پاکستان و ئەفغانستان یەکێک لە سەرەکیترین‌و قەرەباڵغ‌ترین

حیزبوڵڵای لوبنانەوە پێوەندیی زۆر باش و نیزیکی لەگەڵ کارتێلەکانی ماددەی هۆشبەر لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ناوەندی‌دا هەیە.

سپای پاسداران کاراکتێری سەرەکی لە ئابووری سێبەر لە ئێرانە و ئەوە بۆ سپای پاسداران سەرچاوەی داهاتێکی یەکجار بەبایەخە. ئەو داهاتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سپا بەستراوە بە سیاسەتمەدارە مەدەنییەکان نەبێ‌و هەروەها وای‌کردوە کە سپای پاسداران بەسەر دنیای ژێرزەمینیی ئێران‌و گرووپە ناقاوونی، سەرکێش‌و شەڕانخێوەکان‌دا زاڵ بێ‌و دەماری ئەوانیشی بەدەستەوە بێ.

بۆ نموونە سەردار حوسێن هەمەدانی کە هەر لەم دواییانەدا لە سوریە کوژرا، لە وتووێژێک‌دا گوتبووی کە چۆن سپای پاسداران لە ڕەوتی سەرهەڵدانی «بزووتنەوەی سەوز»دا گرووپە شارلاتان‌و چەقۆکێش‌و لۆمپەنەکانی بۆ سەرکوتی خەڵک ڕێکخستوە و بەکاری هێناون.

ڕۆڵی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئابووریی سیبەردا ئەو هەل‌و بوارەی داوەتێ کە پەرە بە توانا ماڵی، سیاسی و عەمەلیاتی‌یەکانی خۆیان لە ئێران‌و ناوچەکانی دیکە لە جیهاندا بدەن. سپای پاسداران کە لەوانەیە بەهێزترین‌و پۆشتەترین ڕایەڵەی تێرۆریستیی سەردەمی ئێستابێ، توانای ئەوەی هەیە کە ڕایەڵەیەکی جیهانیی ناقانوونی لە جیهان‌دا پێکبێنێ و بەڕێوەی ببا.

حکومەتی ئەمریکا دەبێ وەک تێرۆریست مامەڵە لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانە بکا کە ئەندامی سپای پاسدارانن یان خۆ دەیانەوێ هاوکاریی سپاو ئیمپراتۆرییە ئابوورییەکەی بکەن. ئەمریکا دەبێ وابکا کە سپای پاسداران نەتوانێ دنیای ژێرزەمینیی ئەمریکا بە قازانجی خۆی بەکار بینێ‌و خۆی پێ بەهێزتر بکا.

**************

دەقی ئینگلیسیی ئەو نووسینە لە ماڵپەڕی «بیزنس اینسایدر»دا بڵاو بۆتەوە.

(*) سەعید قاسمی‌نژاد لێکۆڵەری بنیاتی بەرگری دێموکراتی‌یەکانە لە ئەمریکا.

## رۆژەڤی ئێران

# خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە ئێران و هۆکاری پەرەسەندنیان



حەسەن شێخانی

١) پێویست ناکا کارناس یان چاوەدێری سیاسی و جڤاکی بی، بۆ ئەوەی بزانی لە کۆمەڵگەی ئێران‌دا چ دەگوزەرێ و لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە خەڵکی ئێران لە چ دۆخێکی کارەسات‌باردا دەژین. بە قسەکردنێکی ئاسایی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ئێران بۆت دەردەکەوێ کە کۆمەڵگەی ئێران تووشی چ بەڵاگەلێکی کۆمەڵایەتی بووە و ئەگەر مودیرییەت و چارەسەر نەکرێن کۆمەڵگە لەگەڵ مەترسیی هەڵوەشانەوە بەرەوڕوو دەکەن.

لە کۆمەڵگەیەکی ساغ و ئاسایی‌دا مرۆڤەکان وەک ئەندامەکانی لەشێک وان کە ئەگەر یەکیان بێشێ، ئەوانی دیکەش ئارام و قەراریان نامێنێ. وردبوونەوە لە دۆخی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێران، مرۆڤ تووشی شۆک دەکا و دەی‌هەژێنێ. زۆر جار ئەو پرسیارە لای مرۆڤ دروست دەبێ کە بڵێی ئەو شتەی کە توماس هابز، فیلسووفی سیاسیی سەدەی ١٦ی زایینی، لەسەر دۆخی بەرلە دروست‌بوونی دەوڵەت گوتوویەتی، کە مرۆڤەکان لەو دۆخەدا گورگی یەکترن، بۆ کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێرانیش ڕاست نەبێ!

بە پێی قسەی کارناسان، کۆمەڵگەی ئێران تووشی چەشنێک بێ‌ئەخلاقی بووە. مۆڕاڵ و ئەخلاقیات زۆر کاڵ بوونەوە. کاتێک لە گۆڕەپانی تەجریشی تاران، کەسێک لە بەرچاوی خەڵک یەکێکی دیکە دەداتە بەر چەقۆ و دەیکوژێ، بێ ئەوەی کە ئەو خەڵکەی بینەری ئەو کارەساتەن، وەخۆ کەون و ڕێگریی لێ‌بکەن؛ کاتێک تەقەڵی دەم‌وچاوی منداڵێک دەردەهێننەوە، تەنیا لەبەرئەوەی بنەماڵەکەی توانای دانی تێچووەکەیان نەبووە؛ کاتێک کڕین و فرۆشتنی منداڵ لە نەخۆشخانەکانی تاران‌دا دەبێتە دیاردە و بە قسەی سەرۆکی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی شۆڕای شاری تاران منداڵی بێ‌سەرپەرست لە ناچاری و برسیەتی سەرپایی هەوری دەخوا! ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن کە تراژیک‌بوونی دۆخی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێرانمان بە تەواوی بۆ دەردەخەن.

بە پێی ڕاپۆرتێکی ئەم دوایی‌یانەی نووسینگەی لێکۆڵینەوە ستراتیژیکەکانی سەرکۆماری، متمانەی نێوان خەڵک بۆ ١٠ لە سەد دابەزیوە، پێوانەی دروستی و «ئەمانەتداری» لە نێوخەڵک‌دا تەنیا ٨ لە سەدە. لە حاڵێک‌دا ئەو ڕێژانە لە وڵاتانی سکاندیناوی لە سەرووی ٧٠ لە سەدەوەن. هەرئەم ڕێژانە دەرخەری دارمانی ئەخلاقیی کۆمەڵگەن.

لە کۆمەڵگەی ئێران‌دا ڕێژەی تەڵاق زۆر لە سەرێ‌یە. درۆکردن پەرەی‌سەندوە. متمانەی نێوان خەڵک زۆر لاواز بووە. ڕۆژ نیە گەندەڵی و دزی لە نێو سیستمی زاڵ‌دا نەبێتە ڕۆژەڤی ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان. سیستمێکی وا بۆخۆی دەبێتە ئۆلگوویەکی خراپ و پەرەپێدەری ئەو خەسارانەی باسمان کردن. لە لایەکی دیکە بە هۆی لێ‌نەزانی و خراپیی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە، ئێران لەگەڵ قەیرانێکی قووڵی ئابووری بەرەوڕوویە. قەیرانێک کە سەرچاوەیەکی سەرەکیی خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکانە. قەیرانێک کە لە درێژەی خۆی‌دا بۆتە قەیرانێکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆزو بەرفراوان لە ئێران‌دا. سیستمی زاڵ تەنیا سەرمایەی ئابووریی وڵاتی بەفیڕۆ نەداوە و تاڵانی نەکردوە، بەڵکوو سەرمایەی کۆمەڵایەتیی ئێرانیشی لەگەڵ خەسارێکی گەورە بەرەوڕوو کردوە. لە خۆڕا نیە کە لە کۆمەڵگەی ئێران‌دا نۆرم و بایەخە کۆمەڵایەتی‌یەکان کاڵ بوونەوە و دژە بایەخەکانیش پەرەیان سەندوە و ئاسایی بوونەوە. لە خۆڕا نیە کە شاهیدی ئەو هەموو گیروگرفتە کۆمەڵایەتی‌یانەین. هەمووی ئەوانە بەرهەمی ئەو سیستمەن کە ئێرانی تووشی کاولکاری و وێرانی‌یەکی زۆر کردوە.

٢) ئەگەر وای‌دابنێین کە خاوەن‌ڕایان و کارناسانی خەمخۆر بۆ ئەوەی سەرنجی دەسەڵات بۆ لای خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان ڕابکشێن، قووڵایی قەیرانی کۆمەڵایەتی زیاتر لە واقیع بەرجەستە دەکەنەوە و ئەگەر واقیعییەتی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئێران‌دا بەو ڕادەیە ڕەش و هیوابڕ نەبێ و وەک بەشێک لە شارەزایانی کۆمەڵایەتی دەڵێن هێشتا خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان نەبووبنە گرێ‌کوێرە، بەڵام کۆدەنگی‌یەکی تەواو هەیە کە کۆمەڵگەی ئێران بەدەست قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی‌یەوە دەناڵێنێ و ئەگەر بە شێوەیەکی کارناسانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکرێ ئاڵۆزتر و قووڵتریش دەبێتەوە. کۆمەڵگەیەک کە بەشێکی بەربڵاوی خەڵکەکەی لەگەڵ کێشەی گەورە و بچووکی کۆمەڵایەتی بەرەوڕوون، نەتەنیا کۆمەڵگەیەکی ئاسایی نیە بەڵکوو لە بەردەم هەڵوەشانەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی‌دایە. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئەو خەسارانە ئەوەندە پەرەیان سەندوە؟ لە جێدا بنەمای بەڕێوەبەریی، کاری کارناسانە و گەڕانەوە بۆ پسپۆڕان لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دایە. لە ئێران‌دا بەزۆری کار بە کارزان ناسپێرن، خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا پەراوێز دەخرێن، بابەتە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە بیاڤی ئاکادێمیک نەسپێراون و زۆرتر لە دەلاقەی سیاسی‌یەوە لێ‌یان دەڕوانن؛ بەم هۆیانەیە کە ئەو خەسارانە پەرەیان سەندوە و ئەگەری ئاڵۆزتربوونیشیان هەیە. ئەگەر سەیری چاپەمەنی و ڕۆژنامەکانی ئێران بکەن بۆتان دەردەکەوێ کە زۆربەی پرسەکان لە دەلاقەی شەڕی نێوان باندەکانی دەسەڵاتەوە تەماشا دەکرێن. لەم حاڵەتەدا ناکرێ چاوەڕێی گۆڕانی دۆخی هەنووکەیی بین.

ئێران هەتا ئێستاش لە خانەی وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندن‌دا پێناسە دەکرێ. خەڵکی ئێران کاریگەری‌یەکی جیدی‌یان لە سەر چارەنووسیان نیە. وەختێک لاوانی ئێران دەبینن لە دەسەڵات و پێکهاتەی سیاسی‌دا بەشدار نین، تووشی دڵساردی دەبن و لە هەمبەر پرسە گشتی‌یەکانیش‌دا کەمتەرخەم دەبن. وەختێک لە ئەنجامی سیستمی ویلایەتی فەقیهدا لاوان دەگەڵ گیروگرفتی بێکاری بەرەوڕوون یان کاری گونجاو لەگەڵ شارەزایی و دەرسەکەیان پەیدا ناکەن، دڵسارد دەبن و ئاسانتر تووشی خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەبن.

کێشەیەکی گەورەی ئێران ئەوەیە کە ئەگەر بەرنامەیەکیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان دادەنرێ، بە هۆی ئەوەی‌کە میکانیزمەکانی لێ‌پرسینەوە کێشەی جیدی‌یان هەیە، جێبەجێ ناکرێ.

ڕێگەچارەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی کۆمەڵایەتیی ئێران ئەوەیە کە لە ڕای کارناسان کەڵک وەربگیرێ و خەڵکیش بە شێوەیەکی سیستماتیک شوێنەواریان لە سەر چارەنووسی خۆیان هەبێ.

# هەڕەشەکانی بەردەم ئەمنییەتی جیهان

سیاسی

ڕەوەز

شەڕ و ماڵوێرانی و ئاوارەبوونی میلیۆنان خەڵک لە وڵاتە شەڕلێدراوەکانی باکووری ئەفریقا و خۆرهەڵاتی نیوەڕاست و بوونی بە هێزی داعش و ڕێکخراوە تێرۆڕیستی‌یە جیهادی‌یەکان لە سەر "ئەرزی واقیع" و کردەوە خوێناوی‌یە تێرۆڕیستی‌یەکانیان کە تەنانەت ژیان و گوزەران و ئەمنییەتیان لە وڵاتانی ئوروپاییش‌دا لە مەترسیی هاویشتوە و سیاسەتە دژ بەیەکەکانی زلهێزە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان لە ئاست ئەو کارەساتانەدا، هەر ئێستا هەڕەشەیەکی زۆر جیددین لە سەر ئەمنییەتی جیهان. ڕەنگە لە دوای قەیرانی مووشەکیی کووبا لە ساڵی ١٩٦٢دا کە خەریک بوو ببێتە هۆی شەڕی ناوکیی نێوان یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو و ئەمریکا دا، هیچکات جیهان وەک ئێستا لەگەڵ هەڕەشەی پێکدادان و شەڕێک کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە تەواوییەتی خۆی‌دا دەخاتە مەترسیی لەنێوچوونەوە، بەرەوڕوو نەبووبێ.

ڕاستە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی شەڕی سارد لە نێوان بەرەی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا دەستی پێکرد و کێبەرکێی ناوکی گەیشتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار و تەنانەت شەڕ و پێکدادانی ناوچەیی زۆر خوێناوییش، وەک شەڕەکانی ئیسرائیل و عەرەبەکان و کۆرە و ویێتنام و کامبۆج و شەڕی ئەفغانستان و شەڕە بێ‌ئاکامە هەشت ساڵەکەی ئێران و عێراق... ڕوویان‌دا و زۆر ئاڵوگۆڕی سیاسی و جوغرافیایی‌یان لێ‌کەوتەوە، بەڵام بەوحاڵەش ئەمنییەتی جیهانی‌یان بەگشتی وەک ئەمڕۆ نەخستبووە مەترسی‌یەوە. ئەمڕۆکە جگە لە سەرەتانی داعش و ڕێکخراوە تێرۆڕیستی‌یە دەمارگرژە ئیسلامی‌یەکانی دیکە کە هەر کامیان بە ناوی خودا و ئیسلام و شەریعەت و بە دروشمی "اللەاکبر" خەریکی جینایەت و کوشت و کوشتارن کە لەگەڵ هیچ‌یەک لە دین و ئایین و مەزهەبەکان‌دا ناگونجێ، زلهێزە ناوچەیی و جیهانی‌یەکانیش هاتوونەتە گۆڕەپانی شەڕەکان و هەرکامیان بە بێ‌گوێ‌دان بە ناوەرۆک و کاکڵەی ڕاستەقینەی سەرهەڵدانی کێشە ئاڵۆزەکان، لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان‌دان و لەو ڕوانگەیەوە دەڕواننە کێشەکان و داهاتووی خەڵکی بێ‌دەرەتان و ماڵکاولکراوی ئەو وڵاتانە.

ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی ڕوو دەدەن و هەر یەک لەوانیش کاریگەریی خۆیان لە سەر ئاڵۆزترکردن یان هێورکردنەوەی بارگرژی‌یەکان دەبێ و پێشبینی‌کردنی داهاتوو زۆر ئاستەمە. ئێستا یاریکەرە سەرەکی‌یەکانی نێو کێشەکان بە سەر دوو بەرەی جیاوازدا دابەش بوون و سەرەڕای ئەو هیوایەی لە دوای وتووێژەکانی کۆنفرانسی وییەن و دانیشتنەکانی وڵاتانی ناسراو بە "جی٢٠" بەدی دەکرا، بە بەردانەوەی فڕۆکە شەڕکەرەکەی ڕووسیە لە لایەن تورکیەوە، ئاڵۆزی و بارگرژی‌یەکان زۆر لە جاران قووڵتر بوونەتەوە. ڕووسیە کە خۆی وەک زلهێزێکی جیهانی و هاوشانی ئەمریکا لە جیهان‌دا دەبینێ، بە کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە شەڕکەرەکەی، هەست بە شکانی شکۆ و گەورەیی خۆی دەکا و زۆر لە تورکیە تووڕەیە؛ بەجۆرێک کە هەموو چالاکی و ڕێککەوتنە ئابووری‌یەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە هەڵپەساردوەو بەرهەم و شتومەکە تورکی‌یەکانی تەحریم کردوە. لەبەرانبەردا تورکیە دەڵێ فڕۆکە شەڕکەرەکەی ڕووسیەسنووری ئەو وڵاتەی بەزاندوە و بەمافی خۆمانی دەزانین پارێزگاری لە هەرێمی هەوایی خۆمان بکەین. دیارە ئەگەر ئەو ئیددیعایەی تورکیەش ڕاست نەبێ، بێگومان بۆمبارانی خەستی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی میانەڕەوی سووریە لە ناوچە سنووری‌یەکانی نێوان ئەو وڵاتەو تورکیەدا کە بەشی هەرە زۆریان لە پێکهاتەی تورکەمەنەکانن، هاندەرێک بووە بۆ لێدانی فڕۆکە ڕووسی‌یەکە لەلایەن تورکیەوە.

کێشە خوێناوی‌یەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، جهیان بەرەو کوێ دەبەن؟ ئایا زلهێزەکان، بەتایبەت ئەمریکا و ڕووسیە دەتوانن بەهاوکاریی یەکتر ئەو کێشە و قەیرانە ئاڵۆزانە چارەسەر بکەن؟ ڕۆڵ و پێگەی ئیسلامی سیاسی و دەوڵەت و ڕێکخراوە بناژۆ ئیسلامی و سەلەفی‌یەکان چ بووە و چۆن هاتوونەتە نێو کایەکە و لە داهاتوودا چۆن دەبێ؟ ئایا جوغرافیای سیاسی و سنوورە دەسکردەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر دەستی زلهێزەکان سەرلەنوێ دادەڕێژرێنەوە؟ ئەمانەو زۆر پرسیاری دیکە هەن کە پێوەندی‌یان بە داهاتووی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و بەگشتی بە ئەمنیەتی جیهانەوە هەیە. جگە لە هۆکارە مێژوویی‌یەکان کە خۆی لە شێوەی داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی و جوغرافیایی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا لەپاش شەڕی جیهانیی یەکەم و دواتر شەڕی دووەم لەلایەن زلهێزەکانەوە دەبینێتەوە، دەکرێ باس لە چۆنیەتیی سەرهەڵدانی دەستەو تاقمە توندڕەوە ئیسلامی‌یەکان بکەین کە لە پێکهێنانی ئەو کێشە و شەڕانەدا ڕۆڵی سەرەکی‌یان هەیە و ئێستا سنوورێک نەماوە کە کردەوە قێزەونەکانی خۆیانی تێدا بەئەنجام نەگەیێنن.

زۆربەی هەرەزۆری شەڕوشۆڕەکانی دوای شەڕی جیهانیی دووەم هەتا دەیەی ٨٠ی زایینی، نەک هەر لە باکووری ئەفریقا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بگرە لە هەموو ئەو وڵاتانەی لەلایەن ئیستیعمار و ئەمپەریالیزم و دەست و پێوەندەکانیانەوە داگیر کرابوون، شەڕوشۆڕی نەتەوەیی و ڕزگاری‌خوازانە (نەتەوەیی- دێمۆکراتیک) بوون. بۆ وێنە شەڕی ڕزگاری‌خوازانەی وڵاتی ئەلجەزایر لەگەڵ داگیرکەرانی فەڕانسە کە زیاتر لە ٨ساڵی خایاند وبە دانی زیاتر لە میلیۆنک کوژراوو بریندار، لە ساڵی ١٩٦٢دا بە سەربەخۆیی ئەلجەزایری‌یەکان کۆتایی پێ‌هات. شەڕەکانی ویێتنام و کۆرە و فەلەستین و عەرەبەکان لەگەڵ ئیسرائیل و شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان و زۆر نموونەی دیکە، دەری‌دەخەن کە دینامیزم و نێوەرۆکی هەموویان نەتەوەیی و ئازادی‌خوازانە وتارادەیەک تێکەڵ بە بیروبۆچوونی چەپ بوون.

لە کۆتایی‌یەکانی دەیەی ٧٠ی زایینی و سەرەتای دەیەی ٨٠ بەملاوە ڕەوتە ئیسلامی‌یە بناژۆکان، بەرە بەرە بە سەر شۆڕش و ڕووداوە سیاسی‌یەکان‌دا زاڵ دەبن. لە ئێران و لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی کە دەیان هەزار کەسی تێدا بوونە قوربانی، شۆڕش بە لاڕێ‌دا دەبرێ و کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی تۆتالیتێری بناژۆخوازی ئیسلامی دێتە سەر کار و دروشمە بەناوبانگەکەی ناردنە دەرەوەی شۆڕش (صدورانقلاب) بەرز دەکاتەوە و بەمجۆرە دەبێتە مۆدێلێک و هاندەرێک بۆ سەرهەڵدانی دەستە و تاقمە سەلەفی و توندڕەوەکانی جیهان. کۆماری ئیسلامی زۆر بە خێرایی و بە دڵفرەوانی‌یەوە یارمەتیی ئەو ڕێکخراوانە دەدا و لە هەموو جیهان‌دا دەبێتە مەکۆی سەرەکیی حاواندنەوەی دەستە و تاقمە توندڕەوە ئیسلامی‌یەکان و بۆ دژایەتی لە گەڵ دژبەرانی خۆی کەڵکیان لێ‌وەردەگرێ. وەک دامەزراندنی ڕێکخراوی تێرۆڕیستیی حیزبوڵڵای لوبنان لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە.

لەلایەکی دیکە لەپاش کوودەتای حیزبی دێمۆکڕاتیکی گەل لە ئەفغانستان بەسەر محەممەد داوودخان و هێرشی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو بۆ سەر ئەفغانستان و داگیرکرانی ئەو وڵاتـە، بەهاندانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بەتایبەت پاکستان، دەستە و تاقمە ئیسلامی‌یەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ سۆڤیەت و ڕێژیمە لایەنگرەکەی و بە گشتی بۆ بە ناو جیهاد لە گەڵ کۆمۆنیزم و کافران، پێکهێنران و لەهەموو بارێکەوە یارمەتی دران. تەنانەت لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی‌ڕا توندڕەوە ئیسلامی‌یەکان بە لێشاو ڕوویان لە ئەفغانستان و شەڕ لەگەڵ سۆڤیەت و هێزە دەوڵەتی‌یەکانی ئەفغانستان کرد. ئامریکا بۆ تێکشکاندنی یەکیەتیی سۆڤیەت، بەبێ گوێ‌دانە مەترسی‌یەکانی ئەو سیاسەتە بۆ داهاتووی خۆی و ئەمنیەتی وڵاتانی جیهان، ئەو دەستە و گرووپانەی داڵدە دان و تەنانەت باشترین چەکی پێشکەوتووی وێ‌دان. مەبەستی سەرەکیی ئەمریکا، بەربەرەکانی لەگەڵ دزەی بیری چەپ و پەلهاویشتنی سۆڤیەت بۆ ناوچە و وڵاتانی دیکە بە تایبەتی ئاوەکانی زەریای هیند بوو؛ هەر بۆیەش دەیەویست بە دروست‌کردنی بەناو "پشتێنەی کەسک" و کەڵکوەرگرتن لە باوەڕی ئیسلام، بەو ئەنجامە بگا کە بەنیازی بوو.

دیارە هەروەک دیتمان ئامریکا بەو ویستەی گەیشت و نەک هەر یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئەفغانستان تێک‌شکاو پاشەکشەی پێکرا، بەڵکوو هەر لەجێ‌دا شتێک بە ناوی ئەو زلهێزە نەماو لێکهەڵوەشایەوە و بە ١٥ کۆماری سەربەخۆدا دابەش بوو کە گەورەترینیان و دەکرێ بڵێین میراتگری سەرەکی سۆڤییەت، ڕووسیەیە کە ئێستا لە ئاستی جیهان و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست‌دا بەتەمایە جێگای سۆڤییەتی پێشوو بگرێتەوە. بەو حاڵەش ئەمریکا بە بەهێزکردنی ئیسلامی ڕادیکاڵ و دەستەو تاقمە ئیسلامی‌یەکان زەمینەی لەباری ڕەخساند بۆ لەدایکبوون و پێگرتنی تالیبان و ئەلقاعیدە و لە هەمووشیان درندەتر سەرەتانی داعش کە ئێستا لە سووریە و عێراق ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەموولایەنەکان لەحاڵی شەڕدایە وتوانیویەتی دزە بکاتە وڵاتانی ئوروپاییش و کردەوەی تێرۆڕیستی بەئەنجام بگەیێنێ.

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، لەسەردەمی سۆڤییەتی پێشوو و شەڕی سارد دا، هەمیشە بە دژی جوولانەوەی ڕزگاری‌خوزانەی نەتەوەکان بوون و پشتیوانی‌یان لە ڕێژیمە سەرەڕۆو دیکتاتۆری‌یەکان کردوە. ئێستاش لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ئیسرائیل و فەلەستینی‌یەکان و کێشەی کورد لە باکووری کوردستان‌دا هەر ئەو سیاسەتەیان هەیە. بەتایبەت پشتیوانیی بێ ئەملاوئەولای ئەمریکا و هاوپەیمانە خۆرئاوایی‌یەکانی لە ئیسرائیل،کە لە لایەک بۆتە هۆی چارەسەرنەکرانی ئەو کێشەیە و دەکرا بە پاشەکشەی ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکانی پاش شەڕی شەش ڕۆژە لە ساڵ١٩٦٧ چارەسەر کراباو، لە لایەکی دیکەش ئەو پشتیوانی‌یەی ئەمریکا، بۆتە مایەی ڕق و تووڕەیی موسوڵمانان لەو وڵاتەو، لەڕاستی‌دا هاندەرێکی سەرەکی بووە بۆ سەرهەڵدانی دەستە و تاقمە توندرەوە ئیسلامی‌یەکان و پەرەگرتنی بە کردەوە تێرۆڕیستی‌یەکان. جگە لەوەش کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر باش کەڵکی لەو سیاسەتەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی وەرگرتوە و توانیویەتی لانی کەم لە نێو خەڵکی ئاسایی‌دا پاساو بۆ سیاسەتەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ دەستێوەردان لە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستینی‌یەکان و باشووری لوبنان و پشتیوانی لە حیزبوڵڵا و دەستە و تاقمە ئیسلامی‌یەکان و دەوڵەتی بەشار ئەسەد لە سووریەدابێنێتەوە.

جگەلەمانەش، هەژاری و برسییەتی و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابەش بوونی جیهان بەسەر وڵاتانی کەم‌دەرەتان و ئەو وڵاتانەدا کە پێوەرەکانی ژیان و گوزەران تێیان‌دا لەئاستێکی بەرزدایە، بەستێنێکی لەباری بۆ گەشەکردنی نارەزایەتی و لە ئاکام‌دا سەرهەڵدانی دەستە و تاقمە توندڕەوە ئیسلامی‌یەکان لەو وڵاتانەدا ئامادە کردوە. لەڕاستی‌دا هەتا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە دابەشکردنی سەروەت و سامانە گشتی‌یەکان‌دا نەبێ، هەتا دزی و بەرتیل‌خواردن و گەندەڵی لە نێو کۆمەڵگا دواکەوتووەکان‌دا هەبێ، شەر و ئاژاوە و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکان سەر هەڵ‌دەدەن و ئەوەش دەتوانێ یارمەتی بە بەهێزبوونی دەستە و تاقمە تێرۆریستی‌یەکان بدا. هەروەک دەبینین زۆربەی ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامی‌یەکان لەو شوێنانە زۆر زوو بەهێز دەبن کە خەڵکەکەیان لە باری ئابووری‌یەوە لە تەنگانەدان.

دەکرێ بڵێین ئەمنیەت و ئاسایشی جیهان لە دوو لایەنەوە لە مەترسی‌دایە، لایەنێک دەستە و تاقمە تێرۆڕیستی‌یەکانن کە چڵەپۆپەیان، داعش و ئەلقاعیدەن و لایەنەکەی دیکە کە بەڕاستی مەترسی‌یەکەی زۆر زیاترە و دەتوانێ کارەساتی قەرەبوونەکراوی لێ‌بکەوێتەوە، کێشەی وڵاتە زلهێزەکانی جیهانە کە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دا ململانەی یەکتری دەکەن. داعش و ئەلقاعیدە دەتوانن بە کردەوە تێرۆڕیستی‌یەکانیان، بەتایبەت لە وڵاتانی خۆرئاوایی، ئەمنییەتی ئەو وڵاتانە تێک بدەن و ئەگەری ئەوەش هەیە بە کەڵک وەرگرتن لە چەکە "نامتەعارفەکان" وەک سازکردنی چەکی ئەتۆمی لە قەبارەی بچووک‌دا یان چەکی شیمیایی و بیۆلۆژیک، کارەساتی گەورە بخوڵقێنن. بۆیەشە دەبێ کۆمەڵگای جیهانی لێبڕاوانە لێیان بێتە دەست و هەر چۆنێک بێ لەنێویان بەرێ. بەڵام کێشەی زلهێزەکان هەر وەک گوترا زۆریش مەترسی‌هێنەرە و دەبێ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و هەروەها ڕووسیە زۆر بە هەستیاری‌یەوە لە پێوەندی لەگەڵ کێشە ناوچەیی‌یەکان‌دا تەعامول لەگەڵ یەکتر بکەن، چونکە هەر چەشنە زێدەڕۆیی‌یەک لە لایەن هەر کام لەو دوولایەنە دەتوانێ خەسارێک بێ لەسەر جەستەی مرۆڤایەتی و قەرەبوو نەکرێتەوە.

شک لەوەدا نیە کە زلهێزە ناوچەیی‌یەکان کە بە سەر بەرەی ئێران و سووریە و تەنانەت بە شێوەی نافەرمی عێراقیش و دەستە و تاقمە توندڕەوە شیعەکان و بەرەکەی دیکەش تورکییە و عەرەبستان و وڵاتانی دیکەی سوننە دا دابەش دەبن، دەتوانن ،کاریگەریی زۆر خراپیان لە ئاڵۆزترکردنی بارودۆخی شێواوی ناوچەکەدا هەبێ. بەتایبەت لە لایەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زۆر لێبڕاوانە و پێداگرانە خوازیاری مانەوەی بەشار ئەسەد لە سەر دەسەڵاتە و تا ئێستا لە هەر چەشنە هاوکاری‌یەکی ماددی و سەربازی کۆتایی نەکردوە و لە لایەکی دیکەش، تورکیەیە کە لە درێژەی سیاسەتە مەزنیخوازانەکەی خۆی‌دا، دیارە لە سەر حیسابی بەئەندام‌بوون لە ڕێکخراوی ناتۆدا، تەنانەت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووسیەش نەپرینگاوەتەوە. ڕووداوەکان زۆر کوت وپڕن و داهاتووش زۆر ڕووداوی سەیر و سەمەرەی لێ چاوەڕوان دەکرێ.

لەکۆتایی‌دا جێی وەبیر هێنانەوەیە،کە کێشەی تێرۆڕیزم و داعش و ئەلقاعیدە تەنیا ڕێگە چارەی نیزامیی نیە و دەبێ وێڕای شەڕ و بەربەرەکانی هەمەلایەنە لەگەڵ ئەو دیاردە دزێوە، هەوڵ بدرێ بنەما فکری‌یە چەواشەکانی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی موسوڵمان و بەتایبەت لاوەکان ڕوون بکرێتەوە و هەرلەوکاتەدا پەرە بە ئەندێشە و فەرهەنگی لێک‌تێگەیشتن و یەکترقەبووڵکردن و دێمۆکراسی و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و دەمارگرژی بدرێ.

لە رۆژهەڵاتەوە...

# خۆشی‌یەکانی کوردبوون لە ئێران‌دا!



خالید محەممەدزادە

بەڕێز خالید عەزیزی لە لێدوانێکی میدیایی‌دا ئاشکرای کرد کە: «لە پەیوەندی‌یە دیپلۆماسی‌یەکانیان لە گەل ولاتانی دەرەوە، نوێنەرانی ئەو ولاتانە پێیان گوتوون، ئێرانی‌یەکان دەڵێن کورد لە ئێران ئەوەندە ماف و ئازادیی هەیە کە تەنانەت دژی ئەو زۆلموزۆرەی لە ولاتانی دیکە لە کورد دەکرێ دێنە سەر شەقام»!.

ئەم قسەیەی ئێرانی‌یەکان کە بۆ یەکەمجاریش نیە ئیددیعای وا دەکەن، هەڵگری راستی‌یەکی تاڵە، راستی‌یەکی تاڵ نەک بە مانای بوونی ئازادی، بەڵکوو بەو مانایە کە کوردەکانی رۆژهەڵات هێندەی بایەخ بە پرسی کورد لە دەرەوەی خۆیان دەدەن، هێندە لا لەو زیندانەی تێی‌دان ناکەنەوە و قسە لە سەر دۆخی خۆیان ناکەن.

ئەم پرسە کە حکوومەت دیماگۆجی‌یانە وەک بەخششی خۆی پێناسەی دەکا تەنانەت نارەزایی خودی کوردەکانی رۆژهەڵاتی لە ساڵانی رابردوودا لێ‌کەوتووهتەوە کە بۆ چی کوردی رۆژهەڵات هێندەی بایەخ بە دۆخی کورد لە دەرەوەی رۆژهەڵات دەدەن، هێندە بایەخ بە پرسی خویان لە رۆژهەڵات و ئێران نادەن، ئەمەش وای کردوە کە سیستمی سیاسی وەک بوونی ئازادی بۆ کوردەکان بە کۆمەلگەی جیهانی بی‌فرۆشێتەوە و وەها پیشان بدا کە کورد هێندە ئازادە کە تەنانەت لە پرسە و شادیی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان‌دا ئازادانە بەشدار دەبن!

گومانی تیدا نیە کە حکوومەتەکان بە درێژایی ساڵانی رابردوو بە دابەشکردنی کوردستانیش نەیان‌توانیوە ئەم پێکەوەبوونەی کوردان وەک بنەماڵەیەک لێک دابرن، بەڵام کاتێک ئەم بە هاناوەهاتنە کوردی‌یە، دەکرێ بە پرسێکی سیاسی لە راستای سیاسەتی سیستمی سیاسیی ئێران‌دا، ئیتر ئەمە جێی هەڵوێستەلەسەرکردنە.

گرنگیی ئەم ئاشکراکردنە لە کاتێک‌دایە کە سیستمی سیاسیی ئێران لە سێ دەیەی رابردوودا لە گەڵ ئەوەی بە توندترین شێوە لە هەموو فۆڕمێکی کوردبوون لە ئێرانی داوە و ئەوە هەولی داوە هەموو فۆرمیکی کوردبوون توورِ بداتە دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان. کوردبوون لە رۆژهەڵات هێندەی تەعبیر لە کوردبوون لە وڵاتانی دیکە بکا، بە قەد ئەوەش خاڵی بکرێتەوە لە کوردبوون لە مودێلە رۆژهەڵاتی‌یەکەی و زیانی بۆ حکوومەت نەبی.

بە هاناوەهاتنی کوردی رۆژهەڵات بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پیش دامەزرانی کۆماری ئیسلامی و ئێمە لە تەواوەتی سەدەی ١٨ و ١٩ و ٢٠ی زایینی‌دا چەندین هەولی بە هاناوەچوون دەبینین بە بێ ئەوەی بەخششی حکوومەتەکان بووبن، هەر لە بە هاناوەچوونی راپەرینەکانی باکوور تا شۆرشەکانی باشوور، بەڵام هیچ کاتێ بە قەد ئێستا سیستمی سیاسیی ئێران هەولی نەداوە ئاراستەی حکوومەتی بەم هەوڵانە بدا. لەم ساڵانەی دوایی‌دا هەر لە هێرشی شیمیایی بۆ سەر هەڵەبجە، ئاوارەبوونی هاونیشتمانانی باشوور (راپەرینی ١٩٩١) بۆ رۆژهەڵات و تا کەمپینی هاوکاریی ئاوارەکانی کۆبانی و شنگال و خۆپێشاندانی پشتگیری و...حکوومەت لە ئێران هەولی‌داوە کە ئەمانە بە بەخشش و بە هاناوەچوونی خوی بۆ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان پیشان بدا و لەم بارەیەشەوە بە سەرنجدان بە سوپاسگوزاریی بە لێشاوی بەرپرسانی حکوومی و حیزبیی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، تا رادەیەک سەرکەوتوو بووە.

بەڵام لە ژیر ئەم بە هاناوەچوونەوە ئیمە پلیشانەوەی کوردی رۆژهەڵات دەبینین، پلیشانەوەیەکی نەبینراو کە حکوومەت لە چەندین رەهەندەوە و تەنانەت بە سوودوەرگرتن لە کوردبوون لە پارچەکانی دیکە هەولی تواندەوەی بزووتنەوەی فرە رەهەندی رۆژهەڵات دەدا.

هەولی بە هاناوەچوونی کورد لە رۆژهەلات ئەگەرچی هەولێکی دلخوشکەرە، بەڵام قسەیەکی زیادە نیە ئەگەر بلێم هیچ کوردێک بە قەد کوردی رۆژهەلات پێویستیی بە بەهاناوەهاتن نیە، ئەوەی دەبێ هەولی رزگارکردنی بۆ بدرێ و ئەوەی دەبێ فرمێسکی بۆ برێژرێ و ئەوەی دەبێ دەستی بگیرێ، کوردی رۆژهەڵاتە. لەگەڵ ئەوەش نابێ بە هاناوەچوونی رۆژهەڵاتی وا تەفسیر بکری کە کوردی رۆژهەڵات لە ئازادی‌دا بە سەر دەبەن و هیچ گیروگرفتێکیان نیە جگە لە گیروگرفتی کوردبوون لە شوێنەکانی دیکە.

لە راستی‌دا بە هاناوەچوونی کورد ئەو کاتە دەتوانێ کاریگەریی گەورەی هەبێ کە پرسی کورد لە ئێران بکرێ بە کارتێکی بە هێز و نابێ ئەم بە هاناوەچوونە لە سەرتوانەوەی هیچ فۆرمێکی کوردبوون لە ئێران و رۆژهەڵات لەنگەر بگرێ و نابێ ببێتە هۆی فەرامۆش‌کردنی پرسی کورد لە رۆژهەڵات، کە لە دواجاردا بە زیانی کورد لە رۆژهەڵات و بە سوودی سیستمی سیاسی و ئاراستە سیاسی‌یەکان لە ناوچەکەدا تەواو دەبێ.

لاوازکردنی پرسی کورد لە رۆژهەڵات لە ژێر کاریگەریی ئەم بە هاناوەچوونەدا ناتوانی کاریگەریی شوێندانەری لە سەر دۆخی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەبێ، کە لە ساڵانی رابردووش‌دا لە فۆرمی حیزبی سیاسی ئەو داشکانەمان بینیوە کە تەنانەت وەرنەگیراوەو هێندەی ئەم بە هاناوەچوونە، بووە بە هۆی لاوازیی خودی فریادڕەسەکان و بە پاشکۆ دەرکەوتنیان!

رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیی بە رینێسانسیکە کە هەڵگری بە خۆداهاتنەوەو خۆناسین و وەخەبەرهاتنەوەی رووحی نەتەوەیی لە سەر بنەمای رۆژهەڵات بێ، بە جۆرێک وەک دەیەی ٤٠ی زایینی بتوانێ سەرنجی هەموو کوردی ناوچەکە بۆ لای خۆی راکێشێ و ئەو بە هاناوە هاتنە پێچەوانە بکاتەوەو لە دەستێوەردانو قۆستنەوەی حکوومەت و هاوپەیمانەکانی بە ئامانجی سیاسیی خۆی دوور بخرێتەوە.

کوردستان
ژمارە: ٦٧٠ • ڕۆژنامەی

سیاسی

# ئەمنیەتی نەتەوەیی لە بەرامبەر ئەمنیەتی مرۆیی‌دا



ڕێبوار مەعروفزادە

زۆرلەو چەمکانەی کە ئێمە ژیانی خۆمانیان پێ پێناسە دەکەین، بەرهەمی گوتارێکی تایبەتن. گوتاری نەتەوەیی یەکێک لەو گوتارانەیە کە ژیانی مۆدێرنی مرۆڤەکانی داگیر کردوە. هەرکەس لە سنووری نەتەوەکەی خۆی و بۆ نەتەوەی خۆی بیر دەکاتەوە و خەم دەخوا؟ لای مرۆڤی نەتەوەیی کوژرانی هاونەتەوەیەک لە کوژرانی چەند کەس لە نەتەوەیەکی دیکە پرئازارتر دەردەکەوێ. ئەم وتارە باس لەوە دەکا کە ئەمنیەتی نەتەوەیی چیە. ئێمە چ کاتێک پێمان وایە ئەمنیەتی خۆمان یان وڵاتەکەمان کەتۆتە ژێر مەترسی؟ چ جۆر ڕوانینێک بۆ ئەمنییەت دەتوانێ ڕێرەوی خەبات و پراکتیکی سیاسیمان لە ڕۆژهەڵات باشتر بکا؟

**ئەمنیەتی نەتەوەیی لە ئاستی جیهانی‌دا**

ئەمنیەتی نەتەوەیی وەک پاراستنی خەڵکێکی دیاریکراو لە جوغرافیایەکی دیاریکراودا جێی خۆی کردۆتەوە. بۆ نموونە لە ڕابردوودا کە باس لە تەناهی دەکرا زۆرتر مەبەست ڕۆڵی سوپا و پۆلیس لە دابین‌کردنی ئەمنیەتی فیزیکی و گیانیی خەڵکدا بوو. سوپا دەبوا هاونیشتمانانی لەبەرامبەر هێرشی دەرەکیی وڵاتێکی دیکەدا بپارێزێ و پۆلیسیش دەبوا گیانی هاونیشتمانانی لە بەرامبەر چەتە و مرۆڤکوژەکان لە نێو سنووری نەتەوەیی‌یەکان‌دا بپارێزێ. شەڕ جێگایەکی تایبەتیی لە ئەمنیەتی نەتەوەیی‌دا هەیە. لە یادەوەریی خەڵکدا شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی شەڕێکی خراپ بوون، نەک هەر بە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەو شەڕانەدا کوژران بەڵکوو زۆر نەتەوە، هاونەتەوەیی‌یەکانی خۆیان لەو شەڕانەدا لە دەست دا. بەڵام کەمتر خەڵک دەزانن کە لە ساڵی ١٩١٨دا، نزیکەی ١٨ میلیۆن کەس، واتە زۆر زیاتر لە ژمارەی قوربانیانی شەڕی یەکەمی جیهانی، بە هۆی نەخۆشیی ئانفلۆنزاوە گیانیان لەدەست دا. ڕوانینی مرۆڤ بۆ ئەمنیەت لە ڕابردوودا ڕوانینێکی نەتەوەیی بوو نەک ڕوانینێکی جیهانی و مرۆیی. ئێستا دەوڵەتان ناچارن لە بواری لەش‌ساغی و پزیشکی‌دا هاوکاریی یەکتر بکەن، تا پێش بە بڵاوبوونەوەی هێندێک ڤایرۆس بگرن. لە ساڵی ١٩١٨ بەم‌لاوە کە ڤایرۆسی ئایدز (HIV) ناسرا، زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کەس بە هۆی تووشبوون بە ئایدز گیانیان لە دەست داوە و ٤٠ میلیۆن کەسیش گیرۆدەی ئەو ڤایرۆسە بوون (Nye) .

بەو پێیە پێناسەی ئەمنیەت لەسەردەمی بەجیهانیبوون‌دا پێناسەیەکی زۆر ئاڵۆزتر و جیهانی‌تری بەخۆیەوە گرتوە. بە هۆی لێکگرێدراوی، وڵاتێک دەبێ ئەمنیەتی خۆی لە پانتایی ناوچەیی و جیهانیش‌دا پێناسە بکا



و بۆ بردنەسەری ئەمنیەتی خۆی لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیش‌دا چالاک بێ.

**ئەمنیەتی نەتەوەیی لە ئێران**

کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا مردنی مرۆڤەکان لە ئێران هەرچی زیاتر بە فیلتێری ئیدئۆلۆژی‌یەکی تایبەت‌دا بڕوا. بە واتایەکی دیکە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی میدیاکان و سیستمی پەروەردەوە، هەوڵ دەدا بۆ مردنی خەڵک بەها دیاری بکا و دەستەبەندی‌یان بکا. لە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران وعێراق‌دا نزیک بە یەک میلیۆن کەس کوژران. ئەو شەڕە و کوژراوانی ئەو شەڕە بوون بە بەشێک لە یادەورریی گشتیی خەڵکی ئێران. شەری هەشت ساڵە بوو بە دەیان فیلم و چووە نێو لاپەڕەی کتێبەکانی خوێندکاران.

ئەوە لە حالێک‌دایە کە مردن بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆوە لە ئێران نابێتە جێی سەرنجی گشتی. لە ساڵی ١٣٨٠وە هەتا ١٣٩٤، زیاتر لە ٣١٥،٠٠٠ کەس واتە بە شێوەی نێونجی ڕۆژانە ٦١ هاونیشتمانی لە ئێران گیانی خۆیان لە ڕووداوی هاتوچۆدا لە دەست داوە؛ تەنیا لە پێنچ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٩٤دا، زیاتر لە ٧،٠٠٠ کەس بە هۆی ڕوودای هاتوچۆوە کوژراون (مهر، آمار سازمان پزشکی قانونی کشور). بە وتەی جێگری وەزیری لەش‌ساغیی ئێران تەنیا لە ٩ مانگی ساڵی ٢٠١٢دا، زیاتر لە ٤،٠٠٠ هەزار کەس تەنیا لە شاری تاران بەهۆی پیسیی کەشوهەوا گیانیان لە دەست داوە (Asgari).

هیچکام لەو ئامارانە بە بەردەوامی نابنە تایتڵی ڕۆژنامەکان، سیمیناریان لەسەر ناگیرێ و لە فەزای مەجازی‌دا کەمپینیان بۆ دروست نابێ. ئەوەش تەنیا بە هۆی میدیاکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە نیە، بەڵکوو بیرکردنەوەی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران چ ئەوانەی لەگەڵ ڕێژیمن و چ ئەوانەی لە دژی ڕێژیمن، بە ئیدئۆلۆژی نەتەوەیی ڕاهاتوە. مردن بە هۆی نەبوونی لەش‌ساغی و بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆوە لە نێو بیرکردنەوەی گشتی‌دا وەک کێشەی ئەمنیەتی پێناسە ناکرێ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کوژرانی مۆرەیەکی ڕێژیم دەبێتە جێی سەرنجی زۆر کەس بەڵام مردنی سەدان و بگرە هەزاران هاونیشتمانی بە هۆکارگەلی دیکە نابێتە جێی بایەخ و تێرامانی گەورە. ئێمە لە دەلاقەی ڕوانینێکی ئەمنیەتی بەرتەسکەوە دەستەبەندی مردنی هاووڵاتیان دەکەین. گرتنەبەری ڕوانینێکی نەتەوەیی بەرفراوانتر بۆ چەمکی ئەمنیەت دەبێتە هۆی ئەوەی تێرامان بۆ کێشە و گیروگرفت و ژیان و مردنی خەلکێکی زۆرتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین.

**سەرچاوەکان:**

جدول مرگ و میر جادەای، خبرگزاری مهر، مهر ١٣٩٤)٣١٥ هزار کشته در ١٤ سال تصادفات رانندگی(

Asgari, Mohsen. «Iran Pollution Worsens as Thousands Die.» BBC News. BBC, ٧ Jan. ٢٠١٣. Web. ١٩ Dec. ٢٠١٥.

Nye, Joseph S, David Welch, and Joseph S Nye. Understanding Global Conflict and Cooperation : an Introduction to Theory and History. ٢٠١٤.

سیاسی

# ململانێی پوتین ـ مێدڤێدێڤ، ئەردۆغان ـ داودئۆغڵوو لە زەلکاوی سووریەدا



عەزیز مەعروفی

ئەحمەد داودئۆغڵوو، سەرۆک وەزیرانی ئێستا و وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیە، تێزێکی تا ڕادەیەک نوێی هێنایە نێو سیاسەتی تورکیە کە بە سیاسەتی « سیفر کێشە» ناوی دەرکرد. داهێنەری سیاسەتی» سیفر کێشە»، دەیگوت پێوەندی‌یەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ دنیای دەرەوە بە گشتی و وڵاتانی دراوسێی بە تایبەت سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوەو، هەوڵ دەدا کێشە و ناکۆکی‌یەکانیان بە کەمترین ئاستی خۆی بگەیێنێ. بە پێچەوانەی ئەو تێزەی داودئۆغڵوو، کوردستانی باشووری لێ دەرهاوێین، تورکیە، لە گەڵ وڵاتانی ئیسرائیل، میسر، ڕووسیا... لە بەرزترین ئاستی ناکۆکی و نا تەبایی دایە و، بە تێپەڕبوونی کات و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، لە دنیای دەرەوە گەڕێین، لانی کەم دەبوو لەگەڵ دراوسێکانی ڕەچاوی سیاسەتێکی شیاو و حەکیمانەی کردبا. تورکیە، ئەوەندە پێچەوانەی ئەو سیاسەتە جووڵاوەتەوە کە بۆتە یەکێک لە وڵاتەکانی پێکهێنەری زەلکاوی سووریە، زەلکاوێک کە هەروا دێ و تورکیە و ڕووسیەو هیلالی هاوپەیمانە شیعەکەی زێدەتر نوقمی خۆی دەکا. ئەوەی مەبەستمانە لە خوارەوە باسی بکەین، بریتی‌یە لە ڕاوەستان لە سەر پێوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتە و هەڕەشە و مەترسی‌یان بۆ سەر یەکدی و کەڵەوەکێشی‌یان لە زەلکاوی سووریەدا.

پێوەندیی ئانکارا ـ مۆسکۆ

پێوەندیی گەرموگوڕی ئانکارا ـ مۆسکۆ بۆ پاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە. لە ڕاستی‌دا، هاوکات لە گەڵ شەڕیی کەنداو لە ساڵی ١٩٩٠ و هاتنی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ ناوچە و وەشاندنی گورزی سەربازی گرچووبڕ لە سەدام حوسێن و ڕێژیمی بەعسی عێراق، ئەو دوو وڵاتە مەیلیان بۆ دۆستایەتی و چەشنێک لە هاوپەیمانی چەکەرە دەکا. لە ١٩٩١ەوە، ئەو مەیلە بە هاتوچۆی وەفدی دوو دەوڵەت بۆ وڵاتی یەکتر و سەرئەنجام بە سەفەری ڕەسمیی سولەیمان دەمیرێل، سەرۆک‌وەزیرانی ئەو کات لە ١٩٩٢ دا بە ڕێککەوتنێک گەیشتن. ئەو ڕێککەوتنە سەربەخۆیی سیاسی، دەست‌تێوەرنەدان لە کاروباری نێوانیان و پاراستنی یەکیەتیی خاک یەکتر، گەڕان بە دووی بەرژەوەندیی هاوبەش لە ناوچەداو، هەروەها خۆبەدوورگرتن لە هێز و چەک بۆ چارەسەری کێشەکانی دەگرتە خۆ. دیارە، وێڕای ئەو ڕێککەوتنە، تورکیە، ڕووسیەی بە پشتگیری و تەیارکردنی پەکەکە تۆمەتبار و ڕووسیەش، تورکیەی بە پشت‌گیری و تەیارکردنی چیچانەکان تۆمەتبار دەکرد(١). دالدەنەدانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ڕووسیە لە ساڵی ١٩٩٨دا و، هەروەها ڕێککەوتنی ساڵی دواتریان لە سەر پرسی چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی نەیارەکانیان و توندوتۆڵ کردنی پێوەندی‌یان لە ئاستی هەرە بەرزدا، ڕێی بۆ پێوەندیی توندوتۆڵی سیاسی، بازرگانی و ئابووری بە تایبەت لە بواری وزەدا کردەوە*.

پێوەندەیی سیاسی

پێوەندیی دوو قۆڵیی ئەو دوو وڵاتە، بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بەرژەوەندیی ئابووری و وزە، هەڵوێستی هاوبەش سەبارەت بە ڕووداو و پێشهاتەکان لە ناوچەی قەفقاس، ئاسیای نێوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەست‌هەڵگرتن لە پشتیوانی و دنەدانی نەیارانی یەکتر دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٩٠ەوە بە تایبەت لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا، سەرەڕای ناکۆکی و ڕوانگەی جیا لە سەر هێندێک مەسەلە، تێ‌کۆشاون کێشەکانی ناوچە لە بەرژەوەندیی خۆیان و بە تایبەت لە بەرژەوەندیی یەکدی ببڕنەوە. ئەو دوو وڵاتە تێ‌کۆشاون کێشەی نێوان تورکیە ـ ئەرمەنستان لە سەر کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان لە ١٩١٥دا، کێشەی ئازەربایجان ـ ئەرمەنستان لە سەر ناوچە شاخاوی‌یەکانی قەرەباغ(٢) بە جۆریک ببڕنەوە کە نەبێتە هۆی وەستانی گەشەی پێوەندیی سیاسی و ئابووری‌یان. ئانکارا ـ مۆسکۆ لە سەر لێدانی هەیبەت و قورسایی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە شەڕی دووهەمی کەنداودا و تەگەرەخستنە سەر ڕێی هێرشی هێزەکانی ئەمریکا هاوهەڵوێست بوون. ساڵی ٢٠١٠ کاتێک « کەشتیی ئازادی»ی تورکیە بە بیانووی ناردنی هاوکاریی مرۆڤ‌دۆستانە بۆ غەززە، ئاوەکانی زەریای سپیی شەق دەکرد و بە هاوهەڵوێستی لە گەڵ ڕێژیمی ئێران و ڕووسیە دەیان‌ویست چاو لە ئەمریکا- ئیسرائیل سوور کەنەوە و لە ئەنجام‌دا ئیسرائیل لە ئاکامی گەمارۆدانی کەشتی‌یەکە شەش کەسی لێ کوشتن، ڕووسیە، بە تیژکردنی تورکیە لە دژی ئیسرائیل نەی‌توانی لەو ڕووداوەدا دەسکەوتێکی ئەوتۆی بۆ بە دیاری بێنێ. ڕووسیە و تورکیە لە گەڵ برازیل لە ٢٠٠٩دا، دەربارەی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران لە سۆنگەی بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی، بەرامبەر بە سەپاندنی گەمارۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بە سەری‌دا، بەرژەوەندیی هاوبەشیان وای کردبوو بە تەواوی پشتی ئێران و ئامانجە نەگریسەکانی ئەو ڕێژیمە بگرن. ئەردۆغان ٢٠١٣ لە کاتی سەفەری پووتین بۆ وڵاتەکەی‌دا بەڕاشکاوی کوتی لە گرووپی « پێنجەی شەنهگا»ی [چیە؟] وەرمان بگرن، یەکێتی ئورووپامان ناوێ!

پێوەندیی ئابووری- وزە

مێژوو دەری خستوە، کە چەرخی ساتوسەودای ئابووری و وزە ی نێوان وڵاتان لە سەر ئەمنیەت و بەرژەوەندیی هاوبەشی سیاسی هەڵدەسووڕێ. تورکیە و ڕووسیە لە ١٠-١٥ ساڵی ڕابردوودا، ساڵ لە گەڵ ساڵ پەرەیان بە ئاستی پێوەندیی ئابووری و وزە داوە. ڕووسیە، گەورەترین ئەو چوار وڵاتەیە کە گازی سروشتیی تورکیە دابین دەکەن. ڕووسیە پار ٣٠ میلیاردی شەش‌گۆشە گازی سروشتیی لە ڕووسیە کڕیوە. بە گشتی ڕووسیە ساڵانە ٢٥ میلیارد دۆلار وزە، کەرەستە و پێداویستی بە تورکیە دەفرۆشێ. تورکیەش ٦ میلیارد بەروبوومی ئاژەڵی، سەوزە و تەڕایی بە ڕووسیە دەفرۆشێ. ئەردۆغان و پووتین بە تەما بوون تا ساڵی ٢٠٢٠ ئاڵ و وێڕی بازرگانیی نیوانیان بە نیزیکەی ١٠٠ میلیارد دۆلار بگەیەنن. هەروەها، لە ساڵی ٢٠١٠ەوە – بە هۆی قەیرانی ئابووریی ڕووسیە ئەم ساڵی لێ‌دەرچێ- هەژماری گەڕیدەی ڕووسی بۆ تورکیە بە سەدان هەزار گەڕۆک زیادی کردوە کە خۆی لە زیاتر لە چوار میلیۆن گەڕیدە داوە.

( ٣) ئەحمەد داودئۆغڵوو دەڵێ؛ « ئانتالیا، ڕاست وەک ماڵی دووهەمی گەڕیدە ڕووسەکانە».

لە گەڵ هەموو هەورازچوون و گەشەکردنێک کە زۆر خاڵ و بڕگەی چارەنووس‌سازیان لە بەرژەوەندیی خۆیان‌دا دەبری، پێوەندیی دوو وڵات سەر ئەنجام لە زەلکاوی سووریەدا، تێک گیرسا. ڕۆژی ٢٤ی نۆڤامبر فرۆکەی شەڕکەری ڕووسی جۆری سۆخۆی ٢٤ لە لایەن فرۆکەی ئێف ١٦ ی تورکی‌یەوە بەردرایەوە و یەکێک لە دوو خەلەبانی فرۆکەکەش کوژرا. قسەی دوو وڵات سەبارەت بە هۆی بەردانەوەی فرۆکە ڕووسیەکە جیاوازە؛ تورکیە پێی وایە فرۆکەی ڕووسی لە پێنج خولەک دا ١٠ جار سنووری تورکیەی بەزاندوە و دوایین جار ١٧ چرکە دە خاکی تورکیەدا بووە، ڕووسیەش هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ فرۆکەکەمان لە سەر ئاسمانی سووریە خراوەتە خوارێ.

بەرپەرچی ڕووسیە، لەو بارەیەوە هەتا بڵێی توند بوو. پووتین گوتی: پشتیوانانی تێرۆر، بە کێرد لە پشتیان داین». بە دووی ئەودا هاوکاری‌یە نیزامی‌یەکانی لە گەڵ تورکیە هەڵپەسارد. پاشان، کارتی ئابووری و وزەی وەک هەڕەشە لە بەرامبەر تورکیەدا بە کار هێنا. پووتین، بریارنامەیەکی پەسەند کردوە کە لە سەرەتای ساڵی نوێ ڕا، بایکۆت دەخاتە سەر هێنانی بەروبوومی کشت و کاڵیی تورکیە بۆ وڵاتەکەی. ڕێگە نادەن چی دیکە هاونیشتمان و شیرکەت و کرێکاری تورکی بە بێ ویزا بچنە نێو خاکی ڕووسیە. پرۆژەی ئەتۆمی کە ڕووسیە بە بڕی ٢٠ میلیارد دۆلار بۆ تورکیە وەڕێی دەخست، هەڵی پەساردوە. پووتین، دەڵێ چاوەڕێی داوای لێ‌بوردنی تورکیەین. ڕووسیە، تورکیە بە دەست‌تێکەڵاوکردن و هاوکاری‌کردنی داعش و قاچاغی نەوت لە گەڵی تۆمەتبار دەکا. سیاسەتی ڕووسیە لە سەر ئەمە چڕ بۆتەوە کە هێڵی ئابووری و سەرچاوەکانی وزەی تورکیە بئەنگێوێ.لە لایەکی دیکەش،لێدوانی کاربەدەستانی تورکیە و کاردانەوەیان لە سەرەتادا زۆر توند بوو. ئەردۆغان سەرەتا گوتی، جارێکی دیکەش فرۆکەتان ئاسمانی ئێمە ببەزێنێ، دەیخەینە خوارێ. کەچی وا دیارە تورکیە، دەیەوێ بە شێوەیەک لە شێوەکان لە توندڕۆیی لە ڕووداوەکەدا پاشگەز بیتەوە. ئەردۆغان دەڵێ؛ ویستوومە سەبارەت بە ڕووداوکە قسە لە گەڵ پووتین بکەم، ناوبراو وەڵامی نەداومەتەوە.، « بەو ڕووداوە زۆر نارەحەتین»، نەمان دەویست شتی وا ڕوو بدا کەچی بەداخەوە ڕووی دا. داودئۆغڵوو دەڵێ:» ئەرکی خۆمان بە جێ گەیاندوە. داوای لێ‌بوردن ناکەین. ئامادەین لە گەڵ ڕووسەکان لە سەر داهاتووی پێوەندی‌یەکانمان قسە بکەین». (٣)

پووتین لە ٢٠٠٠ەوە تا ساڵی ٢٠٠٨ سەرۆک‌وەزیرانی ڕووسیە بوو. ناوبراو بە هۆی ئەوەی نەدەبوو سێ دەورە بە دووی یەکدا خۆی بۆ ئەو پۆستە بپالێوێ، دیمتری مەدیەدۆڤی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان کرد و خۆی بوو بە سەرکۆمار کە ئەو شێوە داهێنانە! بە سیسمتی پووتین – مەدیەدۆڤ ناوی دەرکردوە. لە تورکیەش هەروەتر؛ ئەردۆغان لە ٢٠٠٣ەوە دوو دەورە سەرۆک وەزیران بوو، لە پاشان بوو بە سەرکۆمار و ئەحمەد داودئۆغڵوی لە سەر پۆستی سەرۆک‌وەزیران داناوە کە ئەمەش بە سیستمی ئەردۆغان – داودئۆغڵوو ناوی دەرکردوە کە بریتی‌یە لە سیستمەکەی پووتین. سیستمی یەکەم، کە بە تەمایە خەونی یەکیەتیی سۆڤیەتی کۆن زیندوو بکاتەوە و مۆسکۆ بێنێتەوە نێو ئاڵوگۆڕە بەرچاوەکانی ناوچە و جیهان و سیستمی دووهەمیش کە لە خەونی سەردەمی عوسمانی‌دا دەژی و پێی وایە لە فڕکان فڕکانی ڕووداوەکانی ناوچەدا، ئیمپراتۆریی عوسمانی لە دایک دەبێتەوە، لە زەلکاوی سووریەدا گیریان کردوە.

درێژە ل١٠

بیرەوەری

# نانی تەنگانە و ئیمانی پێشمەرگە

## لەدەفتەری بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک



**عومەر باڵەکی**

.....هاوینی ساڵی ١٣٦٩ماوەی حەوتوویەک بوو هێزێکی زۆری سپای پاسداران کە بە چەکی قورس تەیار بوون بناری چیاکانی نێوان ناوچەکانی مەهاباد - ڕەبەتیان هاڵۆز کردبوو و ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە زۆربەی گوندەکانی ئەو ناوچەیە مۆڵگەی چەکدارەکانی خۆیانی لێ بوو. ئەو هێزەی دوژمن زۆربەی ئێواران لە مەسیری حەرەکەتی پێشمەرگەدا دەجووڵان و دێیەکانیان دەگرت و کەمینیان لە دەو وبەری گوندەکان دا دەنا.

کومیتەی شارستانی مەهاباد و هێزی پێشەوا لەو ماوەیەدا بە هەر جۆرێک بووبێ، توانیبۆیان بەشی حەوانەوە و لە سەر پێ ڕاوەستان و خواردەمەنی پێدابکەن بەڵام ئاساری برسێتی وشەکەتی لە سەر روخساری پێشمەرگەکان بەدی دەکرا.

هێزەکانی دوژمن سەرەڕای ئەوەی ئاواییەکانیان ئابلوقە دەدا، ئیزنیان بە کەس تەنانەت شوان و گاوانیش نە دەدا کە لە چەند نانێک زیاتر لە ئاوایی بەرنە دەرێ تەنانەت هەربەوە ڕانەدەوەستان ، ڕۆژانە بێ ئامانج و کوێرانە شێو دۆڵ و بەرزاییەکانی ئەوناوچانەیان تۆپباران دەکرد کە وای لێهاتبووخەلک لەترسی گیان وماليان کەمتر لە دێیەکان دوور دەکەوتنەوە. هەربۆیە جۆرێک چۆڵی بە ناوچەکەوە دیار بوو.

ئێمە دەبوو بە جۆرێک خۆمان لەو وەزعە نالەبارە ڕزگار بکەین. هەر بۆیە بڕیارمان دا لە بەری ناوچەی مەنگوڕایەتیڕا بپەڕینەوە بۆناوچەی گەورکایەتی و لەویشڕا بۆ ماوەیەک بەرەوناوچەکانی بانە و سەقز بڕۆین. لەو ڕاوڕاوێنەدا گەیشتینە بناری چیای مەیدانچۆغە بە رووکاری ئاوایی گردشیلاندا.

شەو درەنگانێک گەیشتینە ئەو شوێنەی مەبەستمان بوو، دۆڵەکە پۆلە سپیدارێکی تێدا بوو کە بۆ سێبەری سبەی بەیانی و شاردنەوەمان شتێکی باش بوون، بڕیارمان دا لە بن سێبەری ئەو پۆلە سپیدارە سبەی هەتا ئێواری تێپەڕ بکەین و ئێواری بڕێک بە زوویی هەر جۆرێک بێ خۆمان بگەیەنینە نێو ئاوایی گردشیلان.

ڕۆژ سیوادی هەڵدا، دیدەبان پەیوەندی‌یان گرت و گوتیان وڵات ئارامە و هیچ جووڵەیەکی دوژمن هەست پێ ناکرێ. دەوروبەری سەعاتی ١٠ی بەیانی چەند کەس لە خەڵکی ئاوایی وەدیار کەوتن کە گوتیان هاتووین بۆ مووچەو مەزرا . پرسیاری جموجۆلی هێزی دوژمنمان لێکردن،گوتیان سوێناس نیرووی زەربەتی لێیە، بەڵام گردشیلان بێجگە لە پایگا هیچ هێزێکی دوژمنی لێ نیە. چەند کەس لە کادر و پێشمەرگەکان گوتیان دەرفەتە با ئەوانە بچنەوە ئاوایی هێندێک نان و پێخۆرمان بۆ بێنن، هەرچەند بیرۆکەیەکی باش نەبوو بەڵام لە رووی ناچاری قەبووڵ کراو دەوروبەری سەعاتی ١٢ ئەو چەند کەسە بەرەو ئاوایی گردشیلان بوونەوە کە زۆرمان لێ دوور نەبوون تەنیا لێمان نەدیو بوون.

سەعات بوو بە ٢ی پاش‌نیوەڕۆیەو ئەو کەسانە نەگەڕانەوە، وەشک کەوتین، ڕەنگە هێزی دوژمن هاتبێ یان هەر پێشتر لێی بووبێ و ئەو کەسانە دڕۆیان لەگەڵ کردبین. لەو فکرانەدا بووین، دیدەبان ئاگاداری کردینەوە کە هێزێکی زۆری دوژمن هاتۆتە باسکی نێوان ئاوایی ماژگی و گردشیلان.

سەرپەلی ئەو پەلە پێشمەرگەیە کە نۆرە دیدەبانی‌یان بوو بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر وەزعییەتی هێزی دوژمن ڕەوانەی لای دیدەبانەکان کرا. کاکی سەرپەل خۆی پێشمەرگەیەکی بەئەزموون و ئازای مەیدانی شەڕ بوو هەر کە گەیشتنە شوێنی دیدەبانی لە ڕێگای پەیوەندی بێسیمەوە ،بێ مەعتەلبوون گوتی داوا دەکەم بۆخۆت بێیە سەرێ و کورەکانیش هێندێک خۆ کۆ بکەنەوە. لەسەر نەزەری ئەو وامان کرد و هەم ئەمن چووم بۆلای دیدەبانی و هەمیش پێشمەرگەکان خۆیان کۆ کردەوە . شوێنی دیدەبانی زۆر دوور نەبوو، کاتێک گەیشتمە ئەوێ هێزێکی زۆری دوژمن تەیار بە چەکی قورس لە سەر باسکی نێوان ئاوایی ماژگەو گردشیلان مۆڵی خواردبوو، و لوولەی چەکە قورسەکانیان ئاراستەی ئەو دۆڵە کردبووکە ئێمەی تێدا مابووینەوە.

هەر بۆیە بڕیارمان دا پێشمەرگەکان یەکیەک و بە مەودای زۆر لە یەکتری بەرەو چیای مەیدانچۆغە وەسەر کەون. لە گەڵ یەکەم جووڵەی پێشمەرگەکان ئاوربارانی دوژمن دەستی پێکرد. ئاوری چەکەکانیان بە ڕادەیەک توند بوو کە لەو دۆڵەدا تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتا و گڕی گرتبوو. لەو کاتەدا هیچ نەدەکرا و تەنیا خۆڕاگری و ورە و ئیمانی پێشمەرگانەی دەویست بەسەر ئەو وەزعەدا زاڵ بێ. بە خۆشی‌یەوە ماوەی کەمتر لە سەعاتێکی گرت کە هەموو پێشمەرگەکان لە حاڵێکدا برسی و هیلاک بوون و ماوەی حەوتوویەک بوو ئەو هێرشە بەربڵاوەیان لە سەر بوو، بە سەلامەت گەیشتنە بەرزایەکانی مەیدانچۆغە و بەسەر لوتکەکانی زاڵ بەسەر ناوچەکەدا دابەش بوون و سەنگەریان گرت ئەو جار ئەوە پێشمەرگەکان بوون بەسەر شوێنی دوژمن دا زاڵ بوون.

لەو وەزعە دا کە پێشمەرگەکان لە ژێر ئاوری توندی تۆپخانەی دوژمندا سینگی هەورازیان دەبڕی، نەدەکرا شوێنی دیدەبانی کە لە چاو هەڵکەوتی خۆی شوێنێکی حەساس بوو چۆڵ بکرێ. هەر بۆیە لە گەڵ هاوڕێی سەر پەل و دوو پێشمەرگەی دیدەبان ماینەوە دوای تێپەڕبوونی پێشمەرگەکان لە ژێر ئاوری تۆپخانەی دوژمندا و زاڵ بوون بە سەر بەرزایی‌یەکانی ناوچەکەدا، دوژمن لوولەی چەکە قورسەکانی بەرەو شوێنی دیدەبانیی ئێمە وەرسووڕاندو ئاوربارانێکی خەستی کردین کە هەموو جارێ پێم وابوو کەسمان دەر نەچووین. لەو وەزعەدا هاوڕێی بەرپرسی کومیتەی شارستان و کادر و پێشمەرگەکان نیگەرانی وەزعی ئێمە بوون هەر بۆیە لە فکری ئەوە دا بوون کە ڕێگایەک بدۆزنەوە پەلاماری دوژمن بدەن.

سێبەر شۆڕ بوونەوە و دیدی دوژمن کەم بۆوە و، ئێمەش لەو دەرفەتە کەڵکمان وەرگرت و شوێنی دیدەبانیمان چۆل کرد و بەرەو تەختایی دۆڵەکە داکشاین. تازە نەمان‌دەتوانی بە شوێنی پێشمەرگەکاندا وەسەر بکەوین. هەر بۆیە بڕیارمان دا بە هاوڕێی بەرپرسی کومیتەی شارستان بڵێین کە ئەوان بەرە وناوچەی بانە بڕۆن و ئێمەش هەتا بەیانی خۆمان دەگەیەنینە لای ئەوان. کاتێک داکشاینە خوارێ مەجبوور بووین هەتا نزیک ئاوایی گردشیلان بڕۆین کە هێزی دوژمنی لی بوو و لە دوایی‌دا بە دۆڵێکی دیکەدا بەرەو بەرزایی هەڵگەڕاین.

هەر چوارمان بە زەحمەت لاقمان بۆ هەڵدەهاتەوە، هەورازیش هەر دەهات و خۆی لەبەر یەک دەکێشایەوە. سێبەر بەسەر هەموو ناوچەکەدا کشابوو و خۆر هێدی هێدی بەرەو ئاوابوون دەچوو. لەشمان ئارەقی ساردی پێدا دەهاتە خوارێ و لە برسان هەنگاوەکانمان چرکە بۆ چرکە شل و شلتر دەبوون. جار ناجارێک خشەی دەنگی بێسیم و ڕاوێژی هاوڕێیانمان لە هێز لە گەڵ یەکتری وەخۆی دێنامەوە و ئەمنیش چەند شتێکم دەگوت و وام نیشان دەدا کە هیچ رووی نەداوە و ئەوە ورەی پێ‌دەدام کە پێ بەپێی هاوڕێیانم بەگژ هەورازدا بچمەوە.

خۆر بە تەواوی ئاوا ببوو پێدەشتەکان لە تاریکی‌دا نوقم ببوون کە ئێمەش گەیشتینە بەرزایی سەرێ و شوێنێک بە ناوی سێ‌کانیان کە وەختی خۆی جێ‌هەواری مەڕداران بوو و گەلێک ئاوەدان و زۆر ڕێبواری هەورازبڕی شەکەت و ماندوو لە سەر ئەو کانیاوانە لایان داوەو لە هۆبەو هەواری مەڕداران حەساونەتەوە. بەڵام بەداخەوە بۆ ئێمە هەواری خاڵی بوو، بێجگە لە تروسکایی ئاوی کانیاو هیچی دیکەی لێ بەدی نەکرا.

لەسەر یەکەم کانیاو کە دەوری بە بەرد گیرابوو دانیشتین بۆ ئەوەی کەمێک پشوو بدەین لە گەڵ ئەوەی بە هەورازدا وەسەر کەوتبووین و ئارەقی زۆرمان کردبوو و لێوەکانمان ویشک بوون بەڵام لە برسان هەستمان بە تینووەتی نەدەکرد.

هەر چوارمان لە دەروری کانیاوەکە ڕاکشاین و تۆزێک شەکەتیمان لە لەش دەرکرد، دەبوایە بڕۆین، گوتم کوڕینە هەرچۆنێک بێ بزانین شوانێک نابینینەوە نان و چایەکی لەلا بخۆین. خۆ تازە کومیتەی شارستان و هێز ڕۆیشتوون و ئێمەش هەتا بەیانی پێیان ناگەینەوە. لەو قسانەدا بووم یەکێک لە پێشمەرگەکان «حەمەرەسووڵ» گوتی مادام لای شوانێک لادەدەین وەرن با یەکی پاروە نانێک بخۆین. وامزانی حەمەرەسووڵ گاڵتە دەکا و هەر وەک جاران لە کاتی تەنگانەدا بۆ بردنەسەری رووحییەی پێشمەرگەکان قسەی خۆش دەکا.

کاتێک هەرسێکمان رووومان بۆ لای حەمەڕەسووڵ وەرگێڕا دیتمان کوڕە ئەوە بە ڕاستی خەریکە شتێک لە کۆڵەپشتی‌یەکەی دەردێنێ. سەری هەڵبڕی گوتی بۆ وا حەبەساون وەرن نانی ناخۆن؟ بەشێوەیەک وای گوت دەتگوت سفرەی ڕاخستوە و پڵاو و گۆشتی لەسەر داناوە ئێمەش لێی چووینە پێشێ لە نێو نایلۆنێک دا نانێکی دەرهێنا لەگەڵ تۆزێک شیرێژ. گوتم حەمەرەسووڵ ئەوە ئەتۆ بۆ ئەو نانەت پێ‌ماوە و لە کوێت بووە، چۆنە نەتخواردوە. گوتی خاڵە ئەوە چوار ڕۆژە هەڵم‌گرتوە کە ئاخرجار نان و پێخۆرمان دابەش کرد دیتم وەزع خراپە گوتم با ئەو نانە هەڵگرم بۆ ڕۆژی تەنگانە و ئەو چەند ڕۆژە نەم‌خواردوە ئەگەر ئێستاش ئەتۆ نەت‌گوتبایە لای شوانێک لادەدەین ئاشکرام نەدەکرد،چونکە ئێستاش نەگەیشتووینە تەنگانە.

نانەکەی حەمەرەسووڵمان لەنێو خۆماندا دابەش کرد و یەکی بڕێک شیرێژمان تێ‌هەڵسوو، بە ئیشتیا کەوتینە خواردنی. کاتێک لەو سێ هاوڕێ پێشمەرگەم روانی ئەوەندە بە ئارامی و شێنەیی ئەو پارووە نانەیان لە زاری دا دەهێناو دەبرد دەتگوت قەت ئارەزوو ناکەن بەو زووانە ئەو نان‌خواردنە تەواو بێ.

ئەو پارووە نانە هەرچەند زۆر کەم بوو بەڵام لەو کات و ساتەدا وەک ئەوە بوو لە سەر سفرەیەکی ڕەنگین نانمان خواردبێ و هەر ئەوە هێزێکی پێ بەخشیین و خۆمان توندوتۆڵ کردەوە بە نیازی گەیشتنەوە بە هاوڕێیانمان. دەەست خۆشیم لە حەمەرەسووڵ کرد و گوتم ئەتۆ هەر لە مەیدانی شەڕدا پێشمەرگەیەکی بە تەدبیر نی، بەڵکوو کار و کردەوەی دیکەش‌دا پوختی. لە کاتێک دا فیشەکدانی بی کەی سی لە خۆی توند دەکرد گوتی قسەی قەدیمیان ڕاستە تەنگانە بەریان کورتە بەو شەرتە خۆی بۆ ئامادە بکەی و ئومێدت هەبێ.

بەرەو دۆڵی نێوان ئاوایی‌یەکانی برایم خەسار و گەنمان شۆڕ بووینەوە. ڕێگامان گەلێک خێزک و هەڵدێر و سەرەولێژ بوو بەو حاڵەش خۆمان گەیاندە تەختایی دۆڵەکە. لەکاتی داگەڕان‌دا ئاوری شوانێکمان هەڵنابوو کە لەو بەری ڕووبارەکە بوو. کاتێک گەیشتینە تەختایی دۆڵەکە بەرەو شوێنی شوانەکە تازە ئاوری دامرکاندبوو ڕۆیشتین، سەگەڵ هەستیان کردین و بەرەو پیرمان هاتن لەو دۆڵە دا چەق و لووری سەگان دەنگی دەدایەوە، شوانیش پێی وابوو سەگەڵ دەوری حەیوانی شاخیان داوە هەر تییەوەی دەقوولاندن، لە سەرەخۆ بانگی شوانمان کرد وەرە سەگەلمان لێ دەربکە؛ شوان کە گوێی لە دەنگمان بوو هات و سەگەلی دوور خستەوە. دوای پرسینی خەبەر و باس گوتمان نان و چایەک دەخۆین. شوان تەڕدەست ئاوری هەڵکردەوە هەرچەند لە پایگای برایم‌خەسار دەترسا کە نەکا تەقەی لێ بکەن چونکە تازە ئاورەکەی کووژاندبۆوە. گوتمان گوێ مەدەیە، هیچ نابێ.

خەریکی ئەوە بووین کە بەئیشتیا لە دەوری ئاوری شوان و لە بازنەی چیا بەرزەکان و لە ژێر درەوشانی ئاسمانی پڕ ئەستێرەدا نانێک بخۆین لە پڕدا قرمەو ڕێژنەی تفەنگ لە دۆڵەکەدا دەنگی دایەوە و ئارامیی شەوی تێک دا. کەریم هەستا سەر پێ بزانێ ئەو دەنگە لە کام لاوە دێ، تۆزێک دوور کەوتینەوە گەڕایەوە گوتی ئەو تەقەیە لە دۆڵی گەنمان‌ڕا دێ، خوا بکا هاوڕێیانمان تووشی کەمین نەبووبن هەر چوارمان نیگەران بووین. گوتم هەوڵ بدەن پەیوەندیی بێسیمی کۆنترۆڵ بکەن بزانن دەنگی هاوڕێیانی خۆمان دێ. «سەید کەریم» لە جێی خۆی هەستاوکەمێک دوور کەوتەوە و هێندەی پێ نەچوو گەڕایەوە ، گوتی وا باشە بڕۆین. لای کابرای شوان هیچی نەدەگوت سەر و بابۆڵەمان هەڵگرت و لەو کاتەدا حەمەرەسووڵ گوتی بابۆڵەی تەنگانەش هەڵگرن . لەشوانەکە دوور کەوتینەوە «سەید کەریم» گوتی تیمی پێشڕەوی هێز لە سێ ڕێیانی گەنمان - موسێ - برایم‌خەسار لە کەمین کەوتوون و یەکێک لە پێشمەرگەکان لە شوێنی کەمین ماوەتەوە و دەرناچێ.

بە دۆڵەکەدا بەرەو دەراوی گەنمان هەڵکشاین هەتا دەهاتین نزیک دەبووینەوە دەنگی بێسیمی هاوڕێیانمان چاکتر دەبیست. شوێنی کەمینەکەمان بە دروستی پرسی و هاوڕێیانمان لە هێز گوتیان ئێمە بەسەر شوێنی کەمینەکەدا زاڵین و خەریکین دەستەیەک ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی لە کەمینی دوژمن بدەین و ئەو هاوڕێیەمان ڕزگار بکەین. گوتمان دەست ڕاگرن، ئێوە پشتگیریمان بکەن، ئێمە لە پشتەوە را لێیان دەدەین ، چونکو ئێمە دەکەوینە نێوان پایەگای دوژمن لە مووسێ و شوێنی کەمینەکە و ئەفرادی دوژمن بە خەیاڵیان‌دا نایە لەوێڕا لێیان بدرێ.

چوار پێشمەرگەی ماندوو، شەکەت و برسی چەند سەعات پێشتر، ئێستا دەبووایە گیانی هاوسەنگەرێکیان لە مردن ڕزگار بکەن. هێدی هێدی و بە ئەسپایی بە بن ڕەوەز و تاشە بەردەکانی شاخەڕەشی مووسێ دا خۆیان گەیاندە پشتی کەمینەکەی دوژمن. ئێستا کەمینەکەی دوژمن لە ئابلوقەی هێزی پێشمەرگەدا بوو، هاوڕێیانمان لەو بەری بەرزایی‌یەکەی زاڵ بەسەر دۆڵەکەدا دامەزرابوون و ئێمەش لە سەر پشتی کەمینەکە. ئەفرادی کەمینەکەی دوژمن بە خاترجەمی خەریکی جێ‌خۆش‌کردن بوون کە هەتا بەیانی لەوێ لێی بخەون، لەپڕدا کەوتنە بەر هێرشی هەردوولای پێشمەرگەکان و لە چەند چرکەیەک دا کەمینی دوژمن هەڵقەندرا و هێندێک کیسەخەو و کەلوپەلیان لێ بەجێ ما، پێشمەرگەکان خۆیان گەیاندە ئەو هاوڕێ پێشمەرگەیە کە کەمینی دوژمن ئابلۆقەی دابوو، دیسان تۆپباران دەستی پێ کردەوە. بەڵام هەموو کادر و پێشمەرگەکانی کومیتەی مهاباد و هێزی پێشەوا بە سلامەت یەکتریان گرتەوە و بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێ کەوتین و دیسان ڕۆژێکی دیکە و دیکە بە سەرکەوتن....

******

**تێبینی:**

**حەمەرەسووڵ قادرزادە ناسراو بە حەمەرەسووڵ دارەلەکی لە دەروازەی کۆیە لەگەڵ چەندهاوڕێی دیکە بەدەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو.**

**سیدکەریم مستەفازادە لە شەڕێکی قارەمانانە لە دۆڵی شێخانی ناوچەی مەهاباد شەهید بوو.**

سیاسی

# هەڵبژاردنەکانی ئێران و ستراتیژی بزاڤی ڕۆژهەڵات





**تەها رەحیمی**

لە تەمەنی نزیک بە ٤ دەیەی کۆماری ئیسلامیدا، کورد تەنیا لە سەرەتاکانی دامەزرانی ئەو سیستمە بە جیهان نامۆیەدا نەبێ، هیچ کات نەیتوانیوە و دەرفەتی ئەوەی پێ نەدراوە وەک نەتەوە و پێکهاتەیەکی جیاواز و خاوەن گوتارێکی خۆماڵی بەشدار کێبەرکێ سیاسییەکانی ئێران بێ. لە درێژایی تەمەنی ئەو سیستمەدا زۆربەی جاران کورد بە بایکۆت وڵامی رووداو و چالاکییە سیاسییەکانی تارانی داوەتەوە، کە لێکدانەوەیەکی دژبەرانە و ناڕازییانەی هەبووە. بزاڤی کوردی و ڕەوت و لایەنە سیاسییە کوردییەکان کە زۆربەی نزیک بە هەموویان پەڕیوەی ئەودیوی سنوورەکانی رۆژهەڵات بوون، لە دوای ئەو تاکە هەلبژاردنەی کە د. قاسملوو وەک نوێنەری کورد بۆ خوبرەگانی ریبەری هەڵبژێردرا، هیچ چەشنە بەشدارییەکی راستەوخۆیان لە مەیدانی سیاسی وڵاتدا بۆ نەڕەخساوە و، تەنیا بە لێکدانەوە و پاساوی خۆیان لەسەر رووداوە سیاسییەکانی وڵات دواون و بڕیار و هەڵوێستیان نواندوە، یان هەندێک جار وەک هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەم و هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری هەندێک لایەنی سیاسی و یەکێکیش لەوان حیزبی دیموکرات، خەڵکیان هان داوە بەشداری هەڵبژاردنەکان بن، ئەویش بە ئاراستەی دەنگی نا وتن بە حاکمان و بە تایبەتیش پاوانخوازانی چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی و لە ڕێگەی دەنگدان بەو کەس و لایەنانەی دوای ویست و داخوازییەکانی خەڵک کەوتوون و لە درووشمەکانی پێش هەڵبژاردنیاندا بۆنی ئازادیی و کرانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و... هتد بەدی کراوە.

ئەم چەند مانگەی داهاتوو، سیستمی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێران و هەموو ڕەوت و لایەنە سیاسییەکانی ئێران ویدەچێ بکەونە بەردەم دوو هەڵبژاردنی چارەنووسسازەوە، کە ئەگەر هەندێک بە وردبینی و لێکدانەوەی نوێترەوە هەنگاوی بۆ بیینن و بەرنامە و خوێندنەوەی تازەمان لە چوارچێوەیەکی بەدەر لە رووتی سیاسیمان بۆی هەبێ، رەنگە کورد و بزاڤی کوردی بتوانێ شوێن پێی لە چالاکییە سیاسییەکانی ئێراندا بدۆزێتەوە و دەگەڵ رچەشکێنی رەوتە جیاوازەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی، کوردیش رچەیەکی نوێ لە ژیانی سیاسی خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا بشکێنێ.

دوو رەوتی ئووسلگەرا و ئیسلاحتەڵەبان بە هەموو لک و پۆپەکانیانەوە زۆر دەمێکە ململانێیەکی سەخت و چڕوپڕی تەبلیغاتی و مەیدانییان بۆ باڵادەست بوون لەو هەڵبژاردنانەدا دەست پێکردوە و زۆر بە هەستیارییەوە بوار بۆ چالاکی و پێشبردنی ئامانجەکانی خۆیان خۆش دەکەن و لەم سۆنگەیەشەوە لە هەردووک لایەن، شایەدی شەڕەدندووکە و شیرلێک سوانین. ئەگەرچی دەوترێ سیستمی کۆماری ئیسلامی، سیستمێکی قەیرانسازە بۆ هێشتنەوە و درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی و خافڵاندنی خەڵک، بەڵام هەلوێست و کارکردی ئەو چەند ساڵەی لایەنەکان، بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی ٨٨ ەوە، نیشاندەری ئەوەن، کە کەلێن و کێشەکانی نێوان باڵەکانی نێو سیستم زۆر لەوە زیاترە خۆی لە قەیرانسازی رواڵەتیدا ببینیتەوە، هەر بۆیە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتی سیستمی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتیش بزاڤی رزگاریخوازی کورد، هەرچەند یەکمجار نییە دەکەوێتە بەر دەرفەتێک بۆ ئەوەی دەوری خۆی لە ئێران و بەتایبەت رۆژهەڵاتی کوردستان نیشان بدا، بەڵام ئەو جارە کە کێبەرکێی باڵەکانی نێوخۆی سیستمی کۆماری ئیسلامی بەوپەڕی خۆی گەیشتوە و، ناتوانرێ دەنگ و پشتیوانی خەڵک ون بکرێ و لەبەرچاو نەگیرێ، کەواتە باڵەکانی سیستم ناچارن لە هەموو کاتێک زیاتر ئاوڕ لە داخوازیی خەڵک بدەنەوە و بە جۆرێک لەپێناو زیادکردنی دەنگەکانیان لە بەرانبەر باڵەکەی دیکەدا دوای ویست و داخوازیی نەتەوە بێبەشەکانی ئێران بکەون، کە دیارە ئەو نەتەوانەش، یەکێک لەوان کوردیش لە کەسێک دەگرێن دەنگیان بە هەند وەرگرێ و هەندێک لە مەینەت و ئازارەکانیان کەم بکاتەوە و مەڵحەمێک لە سەر زام و برینەکانیان دابنێ.

کۆمەڵگەی کوردستان هەمیشە نیشانی داوە لە بواری هۆشیاری و ئەکتیڤی سیاسی لە بەشەکانی دیکەی ئێران، زیندووترە و بزاڤی رزگاریخوازی کوردی رۆژهەڵاتیش کەمی ئەزموون لە ماوەی چەند دەیەی دوای کۆماری کوردستانەوە لە هەناوی خۆیدا تاقینەکردۆتەوە، کە دیارە پرش و بڵاوی و لێکترازان و نەبوونی گووتارێکی یەکگرتووی لایەنە سیاسییەکان خەسارێکی حاشاهەڵنەگرە. ئەو کۆمەڵگە ئەکتیڤە و بزووتنەوە خاوەن رابردوویە بە سەرنجدان بە رەوشی ناسەقامگیر و ئاوسانی گۆڕانی ناوچەکە، کاتی ئەوەی هاتوە زۆر وردبینانە و هەستیارانە هەنگاوەکانی بۆ قۆناخێکی تازەی خەبات دەست پێ بکەن، ئەویش بە خوێندنەوەی نوێی بوار و دەرفەتەکانی خەبات لە نێوخۆ و نیشادانی سەنگ و قوورسایی خۆیان و ئاراستەبەخشینێکی مەبەستداری سیاسی بۆ شوێندانان لەسەر رەوتی رووداوەکان. هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرێگان و مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، بەتایبەتیش هەلبژاردنەکانی مجلیس دەرفەتێکی گونجاوە بۆ یارمەتیدانی گۆڕینی ئاراستەی سیاسی ئێران و بەگشتی هەروەک چۆن دەمڕاستەکانی هەرتک باڵی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی ئاماژەی پێ دەکەن، هەلبژاردنێکی چارەنووسسازی ئەم سەردەمەی ئێرانە، کە گەلی کورد دەتوانێ بە روانینێکی تازەوە و مامڵەی سیاسی و ریسکی سیاسی، ئەکتەرێکی ئەو رووداوە سیاسییە ببێ. لەم نێوەدا پرسیارێکی زۆر سەرهەڵدەدەن، ئایا کورد لایەنی کام دوو لایەنی نێو دەسەڵات بگرێ، یان دەنگی متمانە بەکام لایەن بدا کە هەتا ئێستاش بڕوایان بە کۆڵەکە و بنەماکانی ویلایەت و کۆماری ئیسلامی هەیە. ئایا کام لایەن جێگەی متمانە و برواپێکردنە، کە لەسەر بەڵێن و ئیمتیازەکانی خۆی بمێنێ، ئایا دەبێ سیاسەتێکی یەکدەست لە هەموو رۆژهەڵات، لەهەمبەر هەڵبژاردنی مەجلیس ڕەچاو کرێ، یان بە گوێرەی ناوچەکانی کوردستان دەکرێ ڕوانینمان بۆ دەنگدان و سیاسەتی هەڵبژاردنیش لێک جیاواز بێ. بۆ وێنە لەو شارانەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران تیکەڵاون، دەکرێ مامڵەی سیاسی دەگەڵ کام بەرەی سیاسی تاران بکرێ و ... بە دەیان پرسیاری دیکە، کە وڵامەکانیان پێویستی بە ژوورێکی لێکۆڵینەوە و ئاماری و ... هتد هەیە.

دەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی کورد نابێ وزە و پوتانسییەلی خۆی بۆ کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان دوو باڵە سەرکییەکەی تاران بە فیڕۆ بدا. هەروەک لە رووداوەکانی ئەو چەند مانگەی ئێرانەوە دەردەکەوێ، بەرەی پاوانخوازیی لایەنگری باندی ویلایەتی فەقیە ڕەوتی توندوتیژیی گرتۆتەبەر و رەنگە لە بەرەبەرەی هەڵبژاردندا زیاتر دەست بکەن بە ڕاوەدوونان و گرتنی لایەنگرانی ئیسلاحتەڵەب و ئەکتەرە دیارەکانیان، کە دەکرێ ئەم رەوتە توندوتیژتر کوردستانیش بگرێتەوە.

بۆیە بزاڤی کوردی کە هەتا ئێستاش نیشانی داوە ئەگەرچی ماوەیەکە بە هۆکاری جۆراوجۆر چالاکییەکی ئەوتۆی فیزیکی لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا نەماوە، هێشتاش توانای ئاراستەبەخشینی سیاسی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی هەیە، ئەم بزاڤە ئەگەر بە گوتارێکی یەکگرتووانە و روون و، لە ڕێگەی دامەزراندنی نێوەندێک بۆ کار لە سەر هەڵبژاردنەکانی ئێران بکا، بەدڵنیاییەوە دەسکەوتی گرنگی بۆ رۆژهەڵات دەبێ. قۆناخی ژیانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، قۆناخی دیاریکردنی سنووری نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییە. واتە ئەو دابەشینە سەقەتانەی پێشتر بە بێ رەچاوی ویستی خەڵک و پێکهاتەی جیاوازی ناوچەکە کرابوو، روو لە هەڵوەشانەوەن، بەدڵنیاییەوە لە ئێرانیش هەڵوێستی ئەو چەند مانگەی رابردووی خەڵکی ئازەری لە بەرانبەر نەتەوەکانی دیکە بەتایبەتیش کورد نیشاندەری دۆخێکن کە لە ناردنی نوێنەری سەر بە نەتەوە جیاوازەکان لەو شار و دەڤەرانەی نەتەوەکان تێکەڵن زیندووتر و بەرچاوتردەردەکەوێ، هەروەها بوونی نوێنەری سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراو لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی خاڵی دەسپێکی یەکلاکردنەوەی ئەتنۆگرافی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانن. بۆیە گرنگە کورد بەبێ رەچاوی هەر بەریانییەکی جیاواز و تەنانەت دژبەیەکیش بێ، دەبێ لەو دەڤەرانەی تێکەڵ بە نەتەوەکانی دیکە، هەموو قوورسایی خۆی بۆ ناردنی نوێنەرێکی کورد وەگەڕ بخا.

دریژەی

# ململانێی پوتین ـ مێدڤێدیڤ، ئەردۆغان ـ داودئۆغڵوو لە زەلکاوی سووریەدا

ڕووسیە، کە بە درێژایی مێژوو قەت لە گەڵ میللەتانی چەوساوە نەبووە و بەردەوام پشتی دەوڵەتە ناخەڵکی و دژی دێموکراتییەکانی گرتوە، بە پشتگرتن و هاوپەیمانیی شیعە لە ناوچەدا تێدەکۆشێ شوورەی پۆڵایین بە دەوری بێزراوترین ڕێژیمەکانی ناوچە وەک ڕێژیمی ئێران و ڕێژیمی بەشار ئەسەد و حکوومەتی لەقی شیعەکەی دا، بکێشێ. ئەو نەخشە قێزەونەی سیستمی پووتین- مەدیەدۆف لە سووریە و ناوچە گرتوویەتیە پێش، شتێک نیە جگە لە مەلەکردنێکی پێچەوانەی خوڕینیی ڕووباری ڕووداوەکان. مۆسکۆ بۆ وەدەستهێنانەوەی ئەو شکست و کەوتنانەی لە دەیەکانی ڕابردوودا بە نسیبی بوون، دەیەوێ بە دەستەوداوێن‌بوونی دەسەڵاتە نامەشرووع و دیکتاتۆرەکان کیسەیەک بۆ بەهێزبوونی سیستم و دەوڵەتەکەی هەڵدووری.

لەو بەینەدا، ئەو وڵاتە ئەگەر بە ڕواڵەت بۆمبارانی گرووپی تێرۆریستیی داعش دەکا، زیاتر لەوە خەڵکی سڤیل و بێ‌تاوان دەکوتێ و بە دەیان و بە سەدان خەڵکی سڤیلی کوشتوە و بریندار کردوە. بۆمبارانی ناوچە و ناوچە تورکمەن‌نشینەکانی سووریە، یەکێک لەو نموونانەیە کە دەوڵەتی تورکیە پێی قەبووڵ ناکرێ! خزم و هاوناو و هاوخوێنەکانی بە فڕۆکەی شەڕکەری ڕووسیە خەڵتانی خوێن بکرێن.

لە لایەکی دیکە، دەوڵەتی تورکیە، سیستمی ئەردۆغان- داودئۆغڵوو، هەر لە سەرەتای شەڕ و ئاڵۆزییەکانی سووریەوە، هەڵوێستێکی دوور لە لۆژیکی سەردەمی گرتۆتە بەر. ئەو وڵاتە، بە ئاشکرا شەڕی هەمەلایەنەی بە دژی دەسکەوتەکانی ئەو بەشەی کوردستان ڕاگەیاندوە، ئەوەندەی پیلانی بە دژی کوردی ڕۆژئاوا گێڕاوە و پشتی نەیارەکانیی گرتوە قەت ئەوەندە دژی حکوومەتی بەشار ئەسەد هەڵوێستی دەکاردا نەبووە. ئەو وڵاتە سەرەڕای هوشداری هاوپەیمانان هێشتا ئامادە نیە دەست لە ئاوەڵا هێشتنەوەی سنوورەکانی بۆ بەرژەوندی و تەراتێنی گرووپی داعش بۆ نێو وڵاتەکەی هەڵگرێ. خۆ ئەگەر بێینە سەر پاراستنی ڕێز و سەروەریی سنوور و نەبەزاندنی سنووری هەوایی و خاکیی وڵاتان، لە پێش‌دا دەبێ لە تورکیە بپرسین، بە کام پێ‌ودان سنووری خاکی و ئاسمانیی کوردستانی باشوور دەبەزێنێ و تەنانەت دەست لە ژن و منداڵ و ئاژەڵەکانیش ناپارێزی؟.



قەیرانی سووریە کە ڕووسیە، تورکیە، ئێران و دەستوپێوەندەکانیان پێکیان هێناوە، بۆتە زەلکاوێک بۆیان، یان تێیدا نوقم دەبن یان ئەگەر هەولیش بدەن خۆی لێ قوتار بکەن دەبێ بە دانی باجێکی قورس خۆی لێ دەرکێشن. زەلکاوی سووریە بە جۆرێک ئەو چەند وڵاتەی بۆ خۆی کێشاوە ڕەنگە ڕێی گەڕانەوەی لێ ئاستەم کردبن.

سەرچاوەکان؛

١.mfa.gov.tr

*هەمان سەرچاوە

٢.sabah.com.tr

٣.aljeera.com.tr

ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٧٠

٢ی بەفرانباری ١٣٩٤

٢٣ی دیسامبری ٢٠١٥

# ئەدەبی بەرگریی و چەند سەرنجێک لەم بارەوە



**عەلی لەیلاخ**

ئەدەبی بەرەنگاری وەکوو مێژوو رەنگە هاوشانی مێژووی ئەدەبی بێ چونکە لە مێژە ئینسان بۆ داکۆکی کردن لە مافە سرۆشتی ورەواکانی خوی هەڵویستی هەبووە،ئازادی ویستی ویەکسانیخوازی وهەوڵدان بۆ دەرکردن و بەربەرەکانی لە گەڵ داگیرکەران و بە دەستهێنانی قەلەمرە و کیانی سەربەخۆ کە کۆی ئەمانە بووتە هەوینی هاتنە ئارای هونەروئەدەبی بەرگری گیرێداروە بە مێژوویەکی دووررودرێژەوە.

بەڵام چەمکی «ئەدەبی بەرگری» وەکوو دەستەواژە چەمکێکی نوێیەو یەکەمجار نووسەروشۆرشگێری هاوچەرخی فەلەستینی بەناوی (غسان کنفانی١٩٧٢/١٩٣٦)ناوی کۆمەڵیک لە شیعری شاعیرانی بە شیعری «مقاومە«ناوزەد کرد وکە هەڵگری هێندێک تایبەتمەندین و لە ئەمرۆکەی هونەروئەدەبیاتدا وەکوو ژانرێکی ئەدەبی نازناوێکی جیهانی هەیە.

خاڵی هاوبەشی ئەم چەشنە ئەدەبیاتە لە نێوهەموو گەلانی جیهان باس کردن لە «شەروبەرخۆدانەکانە بەرانبەر بە هێرشبەران وداگیرکەران،نواندنی خۆشەویستی وئینسان تەوەری و وروژاندنەوەی هەستی ناسیونالیزمی و خرۆشێکی دەروونییە بۆهەژاندن وئاگادارکردنەوەی خەڵکە بۆ بەرەنگاری وباس کردن لە هێما نەتەوەییەکان .

راستە ئەدەبی بەرگری زۆرجار لە خەم ومەینەت کۆمەڵگە دەدوێ بەڵام ئەدەبیاتێکی پووچ ونیهلیسم گرایانە نیە،بەڵکوو هەمووکات باس لە ئومێدەواری وبڕوابەخۆکردن وهیوابەخشی داهاتوویەکی گەشە.

ئەمیش بەومانا نیە کە خوێنەرو بەردەنگەکان تووشی خۆ بەزل زانی وبیری سەرەرۆیانە بکات. هەر بەو چەشنە هیچکات بانگەشە بۆ شەرناکات وخوازیاری ئاشتی وتەباییە بەڵام چەک وشمشێری بەرگری ودیفاع کردن لە کەرامەت وکیان بە رەوا دەزانێت وبێ نرخی ناکات.

دانەری ئەدەبی بەرگری هاندەری خەڵک و کۆمەڵگایە بۆ ئاوردانەوەیەک لە مێژوو،تێڕوانینی مەنتقی لە ئێستاو هەوڵدان بۆ دابین کردنی داهاتوویەکی پرشنگدار،بە زمانی سادەتر نوقرچک گرتنێکی خەمخۆرانەیە لە ئەمرۆکە بۆ ئەوەی لە ئازارەکانی دوارۆژ کەم ببێتەوە.

داهێنەری هونەروئەدەبی بەرگری بە گژ زڵم وستەمی چینایەتی ونەتەوایەتی دەچێ. وەک دەزانین لە سەدەی ١٩ لە رۆژئاوا بە پێی هەلومەرجی ئەوکاتی فەرانسە ڤیکتۆر هۆگۆ کتێبی «هەژارەکان»دەنووسی کە باس لە ستەم وزڵم ئەوسەردەمی فەرانسە دەکات.

دوای کۆتایی هاتنی شەردووهەمی جیهانی وسەرهەڵدانی شۆرشە نەتەوایەتی وچینایەتییەکان لە جیهان بۆ بە هۆکاری گەشەی ئەم ژانرە ئەدەبییە ئێستاشی لەگەڵ بێ پرخوێنەرترین ئەدەبیاتە لە جیهان چونکە بە هۆی ئەوەی کە لە خەم وخوزگەی ئینسانییەوە دەدوێ لە رێگەی وەرگێرانیشەوە هەرهەمان تام وچێژی خۆی هەیە.بۆیە کاتێک بەرهەمیکی بیانی دەکرێت بە کوردی پێشوازی باشی لێدەکرێ. ئەم دەرفەتەش بۆ ئەدەبی بەرگریی کوردی هەیە.

گەران بەدوای مێژووی ئەدەبی بەرگری لە ئەدەبی کۆنی کوردی کارێکی دژوارەو لە توانای ئەم بابەتە نیە ،هەربۆیە دەتوانین لە سەردەمی هاتنە ئارای ناسیونالیزم لە نێو تاک وکۆمەڵگەی کوردەواری پێیگەوجێگەی ئەم چەشنە ئەدەبیاتە بدۆزینەوە.چونکە لەبنەرەتدا ناسیونالیزمی کوردی لەسەردەستی قەڵەم بەدەستانی دەروەست وهەڵسوور وەکوو ئەحمەدی خانی وحاجی قادرو.. تیۆریزە کراو، بەرەبەرە هاتە نێوناخی کۆمەڵگەوە

هەبوونی هەلومەرجی بەرەنگاری وشۆرشگێرانە وەکوو هەموو رووداوەکانی دیکە کاریگەریی دادەنێ لەسەر ڕەوتی ئەدەب وهونەر.لە ڕەخنەی ئەدەبی بە لە بەرچاوگرتنی ساڵی ئافراندنی بەرهەمێک دەتوانین تا ڕادەیەک پەی بەهەلومەرجی ئەوسەردەمە ببەین.بۆیە سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان لەساڵی ١٣٢٤هەتاوی کاریگەریەکی بەرچاوودیاری هەبوە بەسەر ئەدەب وشیعری بەرگریی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ،کە بەرەوپارچەکانی دیکەش پەلی هاوێشت.

هەربۆیە لە ئەدەبی بەرگریی کوردی مامۆستا «هێمن»ناو و قەڵەمیکی ناسراوە کە هەڵقولاوی دۆخی سیاسی وکۆمەلایەتی سەردەمی کۆماری کوردستانەوە بە بیرێکی کوردانە وناسیونالیزمێکی مودێرن گۆش کرابوو.نووسەر وخاوەن بەرهەمی ئەدەبی بەرگری دەبێ بە بیرێکی ئاوەڵاو تێروانینێکی جیهانی قەڵەمی بسووڕێ ،بەڵام نوێنگە و ڕوونگەی خەڵکی خۆی بێ.

«ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژێ
کەی گەلی داماوومات ودیل ومسکینم دەوێ»
مامۆستا هێمن

ئینسان میحوەری،سۆزومیهرەبانی گشتگیروئاواتخواستن بۆ جیهانێکی گەش وپڕ لە ئۆغژنی و لە سەرەوەی ئەماندا دەروەست بوون بەکۆمەڵگەوداکۆکیکردن لە ئازادی ومافەرەواکان ئەرکی سەرشانی نووسەر ئەدەبی بەرگرییە،بەتایبەت ئەونووسەرانی کە خاوەنی گەلێکی بن دەستن. تایبەتمەندییە پێویست وهەربەرچاوەی ئەدەبی بەرگری لە بەشیکی زۆر لە شاعیران ونووسەورانی کورد بە هۆی هەلۆمەرجی نەخوازاوی سیاسی رەنگی داوەتەوە.بەڵام تا ئێستا کورد نەیتوانیوە لە سۆنگە ئەدەبی بەرگری بەتەواوی شوناسخوازنە خۆی بە دنیای دەرەوە بە تایبەت بەرانبەر بە نەیارانی بناسێنێ ، رەنگە بەشێکی ئەم خەسارە بگەرێتەوە بۆ کەمی وەرگێری کورد کە بتوانێ دەنگ وقەڵەمی ئەدەبی بەرەنگاری بە زمان وفەرهەنگەکانی دیکە بناسێنێ.لەلایەکتر لە بەشیک لە بەرهەمە کوردییەکان دروشم گەڵێکی پۆپۆلیستی زیاتر دەبیندرێت هەتا شیعری ودەقی بەرگری.

ئەگەر «نازیم حیکمەتی تورک وپاپلۆنرۆدا»ی شیلیایی ولۆرکای ئیسپانیا هەرکام بەجۆرێک دەنگ وقەڵەمی گەلی خۆیانن کە نازناوی جیهانیان هەیە. «شێرکۆبێکەس»ی کوردیش ئەم بێ کەسییەی کوردی شکاندوتوانی لەرێگەی قەڵەمەکەیەوە دەنگی مافخوازنەو ئاشتیخوازی کورد بە گوێ جیهان بگەینێت.

لە رۆژهەلاتی کوردستان کە وەک ئاماژەمان پێدا لە دوای بزاڤی میللی / دیموکراتیکی دەوڵەتی کۆماری کوردستان وکاریگەرییە ئەرینی وپۆزتیڤەکانی بەسەر ئەدەب وهونەر وەکوو چیرۆک وشانۆوشیعری بەرەنگاری ودرێژەی ئەم کاریگەرییە دەگات هەتا ساڵانی دیکەش.

ئێمە لەسەروبەندی شۆرشی گەلانی ئێران بەدژی نیزامی پاشایەتی وهەڵایسانی شەرێکی داسپاوبەسەرگەلی کورد لەم بەشە لە کوردستان. لەوسەروبەندە لە درێژەی رێچکەی شێعری و ئەدەبی نیشتمان پەروەری شاهیدی ئافراندنی بەرهەمێک وەکوو «ملوانکەی شین»ی مامۆستا «شەریف حسێن پەناهی»ن لە سنە.ئەم بەرهەمە کە ساڵێک دوای بەسەرکارهاتنی کۆماری ئیسلامی لە چاپ داروە واتە ساڵی ١٣٥٩ هەر زوو لە نێوان دڵی خەڵکی چەوساوە جێگای خۆی کردوەو شوێندانەری خۆی هەبوو.چ لە تێکستی گورانیبێژانی شۆرشگێر وچ لەنێو لاوان وهەڵسوورانی نیشتمان ویست.

بێ گومان دەبێ کەشوهەوایەکی شۆرشگێرانە هەبێ هەتا ئەدەبی شۆرشگێرانە گەشە بکات.هەربۆیە لە درێژەی ئەم رەوت وبزاڤە نەتەوەییە لە رۆژهەڵات ئەدەبی بەرگریی چ لە قەڵەمی ئەودەستە لەنووسەران کە بە نەخوازراویی نیشتمانیان بەجێهێشت وبوون بەتاراوگە نشین ،چ لە بەرهەم وئاسەواری بەشێک لەوکەسانەی هەر لەناوخۆمانەوە بەجوانی دەبیندرێت.

(ماڵ ،زیندانی تاکەکەسی!
نیشتمان ،زیندانی گشتی...
ئەتۆ کامیان هەڵدەبژێری)
«مارف ئاغایی»

ئەمە دەنگی یەخسیرکراوی شاعێریکە کە نێشتمانی بەجێ نەهێشت بەڵام باس لە غووربەتێکی نامۆ لە نێو ماڵ وزێدی خۆی دەکات.کوردستان بەگشتی وبەتایبەتی رۆژهەڵات بەهۆی مەینەتی بن دەستی وداگیرکەری لە بەشێک لە ئەدەبی بەرگری کە پێ دەگووترێ(ادبی حبسیە)یان بەندیخانەیی دەنگ ودەقی بەرچاوی هەیە

چ ئەوکات کە مامۆستا قانع لە سەردەمی ئیستبدای پالەوی لە زیندانی «قصر»ی تاران دەبێژێ:

ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەڵەبچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە...
بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێی
حەلقە حەلقەی پێوەنم بۆ پڵپڵەو لەرزانەیە..

چ قەڵەمی جەلالی مەلەکشا کە بەسەردیواری رەشی گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی دەنووسێ:

تاونەتاوێک،
چاودێرەکەم دەلاقەکەم دەکاتەوە
ئەو تاریکیی دەبینێت و
من رووناکی...

بە چاوخشاندنێک بەسەر کاریگەریی ئەدەبی بەرگری لەنێو کۆروکۆمەلانی خەڵک بەتایبەتی لە کوردستان بەم دەرئەنجامە دەگەین کە ئەگەر قەڵەم بەدەستان ونووسەران خامە وخەیاڵیان وەگەربخەن بۆ هەژاندنی کۆمەڵگەو نواندنی دەنگی مافخوازنەی کورد بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان ،بێ گومان دەتوانن کاریگەرییەکی ئێگجار باش وبە مانایان هەبێ. هەرو بەوچەشنە کە نووسەران و قەڵەم بەدەستانی پێشوو هەیان بووە.

ژێدەر:ماڵپەری «کتابخانەی تخصصی ادبیات» زەوی سەخت وئاسمان دوور/مارف ئاغایی



دریژەی

## نامەیەک بۆ شەهید دوکتۆر قاسملوو

سەیرە لە چاخی ئاوابوونی چەمکی کاریزمایی، ئێمە هەرهەمووومان ڕوو لە چیا هاوار دەکەین:

**هۆ شۆڕەسوارەکەی دێیی خواریێ!**

ئەمن دەڵێم جگە لە تۆ و هزری تۆ کەس شک نابەین وەک ڕێنشاندەر، بۆیە بەخۆم دەڵێم دەبێ بخوێنینەوە و بخوێنینەوە. دەبێ ئاستی پەروەردە و زانستمان بچێتە سەر. خوێندنەوەی سەرلەنوێی جەنابت ئەرکی هەمووومانە، ڕاست دەکەن قاسملوو قوتابخانەیە، بەڵام خۆزگە ئەوەشیان درکاندبا چەندە لەم قوتابخانەیە فێر بوون؟!

هەرچەند دۆخەکەمان لەچاو باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا بە گشتی باش نیە، بەڵام ئەتۆ کارێکی وات کردوە کە هەست بە بوون بکەین و هیوادار بین بە دوارۆژ و یەکبوون و یەکگرتن. چون بەبێگومان بوونمان بە ناوی تۆوە گرێ دراوە. لە شەوی لە دایکبوونت واتە یەکی بەفرانبارڕا تا ڕۆژی شەهیدبوونت، بازنەیەک ساز بووە کە تێیدا دێین و دەچین، واتە چ شەوی لە دایکبوون و چ ڕۆژی شەهیدبوونت بیانوویەکن بۆ زیندووبوونمان.

**گەورەم!**

ئەتۆ وەها تێکەڵ بە گۆشت و خوێن و ئێسکی ئەم نەتەوەیە بووی کە ئەم وەچەیەی ئێستا پاش شەهیدبوونت سوێندی هەرەگەورەیان «بە قەبری دوکتۆر قاسملوو»یە. بۆیە گەشبینم بە داهاتووی خۆمان هەرچەند:

کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد
سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی ناکا

لە کورتی دەبڕمەوە. مەزن سەرکردەم، لەبری ماڵاوایی سڵاو و هەزاران سڵاو... ئەم نەتەوەیە فێری ماڵاوایی لە تۆ و لە ڕێبازت نەبووە و نابێ هەرگیز!

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO670: 23 Dec 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# نامەیەک بۆ شەهید دوکتۆر قاسملوو

لەو ڕۆژەوە دوور کەوتوە سایەت لە سەری من
سووتاوە لەتاوت هەموو گیان و جگەری من



ناسر باباخانی

**مەزن سەرکردەم سڵاو!**

دەزانی بۆچی بەم دوو دێڕە شێعرەی وەفایی دەستم پێکرد؟ چون لە ڕاستیدا هیچ ڕستەیەک وەک ئەم بەیتە گوزارە لە دەروونی شڵەژاوم ناکا، ئەم بەیتە گوزارە لە دۆخی هەموو تاکێکی کوردی وەفادار بە ڕێبازت دەکا کە لە پاش کۆچی ناوادەت پەشێو گوتەنی «وەک چنگێک دانەوێڵەی فڕێدراوی ئاشی مێژوو لێرولەوێ پەراکەندە و سەرگەردان بوون.»

خۆ ئێمە هەر هەموومان خۆ بە میراتگری خوێن و قەڵەمت دەزانین، کەچی نە حورمەتی خوێنت پارێزرا و نە ڕێزی قەڵەمت گیرا! خۆ هەرچی بیڵێم تفی سەربەرەژوورە، بەڵام لە لای تۆ کولی دڵ هەڵنەڕێژم ئەدی سکاڵا بۆ کێ بەرم؟

زۆر کەس لە سەر ژیان و ئەندیشەی تۆیان نووسی، بە سەدان کتێب، وتار، شێعر، کۆنفرانس، بەڵگەفیلم، وتووێژ و... بڵاوکرانەوە بۆ ئەوەی چاکترت بناسین، دەستی هەموو لایەک خۆش بێ، بەڵام منی قەڵەمکول و دەستکورت چ بنووسم و باسی چی بکەم؟ بۆیە شاعیر گوتەنی: «مێروولە نەچێ چاکە بە گژ قوللەیی قافا!»

ئیزن بفەرموو لەم شەوەدا، شەوی یەلدا، شەوی لەدایکبوونت، چەند ڕستەیەک بۆ دڵی خۆم بنووسم:

ئەمن وەک تارمایی‌یەک تۆم لەبیرە... وەک شتێکی دوورەدەست، وەک تاسەی دایکێکی دوورخراو لە جگەرگۆشەکەی، وەک تامەزرۆیی پاڵەیەکی ماندوو بۆ قاپێک دۆی ترش و ساردی بەقەزوان، وەک حەزی منداڵێکی هەژاری پێخواس بۆ بەستەنی دەستی کیژۆڵەیەکی پۆشتە، وەک حەسرەتی پێشمەرگەیەکی کونجی بەندیخانە بۆ ئازادی و سەربەستی...

منداڵ بووم، پێموایە ساڵی ١٣٥٨ بوو. ڕۆژێکیان لە گەڕەکی سەربەرداشی مەهاباد بەرەو مەیدانی چوارچرا بووینەوە، بابم دەستی گرتبووم. ئەتۆ قسەت دەکرد، دوور بە دوور وەک تارمایی‌یەک دیتمی، تەمەن بەشی ئەوەی نەکرد لە وتەکانت تێبگەم... ئیتر لە پاش ئەم میتینگە لە هەر کوێ ناوت هاتبا یان قسەت کردبا قوت دەبوومەوە، ئێستاش پاشی نیزیک بە چوار دەیە لە هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانی تاکەکەسی و کاریمدا لە پەنای خۆم هەست بە بوونت دەکەم...

خوێندکار بووم، لە زانکۆی مازەندەران لە بابولسەر، لە باکووری ئێران، پووشپەڕی ١٣٦٨ بوو، بەرەبەرە بەرەو کۆتایی تاقیکردنەوەکانی زانکۆ دەچووین... هاوڕێیەکی بانەیی لەپڕ لێمان وە ژوور کەوت، شڵەژابوو، گوتی؛ بیستووتانە دوکتۆر قاسملوو وەبەر دەسرێژ کەوتوە و بریندار بووە...؟ گەنج بووم، زۆر لە دنیا حاڵی نەبووم بەڵام بڕوام پێ‌بکە ئاسمان هەرەسی بەسەرەمدا هێنا... شتێکی سەیرت عەرز بکەم، لەو شوێنە دوورەی ئێمە لێمان دەخوێند ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران زمانحاڵی ئەو حیزبەی جەنابت سەرکردایەتیت دەکرد، زۆر باش ئانتێنی هەبوو، ئەوەم بۆیە عەرز کردی بزانی بەداخەوە دۆخی ئێستای ڕاگەیاندنمان وەک هەموو شتەکانی دیکە گەلێک خراپە! هەر لەوێش لە زمان کاک ئەحمەد شێربەگی‌یەوە گوێمان لێ‌بوو کە تۆ بۆ هەمیشە نەتەوەکەتت بە سەغیری جێ‌هێشت!

تاقیکردنەوەکان تەواو بوون، لە بابولسەر بۆ تاران و لەوێش‌ڕا ڕۆیشتمەوە بۆ مەهاباد. ئۆتوبۆووسەکانی مەهاباد بەیانی‌یان زۆر زوو دەگەیشتنەوە، وڵات هەر تاریک بوو، شەقامەکانیش چۆلوهۆل. لە هەورازەکەی تەپەی قازی وەسەرکەوتم. لە دەرگام دا. لەو دیوی دەرکەکە بە دەنگی هەناسە و نیخەنیخی سینگی ناسیمەوە. دایکم بوو، ئاخر نەخۆش بوو، ئاسمی هەبوو، پشووی زوو سوار دەبوو (خودا لە مردووی هەموو لایەکمان خۆش بێ)، دەرگای بەڕوودا کردمەوە و لە ئامێزی گرتم و گوتم: دایە دوکتۆر... بەدەم هەنیسکانەوە گوتی دەزانم ڕۆڵە...

**گەورەم!**

ئەمن پێموایە جەنابت بەرلەوەی سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکی سیاسی بی، ڕووناکبیرێکی بە تەواو مانا بووی! چون بە باوەڕی من دوو تایبەتمەندیی سەرەکی واتە: «داهێنان» و «شوێندانەری» لە ژیان و سیاسەتەکانی جەنابت‌دا بەئاشکرایی بەدی‌دەکرێن. ڕێک ئەم دوو خاڵەی ئێستا لە مەیدانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردستان‌دا نادیترێن. خۆ دەمێک ساڵە بەناو ڕووناکبیرەکانمان تەنیا پۆزی ڕووناکبیری لێ‌دەدەن و نازانن «داهێنان» بەری چ دارێکە و لە قوللەی قافی گۆشەگیریڕا نوسخە بۆ شاخ و شار دەپێچنەوە بێ‌ئەوەی خۆیان لەنێو جەرگەی ڕووداوەکان‌دا ئامادە بن، کەچی ئەتۆ نەک لەنێو جەرگەی ڕووداودا بەڵکوو خودی ڕووداو بووی. ئەتۆ هەم داهێنەر بووی هەم شوێندانەر!

زۆر دژوارە باسکردن لە هەموو ڕەهەندکانی ژیانی تۆ، دەرفەتی دەوێ، دەرفەتێک بەقەرا تەمەنی نەتەوەیەکی فەرامۆشکار. دەزانی، بەردەوام سەرسامم دەکەی. سەرسامم بەو پێشەکی‌یەی بۆ «تاریک و ڕوون»ی مامۆستا هێمنت نووسیبوو، شارەزایی سیاستمەدارێک لە ڕەخنەی ئەدەبی تا ئەم ئاستە؟! سەرسامم کاتێ بەم هەموو زمانە لێدوانت دەدا بۆ ڕاگەیاندنە نێوخۆیی و بیانی‌یەکان! هەستم بە شانازی دەکرد کە ئەتۆ سەرکردەمی. سەرسامم ئێستاش کە دەبینم لە سەردەمی تۆدا پرسی کورد لە ئێران ببوو بە ڕۆژەڤی میدیاکانی دنیا، سەرسامم بە پەیوەندی‌یە دیپلۆماسی‌یەکانت لەگەڵ کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی جیهان و... ڕاستی ئێمە ناوی ساڵانی سەرکردایەتیی جەنابتمان ناوە: قۆناغی قاسملوو.

درێژە ل١١

## بەخشینی بڕوانامە بە دەرچووانی فێرگەی زمانی کوردیی سۆما



فێرخوازان و بەشداربووانی ئەم خولەی فێربوونی زمانی کوردی دابەش‌کرا.

لە گوندی ئاڵۆتی بانە ڕێورەسمێک بۆ بەخشینی بڕوانامەی کۆتایی دەورەی زمانی کوردی لەلایەن فێرگەی زمانی کوردیی سۆما بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە هەینی شەو، ٢٧ی سەرماوەزو بە بەشداریی شاعیران‌و ئەدیبان‌و جەماوری شاری بانە، بۆکان، سەردەشت‌و سەقزو خەڵکی گوندی ئاڵۆت بەڕێوەچوو، بە دەسپێشخەریی ئەنجومەنی ئەدەبیی هاژەو فێرگەی زمانی کوردیی سۆما شەوە شێعرێک ڕێکخراو و بڕوانامەی کۆتایی خولی فێرکاری زمانی کوردیی سۆما پێشکێش بە بەشداربووانی ئەو خولەکرا.

لەو ڕێورەسمە دا بە دوای پێشکێش کردنی چەند بابەت و وتار و شێعر لە لایەن میوانان و ماموستاکان و فێرخوازانی ئەم فێرگەیە، بڕوانامە و خەڵات بەسەر

## گواستنەوەی سەرچاوەی « کانی‌بڵ » فڕوفیشاڵە



بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مەدەنیی « هیلو » دەڵێ گواستنەوەی سەرچاوەی کانیی «کانی‌بڵ» جیا لە فڕوفیشال هیچی دیکە نییەو ئەو کانی‌یە لە چەند ساڵی داهاتوودا بەتەواوی لەنێو دەچێ.

سەعید سولەیمانی وێڕای ڕەخنەی توندی لە ئاوگیریی بەنداوی داریان، گوتی ئەوەی کە کاربەدەستان دەڵێن ڕێڕەوی « کانی‌بڵ »یان گۆڕیوە تەنیا درۆو فڕوفیشاڵێکی ئیداری‌یە.

ئەو گوتی بەپێی توێژینەوە زانستی‌یەکانی ئەو پێکهاتەی بەردەئاهەکی‌یەی کانی‌بڵ لێی دێتە دەرێ جۆرێکە کە دوای چەند ساڵ بە ئەگەری زۆر کانی‌یەکە دیسانەکەش بێتەوە سەر ڕێچکەی پێشوو.

ئەو چالاکە ژینگەپارێزە بە ئاماژە بەو بۆچوونە کارناسی‌یانەی لەو بارەیەوە باس دەکرێن، گوتی: ئاوی کانی‌بڵ یان دێتەوە سەر زارکی پێشووی کە ١٢٠ میتر کەوتۆتە بن ئاو، یان لە شوێنێکی دیکە سەر وەدەر دێنێ کە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا هەر تێدا دەچێ.

سەعید سولەیمانی دەڵێ ئەو ڕووداوە لە ماوەی ٤ تا ٥ ساڵی داهاتوودا ڕوو دەدا.

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی مەدەنیی « هیلو » دەڵێ پرسی گواستنەوەی زارکی « کانی‌بڵ» تەنیا فێڵێکە دەیانەوێ لە خەڵکی بکەن، جیا لەوەش کە قازانجی کانی‌بڵ لە ئێستادا بۆ خەڵک زیاتر لە لێدانی بەنداوی داریانە.

«کانی‌بڵ» کانییەکی سروشتی لە نزیکیی گوندی هەجیجەو لە کێوەکانی شاهۆوە سەرچاوە دەگرێ. کانی‌بڵ لە چرکەیەکدا سێ تا چوار هەزار لیتر ئاوی هەیەو دەتوانێ ئاوی خواردنەوەی دوو میلیون کەس دابین بکا.

ئەو کانییە بەنرخە بەهۆی هەڵبەستنی بەنداوی داریان دەخرێتە ژێر ئاو و نوقم دەبێ.

## پیشاندرانی شانۆی «چیرۆکی شارەکەم» لە شاری بانە



شانۆی «چیرۆکی شارەکەم»، بەرهەمێکی گرووپی شانۆی ئاناهیتای شاری سەقز، لە هۆڵی شانۆی شاری بانە پیشان درا.

دوای پێشوازی زۆری خەڵک لە تەنزی کۆمەڵایەتی شانۆی «چیرۆکی شارەکەم» لە سەقز، ئەنجومەنی شانۆی بانە بانگهێشتی گرووپی شانۆی ئاناهیتای کردوە کە ئەم بەرهەمەیان لە شاری بانەش پیشان بدەن.

شانۆی «چیرۆکی شارەکەم» لە دەرهێنانی عەلیڕەزا ئیسماعیلی لە چوارچێوەی تەنزێکی ڕەشە کە باس لە کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەمڕۆی سەقزو کوردستان دەکا.

## هونەرمەند عەبدوڵلا ماچکەیی کۆچی دوایی کرد

عبدالله قوربانی، ناسراو بە عەبە ماچکەیی، هونەرمەندی نەتەوەیی کورد لە شاری سنە، ئێوارەی ڕۆژی ٢٨ی سەرماوەز بە هۆی پیری و نەخۆشی، کۆچی دوایی کرد.

عەبدوڵا قوربانی لە دایکبووی ساڵی ١٣٢٠، لە شاری قەسری شیرن بوو. ئەو لە تەمەنی ١٢ ساڵی‌دا پەڕیوەی گوندی ماچکەی سەر بە شاری سنە بوو. وەک دەنگخۆشێک لە مەجلیس‌و دیوەخانان دەرکەوت‌و ناسناوی عەبە ماچکەیی پێ‌بڕا.

عەبدوڵلا ماچکەیی لە ریزی ئەو هونەرمەندە نەتەوەییانە بوو کە وەک پردێک لە نێوان مێژوو و سەردەم دا، ڕۆڵی گرینگیان لە نەفەوتان‌و گواستنەوەی گۆرانی‌و هونەری کورددا گێڕا.

## لاوێکی کرماشانی خەڵاتی فیلمی کوردی لە لەندەن بردەوە



کورتە فیلمێکی کوردی لە ژێر ناونیشانی «ئێستاش مرۆڤ»، لە دەرهێنەری کورد ئیرج محەممەدیی لە نۆیەمین دەورەی فێستیڤاڵی لەندەن، خەڵاتی تایبەتی داوەرانی پێدرا.

ئەم ئەنیمێیشنە ٥ خولەکییە هاوکات خەڵاتی پێنجەمین کێبڕکێی کورتە فیلمی یادکردنەوەی «یەڵمازگۆنای»یشی وەدەست هێناوە.

نۆیەمین دەورەی کورتە فیلمی کوردیی لەندەن و پێنجەمین دەورەی کێبڕکێی کورتە فیلمی یادکردنەوەی «یەڵمازگۆنای» بە پیشاندانی ٩ فیلمی سینەمایی، ١١ فیلمی دێکۆمێنتاری و ١١ کورتە فیلمی داستانی، ئەنیمێیشن‌و ئەزموون لە بەشی کێبڕکێی سەرەکی‌و هەروەها لە دەرەوەی بەشی کێبڕکێی دەرهێنەرانی سینەمای ئێران‌و وڵاتانی دیکەی جیهان، لە شاری لەندەنی پێتەختی وڵاتی بریتانیا بەڕێوەچوو.